دیوانی

بەختیار زێوەر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

دیوانی

بەختیار زێوەر

مەحموود زێوەر

کۆی کردووەتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

ناوی کتێب: دیوانی بەختیار زێوەر
ئامادەکردنی: مەحموود زێوەر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٥٥
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: مریەم موتەقیبیان
چاپی سێیەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٥٨٧ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

بەختیار زێوەر

چەند وتەیەک

دیوانی بەختیار زێوەر دەبوایە بەر لە ئێستە و زووتر دەست خوێندەواران بکەوتایە و لەبەر چەند هۆیەک دواکەوت، بۆ ئەمەش داوای لێبووردن لە خوێنەری بەڕێز دەکەین.

دیوانە دەستنووسەکەی خۆی کە بەخەتی خۆی ئامادەی کردبوو و ڕێکی خستبوو. لەسەر داوای بەڕێز مامۆستا ئەحمەد هەردیی شاعیر کەوتە لای ئەو، بۆ دیراسەت کردنی جۆرە ئەوزانێکی شیعری کە تا ئەو سەردەمە هیچ یەکێک لە شاعیرانی بەر لە بەختیار زێوەر بەو جۆرە شیعریان دانەنابوو، تەنیا ئەم نەبێ بۆ بەڵگە و نووسین لەسەری دیوانە دەستنووسەکەی لا مایەوە: مامۆستا هەردی بەسەریدا چووە دەرێ، دیوانەکە کەس نەیزانی کوێ کەوت، بەڵام من کاتی خۆی نوسخەیەکم لەبەر ئەو دیوانە دەستنووسەی خۆی نووسیبووەوە لای خۆم پارێزگاریم کردبوو کە ئەمەیە وا لەبەر دەستاندا، کاتێک گەڕایەوە و داوای دەستنووسەکەم لێ کرد وتی بەیەکێکدا بۆم ناردوویتەوە، بەڵام نایەتە خەیاڵم کە کێ بێ، بەهەرحاڵ دیوانە دەستنووسەکەی بەختیار زێوەر لەم هاتوچۆیەدا فەوتا، ئیتر نازانم کێ دەستی پیاگرتووە و لای خۆی شاردوویەتییەوە. چەند جوان دەبوو ئێستە بۆ بەڵگە و نموونە چەند دەستخەتێکی خۆیمان بکردایە بەدیاری، هەر کەسێ ئەو دەستنووسە بکاتە سەرچاوە و نەیگێڕێتەوە، بۆ ئێمە بەرپرسیارە لە بەرامبەر دادگادا.

لەسەر بەختیار زێوەر زۆر کەم نووسراوە، چ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا چ بەڵێدوان لەسەری. جگە لەو دیراسەتەی کە پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ نووسیویێتی و دووجار بڵاوی کردووەتەوە، جارێک لە گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا ژمارە ٢٢ ساڵی ١٩٧٨ چاپخانەی (دار الجاحظ) لاپەڕە ٣٧ بە ٦٨ لاپەڕە و جارێکی تریش لە کتێبی (شیعری کوردی، بەرهەمی شاعیران) بەشی یەکەم (فەقێ تەیران، عەلی بەردەشانی، بەختیار زێوەر) چاپخانەی «الحوادث» بەغدا ساڵی ١٩٨٠ لاپەڕە ٧٩-١٢٣ گرتووەتەوە، جارێکی تریش مامۆستا کاکەی فەللاح لە کتێبی

(کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا کە یەکێک بوو لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم لە بەغدا چاپخانەی کۆڕ ساڵی ١٩٧٨ لە لاپەڕە ٧٧-٩٦، ئەمانە و جگە لە چەند وتارێک کە لە گۆڤاری بەیان و ڕۆژنامەی ژیندا هەردوو نووسەر لەسەریان نووسیوە.

بەختیار جگە لە شیعر دەستی وەرگێڕان و چیرۆک نووسینیشی هەبووە، لەگەڵ فایق بێکەسدا بەجووتە وتارێکی جەمالەددینی ئەفغانییان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە ژێر ناوی (شەڕەف)دا و لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاویان کردووەتەوە. هەروەها چیرۆکی (شەوێک لەسەر لوتکەی ئەڤەرست)ی نووسیوە و بەزنجیرە لە گۆڤاریا دەنگی گێتی تازادا بڵاوی کردووەتەوە لە ژمارەکانی ٢-٧ بەرگی ٥ ساڵی ١٩٤٥ کە هەردوو ئەم بەرهەمانە لەم دیوانە بەرچاو دەکەون.

ژیانی: ناوی ڕاستەقینەی (فایق)ە کوڕی شاعیری بەناوبانگی کورد (زێوەر) ئەفەندییە. لە ساڵی ١٩٠٨دا وەک خۆی لەم دیوانەدا نووسیویەتی لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. سەرەتا وەک هەموو منالانی ئەو سەردەمە لە حوجرە خوێندوویێتی و پاشان چووەتە قوتابخانە و پۆلی شەشەمی سەرەتاییی تەواو کردووە و لە بەغدا دەورەیەکی (موزەمید بەیتەری) دیوە و دوایی چووەتە سەرکار بەفەرمانبەر لەناوچەکانی سلێمانی، باش گەڕاوە و ماوەیەکیش لە پردێ بووە. ساڵی ١٩٤٦ کاتێ قوتابخانەی ناوەندی شەو لە سلێمانی کرایەوە یەکێک بووە لە قوتابییەکانی، بێ گوێدانە تەمەن و ئەرکی ژیان و پلەی کۆمەڵایەتی و شاعیرانە، بووە بەقوتابی و ساڵی ١٩٤٨ پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواو کردووە.

هەر لەو ساڵەدا و بەهۆی کۆچی باوکییەوە، تەواو بەدەست نەخۆشییەکەیەوە کە زووتر سەرەتای دیار بوو، پەرێشان و سەرگەردان بووبوو. لە بەغدا عەمەلیاتی مێشکیان بۆ کرد و کاسەی سەریان هەڵدایەوە، پاش ئەو عەمەلیاتە بەشەش مانگ ڕۆژی ١٩٥٢/١٢/٣١ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (گردی جوگا) لە سلێمانی لە تەنیشت باوکییەوە، نێژرا ئەوەشمان بیرنەچێ کە هەر لە منالییەوە لە بەهرەی ڕووناکیی چاوێکی بێ بەش بوو، بەر لە مردنی بەدوو ساڵ ژیانی هاوسەری پێک هێنا و هیچ منالێکی نەبوو لە پاشی بەجێ بمێنێ.

له کۆڕی تێکۆشانی نیشتمانی و پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردەواریشدا لە هاوەڵانی خۆی دوانەکەوتووە هەمیشە لەگەڵ ئەو دەستە و کۆمەڵە و ڕێکخراوانەدا کە لەپێناوی مەسەلەی کوردا تێ کۆشاون جۆرە پەیوەندییەکی بووە و لێیان دوور نەبووە.

لە ساڵی ١٩٤٧–١٩٤٨دا پەیوەندیی لەگەڵ پێشکەوتنخوازانی عێراقدا هەبووە لەو کۆڕ و شانانەدا بەشدار بووە کە ئەوان لە شاری سلێمانی بۆ ڕۆشنبیران و لێکدانەوەی بیریان ڕێکیان خستووە. فەرموون ئێوە و کاروانی ژیانی شیعری بەختیار زێوەر.

مەحمود زێوەر – سلێمانی

له عه‌شقی حوسنی

١٩٢٥

له عه‌شقی حوسنی خه‌توخاڵی نێرگسی شه‌هلات
ئه‌سیره چه‌ن دڵی زاری فه‌قیر و چه‌ن شه‌هلات
خه‌یاڵی خامه ئه‌گه‌ر بێته وه‌سفی تۆ خامه
هه‌زار هه‌زاری زوبان شێته بێته نه‌غمه سه‌رات
چ دڵبه‌رێکی عه‌جه‌ب دڵبه‌رێکی ئه‌ی جانا
له نازی دیده‌یی بازت دڵان ئه‌بێته فیدات
ئه‌گه‌رچی ئێسته هه‌ڵات ڕۆژ له که‌ل به‌عیشوه، به‌ڵام
که حوسنی ته‌لعه‌تی تۆی دی خه‌جاڵه‌تانه هه‌ڵات
مه‌ڵێن له ضه‌ربه‌یی غه‌مزه‌ی چ که‌س به‌رین له برین
نیشانی زامی دیاره له پیر و جوانی وڵات

دڵم

١٩٢٥

دڵم ئه‌سیری که‌مه‌ندی یه‌کێکه بێ ئاین
به‌تیری غه‌مزه‌یی خونکاری جه‌رگی کرده برین
به‌خه‌نده‌یی له‌بی ئاڵی ئه‌سیری کرد گیانم
به‌چیهره‌یی وه‌کو ڕۆژی بووه به ڕۆژی زه‌مین
فیدایی خاکی قه‌ده‌متم ده زوو بکه چاره‌م
نه‌ماوه تاقه‌ت و هۆشم له تاوی شین و گرین
منم که به‌نده‌ی ده‌رگا و موخلیست قوربان
له ده‌رحه‌قی منی میسکین مه‌که به‌یانی کین
بڵێ به‌شیری برۆت به‌سیه با نه‌ڕێژێ خوێن
نه‌ماوه موسلیم و کافر، به‌جارێ گشتی بڕین
ئه‌گه‌رچی فه‌رز نییه (ئامین)، به‌ڵام له عه‌شقی تۆ
له‌باتی جارێ هه‌زار جار به‌دڵ ئه‌ڵێم: ئامین
له (فایق)ی مه‌گره مه‌ستی خورده ساڵێکم
باڵای مه‌بینه، ئه‌ویش تیفلی عه‌شقه نازه‌نین[١]

....

(١) ئه‌م وشه‌ی (نازه‌نین)ه نیوه‌به‌یته‌که له‌نگ ئه‌کا، بۆیه درێژه‌دانی به‌بڕگه‌ی (زه)که‌ی پێویسته–م.

بۆ شەوقە قەمەر

١٩٢٨

بۆ شەوقە قەمەر وەختێ کە هەڵدێ لە هیلالا
مۆمێکە لە چاو حوسنی ڕوخی دلبەری والا
شێتی لەبی تۆم، وێڵم و مەجنوونی بیابان
پەروانەیە دڵ، وێڵە بەدووی دیدەیی کاڵا
عەیشم هەموو غەم، بێ خەو و خۆراکە وجوودم
تۆش کافری ڕەحمت نییە یەک ئان لە خەیاڵا
مردن بەشی گەورەی منە لەم ڕێگەیە قوربان
ڕەحمێ بکە تۆش بمخەرە دەر لەم بنی چاڵا
لەم ڕێگەیی پڕ تاب و غەمە (فایق)ی زێوەر
سووتانە بەشی، مردنە حیصصەی لەمە ئاڵا

موتریبا

١٩٢٦

موتریبا بێنە پێشێ عوود و تار
خاڵییە مەجلیسم لە گشت ئەغیار
دەسی پێ کە بەحەنجەرەی داوود
تا لە دڵدا نەمێنێ هیچ ئازار
با هەموو کەس بزانێ بێ خەفەتین
چاوی دوشمن ببێتەوە شەوی تار
کۆمەڵێکین بەری لە گشت هەم و غەم
مەستی بادەی دەسی شەریفی یار
گەرچی زستانە بەفر ئەبارێ، وا
وەختی بەزمە بەچەشنی فەسڵی بەهار
غەمی هیچم نییە لە دونیادا
غەیری یادی ڕۆخ و لەبی دڵدار
موتریبا خۆش بڵێ بەنەغمەتەوە
(لیس فی الدار غیره دیار)

بۆ لاوانی کورد

رۆژنامەی ژیان سالی ٣، ژمارە ١١١
٢٦ی نیسانی ١٩٢٨

زینەتی دیوانی کوردە، هیممەتی لاوانی کورد
لائیقە ئەلحەق کە بێتە مەفخرە و عینوانی کورد
حەمدولیلا نەجم و ئیقبال و سەعادەت تالیعە
وا منەوەر بوو بەجارێ زولەتی دەورانی کورد
بارەکەڵڵا ئەی وەتەن پەروەر کە سەعی و غیرەتت
بویتە نووری قەلب و بینایی هەموو چاوانی کورد
کەس نەڵێ ئەمڕۆ وەتەن وێرانی دەستی زیللەتە
دەم بە دەم زاهیر ئەبێ مەعموورەیی عیرفانی کورد
چارەیی دەردی جەهالەت، عیلمە، ئێوەش لاوەکان
عیسایی موعجیزە شیعارن بۆ بڵندیی شەئنی کورد
لەکە نەکەیت لە کورد، تا ئێوە هەن دەرناکەوێ
پاک و بێ عەیبە دامانی کورد تا مانی کورد
سا بە دڵ هیممەت بکەن بۆ نەشری عیلم و مەعریفەت
تا موبەدەل کەن بە ڕووناکی شەبی هیجرانی کورد
تەیری هیممەت بێ تەئەمول سەر لە علوییەت ئەدا
هائیلی پەروازە بۆ کەیوانەیی کێوانی کورد
هاتفی عەرسەی بەلاغەت وا بەدەنگی بەرز ئەڵێ
زینەتی دیوانی کوردە، هیممەتی لاوانی کورد

مەڕ

من مەڕم زۆر خۆش ئەوێ بەدڵ و بەگیان
شیرەکەی گوانی ئەدۆشین پاک و جوان
ماست و ماستاو و کەرە و کەشک و فرۆی
لێ ئەکەین، ئەیخۆین پەنیر و مەشکە دۆی
خورییەکەی ئەبڕین و ئەیشۆین پاک هەمووی
بۆم ئەڕێسن کیژ و ژن تاو تاوی مووی
پاش ئەمە ئەیبەم لە بۆ جۆلایی شار
تار و پۆی بچنێ بەئیشی وردە کار
ئەیچنێ لێی بۆ جلوبەرگی کوڕان
شاڵ و چۆغە و ڕانکی نایاب و جوان
ساڵێ بەرخێکمان بەدیاری پێ ئەدا
گۆشت و قاورمەی ئەخۆین و بێ سەدا
ئەم هەموو نەفعەی هەیە ئەی کاکە گیان!
بۆیە زۆرم خۆش ئەوێ بەدڵ و بەگیان

گفتوگۆ لەگەڵ شاخی سوورکێو

سلێمانی ١٩٢٨/١٠/١

کەژی سوورکێو لەبەرچی لووتی خۆت بەرز کردووە لێمان؟
سەرت ڕووت کردووە وەختە بگەیتە مەرتەبەی کەیوان
دڕندەی سەرزەمینت بۆ چ حەشارداوە لەناو خۆتا
لە خۆت گرد کردووە هەرچی کە بووەتە دوژمنی ئینسان
بەهارانیش هەرەس دێنی بەسەر ڕێبواری کوردانا
بەزستانیش بەسەرماکەت ئەخەیتە کاروان گریان
لەبەرچی بوویتە کانگای جەردە و دز (دائم الاوقات)
حەیاتی قەومی کوردت خستووەتە تەهلوکە و گیاندان
ئەوەند مەغروور مەبە، دەعیە و تەکەببور هێندە مەنوێنە
لە شاخی (ئەلپ) و(ڕۆشۆز) فەزڵی تۆ زیاتر نییە قوربان
زەمانێ دێ لەشت کون کون ئەکەن بۆ ڕێی شەمەندۆفەر
ئەبیتە ڕێگەیی مۆتۆڕ و ڕێبازی هەموو کوردان
قەدت قەدبڕ ئەکەن بۆ ئەبنییەی زۆر خۆشی وەک ئۆتێل
سەرت چاک تەخت ئەکەن بۆ جێگەیی گوڵزار و باغستان
دڕندە و وەحشیانت پێستی ئەگروون بۆ لەبەرکردن
دز و جەردەت هەموویان ئەبنە چایچی و خانچیی کاروان
بەڵام ئەوسا ئەبیتە مەنبەعی کەیف و سرووری خەلق
ئەبیتە جەننەتێکی بێ میسالی ئەهلی کوردستان
لە چوار ئەترافەوە عالەم بەدەستە دێنە سەیرانت
ئەچیتە ڕیزی شاخی ئەوروپا و کێوەکەی لوبنان
ئەوا من پێم وتی: تۆ قەت لە یادت دەرنەچێ سوورکێو
لە فەسلی ئاتییا ئەم موشکیلاتە حەل ئەبێ ئاسان

جوابی سوورکێو(١)

وەکیلی ڕاستی سوورکێو: عەلی عارف ئاغا

نیشانەی شەئنی کوردە ڕەفعەت و بەرزیم بە سەد عینوان
کە سەربەرزی ئەکەم حەتتا لەگەڵ ئەیوانەکەی کەیوان
سروشکی عەشق و مەیلی میللەتە سەیلی بەهارانم
ئەڕێژم دەم بەدەم عالەم ئەبێتە زەلزەلە و تۆفان
دڕندەی جەهلە بیللا جەرگی کوردی کردووە لەت لەت
ئەنیسی قەلبی من بۆ حاڵی ئێوە جۆششە و گریان
بەلەعلی تێ ئەگەن وەقتی سەحەر بەرق و بریقەی بەفر
بەیادی سیرعەتی فەوجی فەلەک نازل ئەبن بۆیان
لە سەد (ڕۆشۆز) و (ئەلپ) و(پیرەنە) فازڵترم تەحقیق
بەتەرفیعی قەدیمی جەددی ئێوە بووم بەشاهیدتان
کە قەومی کورد گەیشتە وەزع و جاه و ڕەفعەتێکی تام
لەت و کون کەن لەشم، حەللی بکەن ئامال و موشکیلتان
مەقامی غیرەتە بۆ من کە بشکێن هەموو ئەعزام
موزەییەن کەن هەموو جەستەم بەئۆتێل و بەباغستان
لە پێناوی تەرەققیدا بخنکێن بەسەد نیللەت
دز و جەردە و دڕندە و وەحشیانم دوون و ئەعلایان
خوا سا تاجی ئەم جاهەم لەسەر نێی تا لە عالەمدا
بەسەتوەت بەڵکە بچمە ڕیزی شاخی پیرەنە و لوبنان
هەتا عالەم بە سەد حیرەت کە عوشرەتگاهی من بینن
لە هەر لاوە بکەن ئیحزاری تەجهیزات لە بۆ سەیران
لە حاڵی حازرا جەهدێ بکەن جەردەی جەهل دەرکەن
هەتا بۆ نەسلی ئاتی حەل بکەن ئامال و موشکیلتان

(١) ڕۆژنامەی ژیان ژمارە ١١٧ی ١٤ی حوزەیرانی ١٩٢٨

چەند شیرینە لام

گۆرانی لەسەر وەزنی مارشی خدێوی

چەند شیرینە لام دار و بەردی وەتەنم
بەفیدای ئەکەم سەر و گیان و بەدەنم
خاکی وەتەنم گشتی زیو و زەڕە
بەردی وەک گەوهەرە، ئاوی چەشنی کەوسەرە
فەرزە بۆ وەتەنمان جان فیدا کردن
لە ڕێی ئەم خاکەدا بەکۆمەڵ مردن
دەسا کوردینە بەسیە ئەم حاڵەتە
بۆ تەرەققیی قەومی کورد، ئەمڕۆ ڕۆژی هیممەتە

گۆرانیی برایینە لە خەو هەستن

لەسەر وەزنی (بني وطني)

برایینە! لە خەو هەستن، بەیانە
زەمانی هەوڵ و علیم و حوڕ ژیانە
هەموو قەومێ بەدائیم تێ ئەکۆشن
لە ڕێگەی عیلم و فەندا دڵ بەجۆشن
ئەرێ کوردی فەقیر و بێکەس و غەم
هەتاکەی زەهرەی نادانی ئەنۆشن
برایینە...
وەتەن پڕ لەشکری جەهلە ڕەفیقان!
دەری کەین با بە هۆردووی عیلم و عیرفان
برایینە...
بە یەکدڵ با لەبۆ پێشکەوتنی کورد
هەوڵ دەین تا بگەینە قەسدی خۆمان
برایینە...
برایینە ئەگەر زۆر چاک نەخوێنن
لەژێر باری جەهالەتدا ئەمێنن

گۆرانیی پیرەمەگروون

لەسەر وەزنی (بز برنجی الایدگز)

پیرەمەگروون! موقەددەسی
دۆستی دائیمی کوردی
بەو مەنزەرەی شیرینەوە
دافیعی سەد نەوع دەردی
قامەتی بەرزی تۆ
دامەنی سەوزی تۆ
نیشانە و ڕەمزی تۆ
باعیسە لەبۆ سەرکەوتنی وەتەن
فەسڵی زستان بەرگی سپی
ئەپۆشی و چوویتە ئاسمان
سەیری هەموو دنیا ئەکەی
تۆی شاهەنشای شاخەکان
کۆمەڵ گەوهەری
هەیکەلی زەفەری
لابەری کەدەری
باعیسی لەبۆ نەهێشتنی میحەن
چونکە دۆستی ئەجدادمانی
نووری چاوی کوردانی
بەردت هەموو دانەی گەوهەر
لائیقی فەخر و شانی
کۆمەڵی گەوهەری
هەیکەلی زەفەری
لابەری کەدەری
باعیسی لەبۆ نەهێشتنی میحەن

گۆرانیی تانجەڕۆ

لەسەر وەزنێکی تایبەتی

ئاوی تانجەڕۆ
گەوهەری هەموو شاخی کوردانی
خۆمانی
بەراوی تۆ
سەر بەڕزق و خێرە پڕ دەغڵ و دانی
زۆر جوانی
تەوسیفی تۆ
قەت نایەتە تەقریر و نووسین،
هێندە پڕ فائیدەی جوانی،
باعیسی ژینی قەومی کوردانی،
خوڕەی ئاوەکەی تۆ هەموو غەمێ لە دڵ ئەبا
سەوزایی دەوری تۆ عالەمێ پڕ سروور ئەکا
مەنزەرەی تەبیعەت
هاوتایی بەهەشتی فیردەوس ئەکا.

گۆرانیی گۆیژە[١]

شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە باعیسی کەیف و سروور
هەردەمە بەرگێ ئەپۆشێ، گا سپی، گا سەوز و سوور
وەسفی قەومی کورد ئەکەی تۆ بەم هەموو ڕەنگانەوە
ڕەنگی سوورت شاهیدە بۆ کورد کە قەومێکن جەسوور
بەرگی بێ گەرد و سپیشت زاهیرە هاوار ئەکا:
قەومی کورد دڵ ساف و پاکە میللەتێکە بێ قسوور
بەرگی سەوزیشت ئەڵێ: ئەم خاکە هەر شینایییە
پڕ لە دەغڵودان و کانی سەر بەڕزق و پڕ لە نوور
ئەی وەتەن! شایانی فەخری، واجبە مەدحت بکەم
دار و بەردت عەینی گەوهەر، خاک و خۆڵت وەک بلوور

....

(١) لە بەیازی مامۆستا حەمە بۆردا (هۆشەنگ) ئەم هەڵبەستە بەهی بەختیار زێوەر دانراوە و نووسراوە بەهەڵە دراوەتە پاڵ بێکەسی مەزن. ناوبراو دەڵێ من زۆر زۆر دڵنیام کە ئەم هەڵبەستە هی بەختیار زێوەرە، چونکە چەند جار لە خۆیم بیستووە کە وتوویەتی ئەم هەڵبەستە بەهەڵە بەناوی (بێکەس)ەوە بڵاوکراوەتەوە.

***

تێبینی: لە ١ی مارتی ١٩٢٨ی میلادییەوە ئیتر شیعرم نەوتووە هەتا ٣ی تەمموزی ١٩٣٨ی میلادی، واتە ٩ نۆ ساڵ و ١٠ دە مانگ ئیتر لەوەودوا مەیلی شیعر دانانم کرایەوە، تەماشای بفەرموون ئەم تەخمیسی غەزەلی (حافز)ەشم کە هی ئەو دەورەیە لەبیرم چووبوو وا نووسیمەوە لە دوای ئەوە مولاحەزەی بفەرموون – لەگەڵ ئەوغەزەلەشدا کە لە دوای دێ:

بەختیار زێوەر

تەخمیسی غەزەلێکی حافظ

وام لە بەحری ئەلەما ناگەمە سەر خەتتی کەنار
زار و غەمگینە دڵم، بوومەتە قەقناس و غوبار
خادیمی سروەیی تۆم، بۆم بکە تەدبیر و چار
(ای صبا نکهتی از کوی فلانی بمن آر)
(زار و بیمار غمم، راحت جانی بمن آر)

خۆت ئەزانی چییە دەردم بکە تەدبیری مراد
بکە چارم بەشنەی خۆت بکە تەنویری مراد
بۆ ئەوەی بژیەمەوە بیگرە نێچیری مراد
(قلب بی حاصل مارا بزن اکسیر مراد)
(یعنی از خاک در دوست نشانی بمن آر)

ئێشی دڵ عاجزییە دائیم و دەرهەم هەر مەست
چەشنی مەخمووری شەراب، بووم لە فیراقا سەرمەست
چونکە دائیم لە غەمام شادییەکم نایەتە دەست
(در کمین گاه نظر با دل خویشم جنگ است)
(زابرو غمزەی تو تیرو کمانی بمن آر)

وا ئەسیرم بەجەمالی ڕوخی تۆ تازە سەنەم
نییە قووەت لە زوبانا کە تەواو شەرحی بدەم
دلبەرا! وەختە بڕۆم ڕاکەمە دنیایی عەدەم
(در غریبی و فراق و غم دل پیر شدم)
(ساغر می ز کف تازە جوانی بمن آر)

ساقیا! بێنەرە مەیدان مەیی مەقبووڵی زەمان
ڕامەوەستە توخوا تێی بکە فنجان فنجان
تێ کە بۆ ڕەخنەگریش تامی بچێتە ژێر دان

(منکرانرا هم ازین می دوسه ساغر بچشان)
(وگر ایشان نستانند روانی بمن آر)
وا بەهارە هەموو دنیا ئەچنە سەیری چەمەن
عاشقان بەزم ئەکەن و ئەهلی ڕیا تاعەت ئەکەن
گوڵ و لالە و سەمەن و سونبول و نێرگس هەموو هەن
(ساقیا عشرت امروز بەفردا مفگن)
(یا ز دیوان قضا خط امانی بمن آر)
بەسزا و جەور و جەفاکەت دڵمت کردووە کفت
چ نیگارێکی نە ئەمەدەیتێ بەڵێنێک و نە گفت
(فایقا) مەستی بکە سەر لە خەمی بادەیی مفت
(دلم از دست بشد دوش چو (حافظ) میگفت)
(کی صبا نکهتی از کوی فلانی بمن آر)

لە حەسرەتی قەدەمی بەهار

لە حەسرەتی قەدەمی بەهار گوڵی وشکی ئەرز ژیایەوە
لەبی غونچەو و گوڵی یاسەمین بەقدوومی بەهارە گەشایەوە
بەتەبەسسومی ڕوخی نازەنین کەژی خەفەت و مەرارەتی دڵ
وەکو بەفری شاخە بڵندەکان بەهەتاوی بەهار دەتوایەوە
کەڕەتێ لە چەمەن نەزەرم ئەکرد لە گوڵ و لە بولبول و عیشقیان
هەچی بولبولە لەباتی گوڵان بەتەغەننییان ئەخولایەوە
چ مەنازیرێکی عەجەب لەتیفی هەبوو لە بەری بەیانییا
قەدی گیا بەچەشنی ڕوو زوڵفی یار بەنەسیمی سوبح ئەگەشایەوە
بەنیگای سرووری شەواهید و تەبەسسومی لەبی ئاڵی دۆست
کەمەری ئومێدی ڕەقیبی بەد وەکو جیم و نوون ئەچەمایەوە
لە بەهاری پڕ فەرەح و سرووری وەها کە عالەم بێ غەمە
بەشی من کە (فایق)ی زێوەرم لە غەمی زیاد چ نەمایەوە

تێبینی: تەئریخی تەوەللودم کە عیبارەتە لە ١٩٠٨ی میلادی بەو پێیە تەماشا بکەین لە ١٧ ساڵییەوە تا ٢٠ ساڵی شیعرم وتووە، بەڵام ئەو فەترەیە کە ٩ ساڵ و ١٠ مانگە وەستاوم. لە عومری ٣٠ ساڵیدا دەستمان پێ کردەوە، بزانین خوا چی دەکات. ئیتر تەماشا بفەرموون دەبینن کە ئەشعاری دەوری ئەخیر چ لە مەعنا و چ لە ئیتتیجاهدا فەرقێکی زۆری هەیە لەگەڵ هی لەوەپێش.

بەختیار زێوەر

***

مەتەڵ

له گۆڤاری (دیاری كوردستان) ژماره ١ی ڕۆژی ١٩٢٥/٣/١١دا لەلایەن ساڵح زەكی بەگی ساحێبقرانەوە كە خاوەنی گۆڤارەكە بوو ئەم مەتەڵە بڵاو كراوەتەوە:

شارێكی خۆشناو موسبەت و مەنفی
لەم سەر و لەو سەر مەعنای دوو حەرفی
سەر هەڵوەشێنێ قیمەت ئەبەخشێ
دیوار برمێنێ قووەت ئەبەخشێ
گەر بێ بناغەی هەڵگیرێ و گوم بێ
ناوی بڵندی ئەو وەختە هەڵدێ

له ژماره ٣ی هەمان گۆڤاردا كە لە ڕۆژی ١٩٢٥/٤/١٣دا دەرچووە ئەم وەڵامە لەلایەن (بەختیار)ەوە دراوەتەوە:

هەڵهێنانی مەتەڵ

جەوابی مەتەڵ شارێكی خۆشناو
وا عەرزت ئەكەم ئەی حورمەت گیراو
لە شاری كوردان جەننەتی سانی
ئەگەر حەز ئەكەی ئەتۆ بیزانی
ئەووەڵی (بێ)یە ئاخرەكەی (هێ)
بێ چەندە خۆشە (بانە) ئاوا بێ
(با) بۆ موسبەتە (نە) بۆ مەنفییە
(بانە) دوو هیجا و چوار حەرفییە
ئەووەڵی لابەی (ئانە)ی قیمەتدار
دیوار برمێنی (بنە)ی قووەتدار
(هێ)ی لێ لابەری (بان)ێكی بەرزە
یاخوا مەحفووز بێ لە بەڵا و تەرزە

محەمەد فایق

لەلایەن گۆڤارەكەیشەوە ئەم ڕستەیە لە دوای هەڵهێنانی مەتەڵەكەوە نووسراوە:
(ئافەرین ڕووی بابت سپی بێ) (الولد علی سر ابیە)، ژمارەی یەكەم و دووەممان بەپۆستەدا بۆ ناردی، ئابوونەی شەش مانگمان بۆ قەید كردی، خوا میسالت زیاد كا. بەرخورداربی.

دیاری كوردستان

ئەم کوردە

ئەم کوردە کەوا ئێستە لە هەر مەرتەبە دوونن
هەر مایلی بێ عیلمیی و دواکەوتن و بوونن
ئیمڕۆ لە جیهانا نییە ئینسانێ بەبێ ئیش
خەڵقی وەتەنی ئێمەیە بێ کار و چەتوونن
تا فیکری بەدی مەسکەنی ناو میللەتی کوردە
باوەڕ بکە تا ڕۆژی حەشر خوار و زەبوونن
ئەی قەومی زەلیل عەسری تەقەددوم سەرە ڕێتە
ئەم عالەمە هەر پێش ئەکەون مەستی فنوونن
عەیبە، حەسەد و بوغز و نیفاق ڕۆژی نەماوە
عیلم و عەمەلە ڕۆحی بەشەر، زینەتی ڕوونن
بۆ خزمەتی ئەمڕۆ و سبەی سەیری غەرب کەن
یەک لەحزە نەبوون غافڵ و ئەربابی شئوونن
تۆش نۆرەتە ئەی میللەتی مەزڵوومە هونەر کەی
خاوەن دڵ و گیان و هونەر و گەرمییی خوونن

کوردینە

کوردینە! وەرن با لە خەیاڵی هونەرا بین
بۆ عیلم و ئەدەب گورج و لە ڕێگەی سەفەرا بین
بۆ ئەم وەتەنەش هەر لە فیدای ڕۆح و سەرا بین
مەشغووڵی عەمەل، تالیبی ئەخلاق و برا بین
چەند خۆشە لە خاکی وەتەنا نوور و چرا بین
ئەم ڕۆژە وەتەن ناڵەیی بۆ ئێمەیە یاران!
هاواری وەهایە کە بکەین سەبقەتی جاران
کەمتر نییە ئەولادی لە کەس، شاری لە شاران
ئەمما سەد ئەسەف نایەتە گوێ گریەو و زاران
تاکەی لە تەوەللای وەتەنی وەک کوچەرا بین
مەعلوومە زەمان پیاوی کەر و ئەحمەقی ناوێ
ئەم عەسرە نەفام و هەزەل و سەر ڕەقی ناوێ
هەمسایە و ئەربابی عیلم ناحەقی ناوێ
ئەقوامی زەکی ڕۆژی خراپ و شەقی ناوێ
نۆبەی هونەرە با لە غەمی ڕێ گوزەرا بین
ئەم عەسرە زەمانێکە تەقەددوم غەمی عامە
هەر وەلوەلەیی عیلمە کە ئوممێدی تەمامە
جاهیل نییەتی مەلجەئو، پابەند و غولامە
ئەو قەومە کەریمە بەتەمای ئیش و کەرامە
ئەم دەورە لەبەر چی لە شەڕی بێ سەمەرا بین
ئوممێدی دڵم هەر وەتەن و لاوی وڵاتە
ئەو لاوە کە غایە و ئەمەلی بەرزیی حەیاتە
ئەی کوردە وەرە نۆبەیی تەرفیع و نەجاتە
عالەم هەموو مەشغووڵ و لە ئیشا کشوماتە
ئێمەش لە جەهلدا شەو و ڕۆژ مەست و خەرابین

وەتەن

وەتەن تۆ مەکانێکی فەخری دیاری
وەتەن تۆ نیگارێکی سەرمایەداری
وەتەن تۆ گولێکی ئەنیسی حەیاتم
وەتەن تۆ نیشانی بێ قەراری
وەتەن تۆ نەمامی لە باغی جیهانا
وەتەن تۆ ئەمیرێکی دار و دیاری
وەتەن تۆ ئومێدی هەموو لاوی کوردی
وەتەن تۆ مەقامێکی فەزڵ و شیعاری
وەتەن تۆ هەناوی من و دڵفرێنی
وەتەن تۆ مەکانی شەهیدانی زاری
کەسێ قەدری تۆی لا نەبێ بێ دەماغە
بەئاب و هەوات جێگەیی ئیفتیخاری
لە وەسفی تەبیعەت زوبان لاڵە (فایق)
حەقیقەت بەهەشتێکی مەنزووری باری

موعەللیم

موعەللیم خوێندنم با هەر موتاڵای حوسنی لەیلابێ
سعووباتی حیسابی نازەنینم ئێستە حەل نابێ
لە دەرسی عەشقی ئەودا ئێستەکە مەشغووڵی ئامینم
کەچی لای تۆ ئەبێ دەرسم لە نووکی فاتیحادا بێ
لە سەفحەی (لەوحی ڕەش) ناگەم ئیتر لێم مەگرە سا قوربان
لە شاگردانی دانانم موتاڵام (لەوحی بەیزا)بێ
بەلوتفی ئەو نیگارە سەبری مافاتم ئەبێ ئیمڕۆ
ئەگەر سەفحەی ڕوخی مەنزووری بەندەی بێ سەروپا بێ
کە دیم ئەو شۆخە زوڵفی گرژ و لوولە و مایلی عیشوە
وتم: (مەحبووسی زیندانە گەدا بێ یان شەهەنشا بێ)
وەرە قوربان! ئومێدم ڕەحمی تۆیە مەرحەمەت فەرموو
هەتاکەی قەلبی میسکینم لە وەسڵی تۆ تەوەللا بێ
ڕەزا نابێ دڵم بەم حیشمەتی دنیایە بێ ئێوە
دەسا فەرموو بەمیوانی دڵم وا وەختە شەیدا بێ
لەبەر کەم تالیعی دوورکەوتەوە لێم تەلعەتی پاکت
ئەمان یاری وەفادار ڕێ نەدەی دڵ خوار و ڕیسوا بێ
دەوای دەردی دڵی (فایق) بەوەسفی تۆ ئەبێ قوربان
ئەبێ بۆ ئینتیزاری مەقدەمت دائیم موهەییا بێ

کاغەزێک بۆ باوکم لە بەغداوە

بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە

بابە! ئەگەرچی ساکنی بەغدادی دلبەرم
هەرچەند ئەنیسی ئەهلی موجیدد و دلاوەرم
ئەمما کە یادی ئەو وەتەنەم دێتەوە خەیاڵ
دڵ عاجزە، موشەووەشە فیکرم، موکەددەرم
بابە! بەیادی ئەو وەتەنە و ئاو و خاکەکەی
زەڕڕاتی لەش بەیەکتر ئەڵێن: من موعەتتەرم
یادێکی مەعنەوی شک ئەبەم لەو ولاتەدا
تەئسیر ئەکاتە سەر دڵی زاری موحەققەرم
ئەو خاکە پێم ئەڵێ بەحەقیقەت کە گەوهەرم
ئەو ئاوە پێم ئەڵێ بەتەبیعەت کە کەوسەرم
ئەو کوردە پێم ئەڵێ: (کەیومەرث) و (سکەندەر)م
ئەو ئەهلە پێم ئەڵێ بەشەجاعەت کە (حەیدەر)م
بەخوا لە دووریی ئەو وەتەنە و ئەهل و خاکەکەی
ڕۆژم بەمانگە، مانگ بەساڵ، تاجەکەی سەرم
ئەم جەژنە دێمەوە بەلیقای شاد ئەبم ئەگەر
چەرخی فەلەک خراپی نەکا هەرچی شک بەرم

فایق زێوەر

لە نەسرا تالیبی بەست و بەیان نیم
لە شیعرا مایلی لەفزی گران نیم
دڵم زۆر پاکە دەرحەق هاووڵاتم
بەئوممێدی بەرات و ئاو و نان نیم
ئەوەی خوا دای لەگەڵ شوکر و قەناعەت
مودارای پێ ئەکەم هیچ میر و خان نیم
عەقیدەم پاکە دەرهەق خالقی خۆم
تەبیعییوون و زەندیقی جیهان نیم
لەگەڵ هاوجینسی خۆم نایێمە مەیدان
(بحەمدلیلا) سەگ و شێر و بەران نیم
کلاوم گرتووە با نەیفڕێنێ
شەڕەف لام خۆشەویستە، بێ ژیان نیم
لە ئەشعارم مەکەونە وردە شوبهە
بەوەڵڵا تالیبی ناو و نیشان نیم
قسوورم گەر ببێ مووجیب بەعەفوە
(شکسپیر) و (سەتلمان)ی زەمان نیم
مەڵێن (فایق) کەمە عیلم و کەماڵی
بەگشت ڕەنگێ لە ئەهلی ئیمتیحان نیم

گفتوگۆ لەگەڵ سیروان

ڕووباری سیروان، بینای چاوانم
ڕۆحم قوربانت، دەردت لە گیانم
هاتوچۆ ئەکەی سەلامت کوانێ
یاخۆ تۆش ئەڵێیت مەست و حەیرانم
دڵم پێت خۆشە خەڵقی وڵاتی
ئەحواڵیان چۆنە گەلی لاوانم
تانوپۆ ڕەنگین، کیژی عێلی جاف
بۆم بەیان بکە حاڵی کوێستانم
شاخی ڕەنگاوڕەنگ، خاکی پڕ ئاهەنگ
جەنگەڵی شێران، چۆنە مەیدانم؟
سەرچاوەی ئاوات، هیممەتی پیاوت
کوردی بێ باوت ماوە بیزانم
دەشتی پڕ گەوهەر، ئاوی وەک کەوسەر
نەشئەی نەشکاوە کۆی هەورامانم
سیروان ئەحواڵی یار و ئەربابت
حەوادیساتی ناو کوردستانم
بۆم بەیان بکە شێواوە حاڵم
تەسکینی بدە بەدەرد و ژانم

سیروان

(فایق)ی بەدبەخت! سەلامون عەلەیک
بۆچی شێواوی، کەی پەرێشانم
نەمناسیتەوە وەمزانی غەیرەیت
خۆ تێپەڕ نەبووم ڕۆحی ڕەوانم
هەزار سەلام و ڕەحمەتت لێ بێ
جا گوێ ڕابگرە بۆ داستانم
بەهار و هاوین پایز بێ غەم بووم
ئێستا موتیعی ئەمری زستانم
ئەمری پێ کردم هاتم بۆ بەغداد
ئەڕۆم میوانی بەحری (عومان)م
کۆمەڵی لاوان تا بێ گەرم ئەبن
پاشەڕۆژی کورد ڕوونە ئەیزانم
بەفرەکەی زستان کڕێوە ئەکات
کیژی جاف ئەڵێت حووری عەدنانم
شاخی دەماغ بەرز خاکی لە سەد تەرز
بێشەی شێر ئەڵێ تەختی سلێمانم
سەرچاوەم پاکە، پیاوم بێ باکە
کوردم غەمناکە بۆ نیشتمانم
دەشتی بەرانان، ئاوی پڕ ئیحسان
هەورامان ئەڵێ کێوی جارانم
یاری ئەربابم دڵخۆش و شادن
عالەم کش و مات، ئیتر نازانم

بەیادی ئەسیرییەوە

ئەی خودایە من لە تۆ ئەلتاف و ئیحسانم ئەوێ
دەفعی جەهلی میللەتی کوردی پەرێشانم ئەوێ
بۆ هەژاریی کوردەواری وا پەڕاگەندە و زەبوون
یەکیەتی و سەربەستیی و ئەخلاق و ویجدانم ئەوێ
تا نەمێنێ باری جەهلی فەردی میللەت یەک بەیەک
ڕێگەی ڕاست و حەقیقەت، عیلم و عیرفانم ئەوێ
لەم جەوانانە کەوا هاتوونە سەر ڕووی نیشتمان
(چەرچل) و (ڕوزفلت)، (ئەتاتورک) و (ڕەزاخان)م ئەوێ
چونکە وابێ نەشئەیە خاکی وەتەن، پڕ زیللەتە
زەمزەمەی فەسڵی کەریم خان، دەوری بابانم ئەوێ
دەردی کورد زۆر بێ دەوایە باعیسی فەوتاندنە
ئەی خودایە بۆ دەوای ئەم دەردە، دەرمانم ئەوێ
ئەی ڕەفیقان گشت وەرن هەوڵێ بدەین تا سەرکەوین
لاوی زیرەک، کوڕی ئازا، شێری مەیدانم ئەوێ

بۆ ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولی ۱۹۳۰

ئەو کەسانەی گاڵتە بەم کوردە بکەن بێجا ئەکەن
تەرکی ئادابی مرووەت، فیکری بێ مەعنا ئەکەن
قەومی کورد ئاساری چاکەی زۆرە، تەئریخ شاهیدە
نەگبەتی ڕووی کردە ئێمە بۆیە ئیستیهزا ئەکەن
نامدارانی وڵاتمان گەه لە شەرق و گەه لە غەرب
جونبوشی شێرانەو و تەسخیری بێ هەمتا ئەکەن
خۆ کەریم خان و سەلاحەددین و شاهانی بەبان
لاپەڕەی تەئریخی کورد وەک کاغەزی بەیزا ئەکەن
قەهرەمانانی وەتەنمان بۆ بڵندیی خاکمان
مل بەسێدارەی بڵندی تورکی بێ پەروا ئەکەن
زۆر نییە خۆم دیم ڕژابوو خوێنی لاوانی وەتەن
هەروەکو جۆگا لەبەر دەرکی سەرا حاشا ئەکەن
ئێمە ئەولادی ئەوانەین تێ بگەن ئەی دوژمنان
حەملەیی شێرانەمان هەر ماوە یاخو ڕائەکەن
ئارەزووی فەردێکی میللەت وایە بۆ خاکی وەتەن
خوێنی بڕژێ هەروەکو پێشوو شەڕ و دعوا ئەکەن
ئەی وەتەن بێ غەم بە هەر تۆڵەت ئەسێنن لاوی کورد
عەهدە ناوەستن هەتا ئەم واجبە ئیفا ئەکەن
خوایە بتبینم وەتەن خاکت بەخوێنی دوژمنت
ڕەنگی سوور بێ چونکە وا فیتنە و جەدەل بەرپا ئەکەن
موتمەئیننم نامری با جەستەکەیشت خەستە بێ
هەر ئەبێ ئەو ڕۆژە هەڵبێتن کە ئالات وا ئەکەن

خەوبینینی کوردەواری

عەقیدەیەکی خراپ و بەرباد
لەناو میللەتا ماوە بێ بنیاد
ئەویش عەقیدە بەخەوبینینە
گوایە هەموو کەس پاک و بەدینە
حەزرەت کە فەرمووی (رؤیا الصالحین)
دەلالەت ئەکا لە پیاوی بەدین
ئەنبیای کیرام، ئەولیای کیبار
خەویان تەواو بوو بەئەمری جەببار
هەموو خەوێکیان ئەمری یەزدان بوو
کە هاتنەدیشی یەکجار ئاسان بوو
ئەمڕۆکە عیلم لە موعجیزاتە
سەیری خەو کردن زۆر خەرافاتە
بەڵام ئێستاکە لەوسا جیایە
نە عەسری نەبی و نە ئەولیایە
ئەم عەسرەی ئێمە خۆخۆیی باوە
ئەو کەرامەتەی پێشوو نەماوە
تەسەووراتی وەختی بێداری
دێتەوە خەومان وەکو هۆشیاری
زۆر جار هەندێ کەس کە خەو ئەبینێ
بۆی پەیا ئەکات (ئیبن سیرین)ێ
بە سەد ڕەنگ مەعنای لێک ئەداتەوە
هێشتا دڵیشی ئاو ناخواتەوە
لە هەڵەبجە بووم ڕێم کەوتە مزگەوت
دووانم دی یەکەم زوبانی نەسرەوت

وتی لە خەوما لەوحەیەکم دی
ڕەنگی ڕەش بەڵام بەخەتی سپی
لە ناوەڕاستی وەها نووسرابوو
(فلان کەس هاکا تووشی قەزا بوو)
وتم ئەم خەوە نابێ بەئەساس
هیچ دڵی خۆیشت مەخەرە وەسواس
وتی وا چاکە خەبەر بنێرم
ئاگای لە خۆی بێ من خاوەن خێرم
ڕۆژی قەزاکە بیست و سێی مانگ بوو
شوکور ئەو پیاوەش لە قەزا دەرچوو
عەوامی ئێمە چونکە جاهیلن
دائیم تالیبی فیکری باتیلن
یەکێ عاقڵ بێ گوێ ناداتە خەو
ناشپرسێ مەعنای چییە لەم و لەو
شاعیری مەشهور کە (نالی)ی ناوە
ئەم شیعرە جوانەی بۆمان داناوە
(تەعبیری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ
دەروێش و گەدا شاه و، ئەبێ شاه گەدا بێ)

باسی دونیا

گەه بەفر و بار و بارش و سەختی و مەرارەتە
گەه گەردەلوول و تۆز و بوخار و حەرارەتە
سەددی تەریقی وەسڵی موحیببباتی عالەمە
میحنەت هەمیشە قیسمەتی ئەولادی ئادەمە
دنیا چ ڕەنگە، گەهێ سوورە، گەه سپی
باوەڕ نییە بە ڕاستی کەوا ڕاستە یا چەپی
دەشت بوو بەشاخ و شاخ و تەپە چوونە ئاسمان
حەیوان و تەیری وەحشی پەنای خستە ناومان
لەم بەفرەدا بەسەیر و هەوەس مەیلی ڕاو ئەکەین
هەر شەو خەیاڵی گۆشتی کەوی سەر پلاو ئەکەین
هەی هەی چ غافڵین و چ بێ باک و سەرسەرین
حەیوانی کێوی بێ خەبەرە قەومی خۆ خۆرین
شاهەنشەهی جیبال مەگەر شاخی بەرزی پیر[1]
ئەم سیلسیلەی جیباله لەژێر چاویا ئەسیر
وا سەیری شەرق و غەرب و جەنووب و شیمال ئەکا
ئەم مەنزەرەی لەتیفەیە دەفعی مەلال ئەکا
سوورکێو، سەگرمە، گۆیژەو و قەندیل[2] سوپاهییە
تەختی زەمینە، قوببەیی گەردوون کولاهییە
ئەم بەفرە زیوی خالیسە یا بەحری یاسەمین
یا قەترەیەکی ڕەحمەتە کەوتووەتە سەر زەمین
سەرچاوەیی حەیاتی شەتی دیجلەیە و فورات
دەریایی فەیز و نیعمەتە بۆ ئەهلی کائینات
ئەمڕۆ جەفایی سەردییە، سبحەی سەفای دڵە
ئەم بەفرە جاذبیەی تەرەب و شەوقی بولبولە

ئەی سەبزەیی بەهاری یو ئەی غونچەیی ئەمەل
لابەی لە چاوی ئێمە هەموو عیللەتی سەبەل
کەی تۆ لە خاکی پاکی وەتەن جیلوەگەر دەبی
کەی ڕۆشنیی دەروون و جەلایی نەزەر دەبی
دڵشادم ئیستە، ئاخری ئەم دەردە مەرهەمە
دوای عوسر یوسرە، نەسسی خوداوەندی ئەعزەمە[3]

....

(١) مەبەست شاخی پیرە مەگروونە – مەحموود.
(٢) ڕیزە شاخێکن لە دەوروبەری سلێمانی – مەحموود.
(٣) ئەم پارچە هەڵبەستە لە (سۆزی نیشتمان)دا بەناوی زێوەری باوکمەوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام پاشان کاک ئومێد ئاشنا ئاگاداری کردم کەوا لە ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٢٦دا بەناوی فایق زێوەرەوە بڵاوکراوەتەوە – مەحموود.

ڕێگەی ژیانم

سەد شوکری خودا پاکە دەروونم لە عەداوەت
وەک بەعزە کەسێ نیمە دڵی پڕ لە قەساوەت
ئەحواڵی سیاسەت نە ئەپرسم نە ئەزانم
عاشق بەقسەی عاقڵ و دانایی زەمانم
قەت چەرخی فەلەک ناکەمە دوژمن بەژیانم
چۆن دێت و دەچێ لەککەیی ئەو ناخەمە شانم
قەرزی ئەم و ئەو ناخەمە پشتگوێ بەفڕوفێڵ
بۆ نانی بەلاش نیمە خەیاڵێ کە ببم وێڵ
سواڵی عەرەق و ئەلبیسە و قۆندەرە ناکەم
مەیلی شەڕە جرت و قسەیی مەسخەرە ناکەم
خوو نادەمە سەر کۆنکەن و سەر پۆکەر و ڕامی
گوێ نادەمە سەر شیعر و غەزەلیاتی غەرامی
ئەم ڕێیە کە گرتوومە لەلام ڕاست و ڕەوانە
بەم ڕەنگە ژیانی بەشەرییەت چ جوانە

....

لێرە بەولاوە زەوقی خۆم وام ئیختیار کردووە هەر غەزەلێک کە بیلێم تەئریخی بنووسم و ئەو جێیەش بەیان بکەم کە لێی دانراوە، ئیتر لەوەدوا مولاحەزە بفەرموون ڕەنگە دەستوورێکی خراپ نەبێ.

(بەختیار)

باوەڕ مەکە

بەغدا ١٩٣٩/١/١٦

باوەڕ مەکە بەڕیشی درێژ، پرچی گرژ و لوول
ئیمانی پوختی مەتڵەبە ئەمری خودا و ڕەسوول
سۆفی وەرە بەحەزرەتی شێخ سوێندی تۆ ئەدەم
بەسیە گورێز و خەڵوە و دانیشتنی مەلوول
بەم گرمەگرم و دەنگە کە عالەم لە خەو ئەکا
ئایا کەلامی ئێزەدی بۆ تۆ ئەکا نزوول
ڕێیەکی ڕاستە دینی موبینی محەمەدی
ئیفراتی ناوێ، لادە لە فیکری بەد و فزوول
ئنجا بەسیدقی سافەوە ڕەنجێ بدە هەتا
یەزدانی پاک موعاوینی تۆ بێ (عەل ل ئوسول)
دەروێش: لە داخی حاڵەتی تۆ دڵ موشەووەشە
بەم زیللەتە سەعادەتی دونیات ئەکا (ئوفوول)[1]
(فایق) دەمێکە تەرکی خەرافاتی کردووە
ئیمانی ساغە، بۆچی لە ڕێی حەق بکا (عدول)

....

(١) افول: ئاوابوون.

بەغدا ١٢/٥/١٩٣٩

.... دیوجامە

دینداری فەخری هەموو ئیسلامە
پیاوەتی ئیشی هەموو دنیایە
ئازایی پیشەی گەلی ئەقوامە
چین ئەو شتانەی پیان ئەنازیت
چین ئەو ئیشانەی لای تۆ تەمامە
کێن ئەو پیاوانەی فەخری ئێوەبن
قوربان ئەو فەخرە بۆ خاس و عامە
فیکرێکی بۆشە وەحدەی عەرەبی
موعاوەنەتی ئێمە حەرامە......
ئێمە دراوسێ و براو هاوگیانین
بۆچی مەهتوکین سەیرمان حەرامە
کوردی عێراقی لە برسا ئەمرێ
مووچەش بۆ میسر و یەمەن و شامە
وریای خۆتان بن دنیا ئەگۆڕێ
نەتانبیستووە تاسی حەمامە
ئێوەش وەک تورک دەربەدەر ئەبن
ڕۆژی ڕووناکتان زۆر کەم دەوامە
بەتلی لی بە چەپڵە ڕێزان
دواتان ئەکەوین خەیاڵتان خامە
دێنەوە بەغدا بۆ خۆ هەڵکێشان
بۆ ئەو ئیشانەش کە زۆر بێ تامە

فەلەکتان ڕۆیی و موڵکیشتان ئەڕوا
هۆش پەیاکەن چاکە بۆ نامە
چاکەتان ببێ ئێمە دڵپاکین
بۆ بەدی چاومان لە ئینتیقامە

تەرجیع بەند

سلێمانی ١٩٣٨

ئەی غونچەیی نێرگسی بەهاری
ئارامی دڵانی بێ قەراری
وەک لالەڕوخان و نازەنینان
لەم باخچەیەدا چ جوان دیاری
بەم ڕەنگە جوان و بۆنە خۆشە
مەعلوومە گوڵێکی نازداری
بەو قامەتی ڕاستی سەرچەماوە
شۆخێکی لەتیفی، هەم خوماری
ئیفتادەیی خەڵک ڕاهی تۆیە
نازناوی عەجەم، گوڵی بەهاری
گیرۆدەیی داوی عەشقی تۆیە
(فایق) بەدڵی نەخۆش و زاری
سەر هەڵبڕە ڕووت ببینم ئەمڕۆ
با خوێنی منت نەیێتە ئەستۆ
من بولبول و تۆ گوڵێکی شازی
بێ فیتنەو و عاشقان نەوازی
زامی جگەرم مەخە بە ناسۆر
بەم مەستییەوە بەلەنجە بازی
گەردن کەچی وەک غولامی شاهی
موشکین نەفەسی بۆ دیدەبازی
فەڕڕاشی قەدەمتە بادی شەب خێز
لەو جێیە بەجێ دەبێ نیازی

عاشق بەڕوخی ئەتۆیە (مەحموود)
بەو نەشئەیەوە کە وەک ئەیازی
تەوسیفت ئەکەن جگە لە (فایق)
میسریی و عیراقیی و حیجازی
سەر هەڵبڕە ڕووت ببینم ئەمڕۆ
با خوێنی منت نەیێتە ئەستۆ
مەدحێکی وەهات ئەگەر لەبەر بێ
دەرحەق بەگوڵێکی موعتەبەر بێ
گەر خوێندتەوە بەلەهجەیی خۆش
حەققە دەهەنت کە پڕ شەکەر بێ
بیخوێنەوە تۆ بەلەحنی داوود
گەردن کەچە گەرچی شێری نەڕ بێ
بەم حاڵەوە خۆشە لام بەقوربان
پێت چەند قسەیێ خراپ و شەڕ بێ
وا عومری عەزیز نەماوە زۆری
بادی ئەجەلم نزیکە بەر بێ
(فایق) ئەڵێ نوێ ببێتەوە عومر
ئەو شۆخە بەعیشوەوە ئەگەر بێ
سەر هەڵبڕە ڕووت ببینم ئەمڕۆ
با خوێنی منت نەیێتە ئەستۆ
ئاساری گوڵانی نازەنینە
ئەم خەندە لەبیی و پێکەنینە
ئەم عیشوە بەنازکیی بەدەنتە
یاخو ڕەوشی غەزالی چینە
نەشئەی جلوبەرگی ئەتلەسیتە
یا لەنجەیی حووری سەر زەمینە

ئازاری لەشم زیاد نەکەن لێم
زاماریی جەرگ و سۆزی سینە
ئەو شۆخە ئەگەر ببێتە باعیس
چاک بوونەوەی ئەم هەموو برینە
(فایق) بەدڵ و دەروون ئەڵێ پێت
ماشەڵڵا لە یادی ئەو نگینە
سەر هەڵبڕە ڕووت ببینم ئەمڕۆ
با خوێنی منت نەیێتە ئەستۆ
ئەم شەوقە بەرەی جەمالی تۆیە
ئەم زەوقە خەیاڵی خاڵی تۆیە
(ئامین)ە کە (فاتیحە)ی کیتابم
تا غەمزەیی چاوی کاڵی تۆیە
ڕاستە کە قەدی سەر و سنەوبەر
وەک عەرعەری نەونیهالی تۆیە
تاقانەیەکی لە باغی گوڵدا
بولبول بەسەحەر بیلالی تۆیە
وەستاوە بەرەو ڕوخت هەمیشە
تالیب بەشنەی شەماڵی تۆیە
(فایق) کە مەلوول و ماتە دایم
هەر مونتەزیری ویساڵی تۆیە
سەر هەڵبڕە ڕووت ببینم ئەمڕۆ
با خوێنی منت نەیێتە ئەستۆ
بێ شوبهەیە من کە جان نیسارم
پەروانەیی تۆیە قەلبی زارم
تەووافی حەرەمتم ئەر قبووڵ کەی
ڕاغیب بەچەمەنتم ئەی نیگارم

مەستانە سیفەت لە وەسفی تۆدا
گەه کەبکم و گەه وەکو هەزارم
سەد شوکری خودا لە لوتفی تۆوە
دوڕڕ و گەوهەرە یەغانی بارم
گۆشەی نەزەرت ئەگەر لە من بێ
ئیکسیرە لەبۆ غوباری نارم
مەئیووس نییە (فایق) ئەی پەری ڕوو
بۆ مەرحەمەتت ئومێدەوارم
سەر هەڵبڕە ڕووت ببینم ئەمڕۆ
با خوێنی منت نەیێتە ئەستۆ
ئۆخەی ڕەوشم تەریقی عەشقە
دۆزینەوەیی حەقیقی عەشقە
ئەم فیکرە کە لەش ئەخاتە جونبوش
تەئسیر و نەوەی دەقیقی عەشقە
موسلیم کە بچێتە ناو جەهەننەم
مەترووده تەواو تەریقی عەشقە
وەک شەمعی فەنەر بەشەو ئەسووتێ
چۆن عالەم ئەڵێن غەریقی عەشقە
کەی بێ لە قیامەتا بڵێن پێم
ئەمڕۆژە ئەمەش فەریقی عەشقە
وەک (نالی) و (سالم) و (وەفایی)
(فایق) کەمەکێ (حەریق)ی عەشقە
سەر هەڵبڕە ڕووت ببینم ئەمڕۆ
با خوێنی منت نەیێتە ئەستۆ

تەرکیب بەند

ئاڵتوون کۆپری ١٩٣٩/٦/١

وەرە ئەی دلبەری حەمیدە سیفات
موو کەمەر، لەب شەکەر، ئەنیسی حەیات
بەکەلامت شیفای دڵم بۆ دێ
بەنیگاهت بەجێ دەیێ ئاوات
بەقسەی من بکەی زەرەر ناکەی
چونکە من خادیمم بەعەزم و سەبات
جەوری تۆ خۆشە لام بەڵام جارێ
بێ ویسالم نەکەی هەتاکو مەمات
دەردی عەشقت کوشندەیە گیانە
پێم کەرەم کە دەوا تەبیبی نەجات
من دەماغم لە حوببی تۆ مەستە
نامەوێ زەوقی عەتر و نوقڵ و نەبات
سەیری چیهرەت ئەکەم ئەوەند پاکە
سوورەتی خۆم دیارە وەک میرئات
بەقسەی خەڵقی خۆت مەتۆرێنە
دڵی (فایق) ئیتر مەڕەنجێنە
جاربەجارێ بەدیت ئەکەم لە خەوا
لە خەوی خۆش ئەبم لە نیوەشەوا
وا تەسەوور ئەکەم پەشیمانی
لەو سزایەی بووەتە هەدەر بە هەوا
دڵنەواییم ئەکەی لە هیجرانم
پاش ئەوەی دڵ کە کەوتە ساز و نەوا

(بارک الله) چ پاکە گیانی تۆ
گوێ لە کەس مەگرە توبێ زاتی خوا
لە ڕقی دوژمنان وەرە چابە
هەر لە هیجرانی تۆیە دیدە ڕوا
سەردەمێ یار و هاودەمی من بووی
پێم بڵێ بۆچی ئیکە بۆت نەلوا
وا بزانم ئەبێتە دوژمنی تۆ
هەرکەسێ لەو جەمالی پاکە دوا
تا لە دنیایی ڕۆشنا ماوم
شەڕ و خێرت ئەنێمە سەرچاوم
کەوتە یادم مەحەببەتی جاران
ئیلتیفات و موساحەبە و عینوان
عیشووە و خەندە و تەبەسسومەکەت
مەحرەمی بەندە باخسووس قوربان
ئەو هەموو عەیش و نۆشە چوو لە دەسم
بێ پەنا ماوم ئێستە سەرگەردان
چۆن لە دووریت دڵم نەناڵێنی
چۆن لە هیجرەت سەرم نەبێ حەیران
چۆن هەناسەی دەروون نەگاتە فەلەک
چۆن جگەر لەت نەبێ لە داخی نیهان
چۆن نەڕێژم لە دیدە خووێناوێ
سەرزەمین تەڕ بکا وەکو باران
من ڕجات لێ ئەکەم ئیتر بەسمە
ئەم هەموو زیللەتە کە دیومە عەیان
ئێستە وەختی ویساڵی یارانە
عەسری بیستەم بەکەیفی ڕەندانە

تا هەوای عەشقی تۆ لەسەرما بێ
غەم لە دڵدا ئەبێ تەوەللا بێ
گیان دەبێ دائیما موفەڕڕەح بێ
تاجی زیللی ئەگەر لەسەر نابێ
ئێستە باکم لە تەعنی خەڵق نییە
لوتفی تۆ زەڕڕەیێ ئەگەر مابێ
بەسەری تۆ قەسەم نییە شک بەم
غەیری حوببت شتێ لە دڵما بێ
ئاخ لە دەس جەوری تۆ چ بێدارم
عاشقانت نزیکە شەیدا بێ
من لە دووریت دڵم بووە بەتەنوور
تۆش ئەڵێیت ئەم هەژارە ڕیسوا بێ
بۆ هیلاکی ژیان و زاماریم
چاری دەردم مەگەر لەمەولا بێ
تۆ حەبیبی بەڵام وەفا ناکەی
تۆ تەبیبی کەچی دەوا ناکەی
بۆیە پێم خۆشە گریەیی خوێنین
شۆرەزاری دڵم ئەکا ڕەنگین
وەکو گوڵ پێی دەپشکوێ گیانم
چەشنی باران لە بۆ زەویی هاوین
تۆ لە بیرم نەچووی هەتا زیندووم
من لە بیرت ئەچم بەبێ تەحسین
وەرە لابە کودوورەتی قەلبم
دڵنیام کە لە فیرقەتی پڕ کین
وەرە با دوژمنان موکەددەر بن
ڕابوێرین بە شادی وەک پێشین

وەرە ئەی نەونەمامی پڕ عیشوە
چاوەڕوانت ئەکەم بەقەلبی حەزین
بەقودوومت سەرم لە ڕێتایە
گیان ئەکەم پێشکەشت بەسەد تەمگین
چاوەڕوانت ئەکەم بەخەو تاوێ
تۆش مەوەستە وەرە لە ناکاوێ

بۆ جلخوارەکان[1]

ئاڵتوون کۆپری- پردێ
١٩٣٩/٦/٩

خاڵۆی تورکمان نەوەی جەنگیزخان
بۆچی مەحزوونی کەوتوویە کێوان
ئەملات بەهەشتی کوردەوارییە
ئەولات عەرەبن زۆری شارییە
سەرم سوڕماوە واقم وڕماوە
تێم بگەیێنە چیت لێ قەوماوە؟
کەوتە پێکەنین خاڵۆی منەووەر
وتی بەسەری (ڕەشاد) و (ئەنوەر)[2]
بەگۆڕی (غازی) و قەبری (یوزدەمیر)[3]
ئەمڕۆ دڵخۆشم ئەبمە جیهانگیر
وا تورک دێتەوە بۆ ناو وڵاتمان
بەگەورە و بچووک ئەکا خەڵاتمان
ئەی ئەرقەداشلەر ئەی ئەرقەداشلەر
گوێم لێ ڕابگرن وەک بەیتی عەنتەر
وتم: هەموو تورک پانزە ملیۆنە
فەتحی ئەم ڕۆژەی ئوسلوبی چۆنە
وتی: فابریقە و تەیارەی هەیە
مودەرڕەعات و سەیارەی هەیە
سێ ملیۆن عەسکەر هەمووی پیادە
ئەوەندەی تریش سواری ئامادە
تۆپی سەحرایی و تفەنگی نایاب
وا موهەییایە ئەگاتە پەنجاب

(ئەسکەندەروون) و (سووریە)ش ئەگرێ
ئەنجا چاوێکیش لە عێراق ئەبڕێ
بابە بێدەنگ بە تورک جیهانگیرە
ئەمە ئیرسێکی باووباپیرە
ئەی ئەرقەداشلەر ئەی ئەرقەداشلەر
گوێم لێ ڕابگرن وەک بەیتی عەنتەر
وتم: تورک ئێستە لەوەی لاداوە
وتی: میساقی میللی هەرماوە
وتم: نایەوێ خۆی بفەوتێنێ
وتی: ئاخری شەڕ دەقەومێنێ
وتم: بەتەنیا شەڕی بۆ ناکرێ
وتی: ئەو قەومە گوێ لەوە ناگرێ
وتم: خۆ کەرکووک لەسەر عێراقە
وتی: نەوتەکەی مایەی مەراقە
وتم: ئەی خاڵۆ عەقڵت نەماوە
هەرچی دەفەرمووی خەیاڵ پڵاوە
تورکی بێچارە مەشغووڵی خۆیە
تۆش وا ئەزانی دڵی لای تۆیە
ئەی ئەرقەداشلەر ئەی ئەرقەداشلەر
گوێم لێ ڕابگرن وەک بەیتی عەنتەر
هۆ خاڵۆ خاڵۆ تۆ زۆر شێواوی
تۆش وەکو ئێمە برا خنکاوی
تا تورک لێرە بوو هەمووی دوژمن بوون
ئێستە کە ڕۆیی سینە کون کون بوون
وا ئەوان نایەن ئێوە ئوغرکەن
بەڵکو (ئەنقەرە)ش وەک خۆتان کەرکەن

بەخوا گەر تورک ئێوەی دەسکەوێ
لێتان مەعلووم بێ ناگەنە شەوێ
من پێتان ئەڵێم خەیاڵتان خاوە
تورک مەیلی ئێوەی ئێستە داناوە
ئەگەر لانەدەن لەم فکرە بۆشە
برایەتیتان یەکجار ناخۆشە
ئەی ئەرقەداشلەر ئەی ئەرقەداشلەر
گوێم لێ ڕابگرن وەک بەیتی عەنتەر

....

(١) جلخوارەکان: بەو کەسانە وتراوە کە مەیلی عوسمانی و گەڕانەوەی تورکیان بووە.
(٢) مەبەست لە سولتان ڕەشاد و ئەنوەر پاشایە.
(٣) مەبەست لە غازی مستەفا کەمال، یوزدەمیر (زابتێک) ئەفسەرێک بوو – (د. عزەدین).

ئەحواڵی شەربەکەم

ئاڵتون کۆپری ١٩٣٩/٧/٢٨

ئەی شەربەکەم ئەی ڕەفیقی فائیق
ئەی بێ غەم و هەم لە گشت عەلائیق
ئەی سەنعەتی شاری جوانی بەغداد
وەی لابەری تێنوێتیی پەریزاد
بۆ نازکی هەروەکو بلووری
غەم لابەر و، باعیسی سرووری
من خزمەتی تۆ بەفەرز ئەزانم
هەر ڕەونەقی تۆ ئەبێ نیشانم
جوابم بەرەوە ئەکەم سوئالێ
ئەم حەسرەتە با نەنێمە چاڵێ
بۆ چ دائیمی خاڵییە دەروونت
سەرەڕای ئەوە گەرمە ئاوی ڕوونت
ئەو پارەیە دام بەتۆ خەسار بوو
یا تالیعی من خراپ و زار بوو

وەڵامی شەربەکە

ئەی فائیقی کیسە پڕ لە درهەم
وەی زاڵمی بێ غەمی موعەللەم
ئەوسا کە منت کڕی لە بەغداد
دوورکەوتمەوە لە خزمی دڵشاد
چۆن تۆ دڵت وەک تەنوورە بۆ خوێش
بۆ گەرمی منیش وەهایە ئەندێش
وەک تۆ لە فیراق ئەڕێژی فرمێسک
تەبعەن کە منیش هەمە ڕەگ و ئێسک
ئاو دێتە دەرێ لە هەردوو چاوم
دڵ گەرمم و لەت بووە هەناوم

لەسەر سەگرمە

سەگرمە ١٤/١٠/١٩٣٩

ئەم جێیە کوێیە من لێی دانیشتووم
یاران پێم بڵێن تا نەڕۆیشتووم
چوار دەوری داوم دەوەن و کانی
دارستانێکە سەری یەزدانی
فەرشم شاخێکە بڵند و نازدار
شەماڵی لەنجە ئەکا بەنزار
ئەم لام (سەنگاو)ە، ئەو لام (قەرەداغ)
جێگایەکی خۆش، هەوایەکی ساغ
چامان لێ ناوە ئەڵێی سەیرانە
خەمێکمان هەبێ دووریی یارانە
چین چین ئاسکە دێنە بەرچاوم
سڵ ناکەن ئەڕۆن، بۆ سەیر وەستاوم
قاسپە قاسپی کەو لەبن درەختا
دەنگی پەلەوەر لە چیای سەختا
قیژەی مناڵ و بارەی بزن و مەڕ
ئەم جێیە چۆڵەی کردووەتە مەحشەر
تیپ تیپ کچە جاف ناسک نازەنین
کە دێن بەرەو ڕووم دەم بەپێکەنین
منیش عاشق و پەروانەکەی یار
زامی دڵەکەم دێتەوە ئازار
شیعر ئەخوێنمەوە، گۆرانی ئەڵێم
ناڵەی خۆم ئەکەم، لە دووریی لەیلێم

(فایق) وڵاتت دوڕرو گەوهەرە
سەرچاوەی ئاوی چەشنی کەوسەرە
شاخی سەگرمە قوللەی (ئیڤڵ)ە
فەرەح بەخشی گیان، موونیسی دڵە
ئەهلی هەموو کورد، شیرین کردارن
قەومێکی نەجیب، هەموو نازدارن
گیانت دابنێ لە بەر پێیانا
خاکی ڕێگابە لەسەر رێیانا
میللەت و وەتەن بۆ تۆ مەقسوودە
لەسەر ئەو دووانە بکوژرێی سوودە

هاوار

ئاڵتوون کۆپری ١٩٤٠/١/١

ئەی برا کوردەکانی ئاوارە
عەرزی ئێوە ئەکەم ئەم ئەفکارە
لە کوڵی دڵمەوە بەسۆزی جگەر
دێتە دەر ئەم سەدایی هاوارە
با هەموومان لە خاکی کوردستان
ڕێک بخەین کۆمەڵێکی غەمخوارە
غایەمان ئیتتیفاقی خۆمان بێ
میر و ئاغا غەنیی و بێ پارە
یەکدڵ و یەکزوبان و ئازابین
بۆ تەرەققیی وڵاتی بێچارە
ئەی براکانم، ئەی عەزیزانم
دڵ لە داخی وەتەن بریندارە
عەسری بیستەم جیهانی ڕۆشن کرد
کەچی بۆ ئێمە وەک شەوی تارە
عەیبە چاومان لە خوانی خەڵقی بێ
بۆ مڵ و مووشی نەفسی بێکارە
ئەجنەبی فائیدەی نییە بۆمان
بەڵکو وەک ئەژدەهای بریندارە
کورد لە سایەی کەسا بەپیاو نابێ
کێ بەتەنگ کێوەیە ئەوەش دیارە
ئێمە خۆمان ئەگەر مونەووەر بین
تێ ئەگەین دەورمان هەموو مارە

**

سەد ئەسەف بۆ هەموو بەجێ ماوین
سەد ئەسەف بووینە پیاوی ئەو خوارە
چەندە ناخۆشە لام کە نیمانە
نە حکومەت، نە شاهی خونکارە
چەندە ناخۆشە لام لە گوێم نایەت
دەنگی تۆپ، گرمەگرمی تەییارە
ئەوە بۆ چ وا لە ئێوە قەوماوە
جاهیل و دوودڵی حوکمدارە
وەرن ئەی لاوەکان دەخیلتان بم
دڵی میللەت هیلاک و بیمارە
زووبەزوو عیللەتی تەداوی کەن
وەک پرۆفسۆر کە لەش ئەکا چارە
گەر نەجاتی نەدەن، ئەوا ئەمرێ
ئەم وڵاتە عەزیز و نازدارە
وەرن ئەی لاوەکانی کوردستان
پشتیوانمان خودایی جەببارە
سەربەخۆیی بخەینە بەرچاومان
یەک کەوین هەر کەسێ کە هۆشیارە
جەژنی میللی نزیکە بۆ ئێمە
نەک بەگوفتار، ئەویش بەرەفتارە

لە قەڵای شیروانە (کفری)[١]

١٩٣٩/١١/٢٢

هەوارم ئەمڕۆ لەسەر سیروانە
بۆ نووستن ئەچمە (قەڵای شیروانە)
سیروان ئەناسم دۆستەکەی پێشین
بەڵام قەڵاکە قەسرێکە شیرین
بنچینەی قەڵا توورەکە ڕێژە
لەسەر ئەو قەڵا دوور و درێژە
چەند ژوور، چەند هەیوان، چەند پێچ و پەنا
سەر سووڕ ئەمێنێ لەو سەنعەتەدا
پیلانی وا جوان، قەڵای وا مەحکەم
بۆ عەقڵی قەدیم قەت باوەڕ ناکەم
عیلمی هەندەسەی تیا تەتبیق کراو
سەرەڕای ئەمانە نزیکە لە ئاو
نەقش و نیگاری فیکرێکی وردە
(ئەمە ئاساری عەتیقەی کوردە)

نامەیەک بۆ هاوڕێیەک

لە پەراوێزی دەستنووسەکەی خۆیدا نووسراوە (نامەیەک بۆ هاوڕێیەک) مامۆستا حەمەبۆر دەڵێ ئەو هاوڕێیەی منم و، ئەم هەڵبەستە وەڵامی شیعرێکی منە کە سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێ ئەکات:

پایزە برا دۆستی شیرینم
بەدووریت هەتا بڵێی غەمگینم
لەوساوە کەوا لە تۆ بڕاوم
مات و زەبوون و خەستە هەناوم
بەینی من و تۆ برای شیرینم
بەجوغرافیا زۆر کەم ئەبینم
ئێوە لە بەغدا لەسەر ڕووبارن
کە خەیاڵ ئەکەم هەمووتان دیارن
وا شەو هات بەڵام شەوێکی خۆشە
مانگە شەو دنیا هەمووی خامۆشە
نامەم ئامادە بۆ شاری بەغدا
یا مانگ یا سیروان یەکێکیان ئەیبا
ڕێگە ڕۆینم لەم ژوور گەرمیانە
(پێباز) (پەیکوڵی)، (بانی خێلان)ە
عەشرەت بەعەشرەت تیرە بەتیرە
گەڕانی ناو جاف ئێجگار دڵگیرە
ئەڕۆم ئەگەڕێم بەسەیر و سەفا
خوا بەنسیبی ئێوەشی بکا
بن شاخی (بەمۆ) دەشتەکەی (پێباز)
پڕ لە کیژی جاف ناسک و نازناز

بەتیلەی چاوان جەرگم زامارە
بەلارولەنجە دڵ پڕ هاوارە
خڕەی هەیاسە، زڕەی کەمەرە
بۆ دڵی (فایق) چەرخ و چەمەرە
بەزوڵفی ئەمان بەستەی زنجیرم
یارەکەی خۆمیان بردووە لە بیرم
لەناو (شاتری) و هۆزی (گەلاڵی)
ئێستە کەوتوومە بەرگی عەودالی

فەیەزانێکی ئاوی زێ

ئاڵتوون کۆپری ١٦/١٢/١٩٤٠

چلەی زستانە بۆیە ئاوەکەی زێ ڕەنگی گۆڕاوە
بەشێکی ئاوی بارانە و بەشێکی کەیشی بەفراوە
شەپۆڵی پڕ تەوژمی دار ئەهێنێ، شێخەڵ ئەرمێنێ
بەمیقیاسێ کە نووسراوە ئیتر ئەم زێیە هەستاوە
چ هەستانێ لە ئەهلی ئێرە بووەتە ڕۆژەکەی تۆفان
کەڵەک ناوێرێ خۆی دەرخا نەهەنگێکی لەبەر چاوە
مەگەر ماسیگر ئەمجا بچنە ناو گۆم و قەراغ زەلکاو
ئەگینا ئاو ئەیانبا چەند کەسی بەو جۆرە قووت داوە
خەتەر نووسین خراپە با نەشێوێ شارەکەی بەغدا
بڵێن شوکری خوداکەن مەنفەعەت بۆ بەسرەو و فاوە
بەڵێ ئەم جونبوشە هەر پێشڕەوی سەیلی بەهارانە
ئەناڵێنێ ئەگرمێنێ ئەڵێی شێرێکی ناوداوە
زەمینی دەوروپشتی سەوز و شینە هەروەکو گوڵشەن
هەڵۆ لە لووتکە شاخی بەردەمی هێند گوژمی لێداوە
ئەگەر ئەم دێیە لێرە باربکەن هەقیانە لام چونکە
لەبۆ خانوو دەر و دیوار پڵنگێکی بەشالاوە
تەدابیری حەساری مەحکەمی پێ ناوێ بێ سوودە
شەو و ڕۆژ جەیشی جەڕڕاڕی لەهەر چوار لاوە کێشاوە
لە مەنشەء گەر دەپرسن چونکە ئاوی شاخی خۆمانە
زەرەر نادا لە عالەم بەڵکو نەفعی لێ بەجێ ماوە
فیدات بێ گیانی شیرینم وەتەن لەو خاکە ڕەنگینە
شەتی زێ هەر بەدار و گیایەکەی باغێکی داناوە

هەموو ئێوارە تێر سەیری بکەم هێشتا کەمە بۆ من
نەزەرگاهی تەبیعی ئاوی (نیل)ی خستە ئەولاوە
گەهێ سووره وەکو دوو چاوی عاشق پڕ لە خوێناوە
گەهێ ئاڵۆزە وەک چاوی نیگاری تازە هەستاوە
زەمانێکە لەسەر ئەم ئاوە بەزم و کەیف ئەکەم بۆ خۆم
لەمەولا زۆر ئەترسم ئەمری نەقلم بێ لە بەغداوە

شارەکەم

سلێمانی ٦/١١/١٩٤٠

زینەتێکی هەیە سلێـــــمـــــانی
وەســـفی ناکـــا زوبان بەئاســـانی
کە تەمـاشـا ئەکـەم سـەفـای جـوانی
مـــــورغی ڕۆحم ئەڵێ بەپەنهـــانی:
ئەی وەتـەن، ئەی وەتـەن چ شــیـــرینی!
چەندە دڵگیـــــر و چەنـدە ڕەنگینی!
مەنزەری دەشتی وەیس و کانێسکان
باغی میللی کە عەتر ئەکا پەخشان
گـــۆیژە و گـــردی یارەو و ســـەیوان
لادەبا حـــەســـرەتی دڵی ئینســـان
ئەی وەتـەن، ئەی وەتـەن چ شــیـــرینی!
چەندە دڵگیـــــر و چەنـدە ڕەنگینی!
هەر بەیانی کە زوو لە خەو هەستی
ســـەیری دونیـــا بکە بەبێ هەســـتی
شنەیەکی نەســیم بەســـەرمـــەســتی
تەوقـــیـــێکت لەگـەڵ ئەکـا دەســـتی
ئەی وەتـەن، ئەی وەتـەن چ شــیـــرینی!
چەندە دڵگیـــــر و چەنـدە ڕەنگینی!
شاخەکەی بانگ ئەکا کە چەند جوانم
بێنە ســـەر مـــەنزەری درەخـــتـــانم
بەفـــرە پۆدرەی ڕۆخی درەخـــشـــانم
پەلکە زێڕینە پرچی ســـەر شـــانم
ئەی وەتـەن، ئەی وەتـەن چ شــیـــرینی!
چەندە دڵگیـــــر و چەنـدە ڕەنگینی!

هێندە لام خـــۆشـــە ئەم زەوی و زارە
لای دڵی مـن بەهەشـــــــتی ئاوادارە
خـۆزگە خـۆشـتـر ئەبوو بەیەکجارە
مـــەدەنیـــیـــەت ئەگـــەییـــە ئەم شـــارە
ئەی وەتـەن، ئەی وەتـەن چ شــیـــرینی!
چەندە دڵگیـــــر و چەنـدە ڕەنگینی!

هەوای قەندیل

قەلادزێ ١٩٤١/٨/٨

داوێ بۆ تاوی پەرچەمی تۆ یاری مەستە چاو
بازی دڵی نەزان بوو بەتاو هات و کەوتە داو
ڕەنگ زەردم ئێستە تاوی نەماوە دڵەی هەژار
ئنجا وەرە بزانە چلۆنە کزەی هەناو
هەردەم لە دوورەوە کە گوڵی ڕووت بەچاو ئەکەم
وام مەست ئەکا نزیکم ئەکا سەر بنێمە جاو
پیاوکوژ نەبووم بەبەندەوە بەند بووم بەمانگ و ڕۆژ
دڵسۆزبە، ڕەنجی ئەم هەموو ڕۆژەم مەدە بەئاو
کوێستانی بن چیاکەی قەندیلە جێگەکەم
هاوڕێم شەماڵ و، تاڤگەی ئاو، شوێنی بێ هەتاو
جارێک وەرە بەلەنجەوە دەستێ بخەینە دەست
ئەم جێیە خۆشە مەینەتی دڵمان ئەکا بڵاو
چەند ڕۆژێ پێکەوە لەبن ئەو شاخە سەیر ئەکەین
کاتێ بەجێم بهێڵی ئەڵێم کامی دڵ تەواو

پەیامێک بۆ یار

سلێمانێ ١٩٤١/١٠/٤

دەمت کە غونچەیە چاو نێرگس و ڕوخت لالە
دڵێ کە عەشقی ڕوخی تۆی نەبێ کەڕولاڵە
زوبان لە وەسفی قەدت دائیما تەڕ و پاراو
سەرم لە عەشقی جەماڵت بەڕۆژ و شەو قاڵە
نەوەک دڵم بەخوا گیانە، گیانی شیرنم
لە دەوری شەمی ڕوخت وەک پەپوولە عەوداڵە
ئەگەر بەچاوی حەقیقەت نەزەر بکەی لە لەشم
بەشوعلەیی ڕوخی تۆ خۆت ئەزانی زووخاڵە
خەیاڵی تۆ لە دڵی دام بەجارێ ئاگری گرت
دڵم سەبوورە، سەرم پڕ سووروورە بەم حاڵە
چ بێ وەفای و جەفات چەندە زۆرە ئەی نازدار
ئەوی کە عاشقی تۆ بێ زەلیل و پاماڵە
مەنازە بەم هەموو حوسنە، وەفات ببێ چاکە
هەتاکو عاشقی خۆت ڕوو نەکاتە سەر ناڵە

که سەیری کورد ئەکەم

سلێمانی ٣٠/١٠/١٩٤١

کە سەیری کورد ئەکەم وا تێ ئەگەم کوردێکی خنکاوە
بە دوو کەس کوشتوویانە و ناشتوویانە و خوێنی فەوتاوە
ئەگەر باوەڕ ئەکەن ئەی هۆزەکەم لای من بەبیری خۆم
لەپڕ دێتە دەرێ لەو گۆڕە ئێستەش گیانی تیا ماوە
دەسە و خەنجەر لەپڕ هەڵمەت دەهێنێ هەروەکو زیندوو
ڕووەو دوژمن ئەچێ غەدری لەمەوپێشی لەبەر چاوە
ئەگەر هۆشی لە سەردا بێ ئەزانێ دوژمنی کێیە؟
هەقی خۆی لێ بسێنێ وەک ئەوان کردیان لە دوو لاوە
دەسا کوردینە تا فرسەت لە دەستایە و نەکوژراون
لەگەڵ یەک یەک گرن، دوژمن هەزاران داوی داناوە
گەهێ کوشتن گەهێ یەخسیر گەهێ هیجرەت گەهێ زنجیر
گەهێ سێدارەو و تۆپ و تفەنگی بۆت حەشار داوە
لە ئاگری داغەوە کوشتاری تۆیە تاکو لوڕستان
سەر و ماڵ و وڵاتت لای ئەم و ئەو بڵقی سەر ئاوە
ئەمە حاڵی وڵاتی کورد و کوردستانە شەو تا ڕۆژ
کەچی گەورە و بچووک کەمتەرخەمن بەم حاڵە شێواوە
وەرن ورد تا درشت هەروەک برا بین دەست لە دەستا بین
لە پێناوی یەکا سەر دابنێین هێزمان هەتا ماوە
وڵات ئاوا بکەین، پێشڕەو چرای عیلم و مەعاریف بێ
سەناییع فێر بین ئەوسا ئەڵێن کورد خاوەنی ناوە
هەتا ئێمە لە جەهلا بین عەدوومان هەر لە شەوقایە
مەعاریفمان ببێ دوژمن بەدەستی ئێمە کوژراوە

بۆ مناڵان

سلێمانی ٢٠/١١/١٩٤١

ئەی خاکی پاکی نیشتمان
ئەی خاوەنی ناو و نیشان
ئەی بێشەی شێری ژیان
وا چاکە بۆ من تاکو مان
قوربانی تۆی کەم جیسم و جان
ئەی نیشتمان... ئەی نیشتمان
سیروان و زەڵم و تانجەڕۆ
لام سەلسەبیلە بێ درۆ
باخێکی زۆر خۆش ڕەنگ و بۆ
وەختێ ئەبینم خاکی تۆ
گۆپکەی هیوام دێتە چرۆ
ئەی نیشتمان... ئەی نیشتمان
شارت بەوێنەی مێرغوزار
دێت بووەتە هاوینەهەوار
دەشت و چیات جێی ئیفتیخار
بۆ کوردی کەمدەستی هەژار
گیانم فیدات لەیل و نەهار
ئەی نیشتمان... ئەی نیشتمان
ئەی دایکی بێ هاوڕەنگ و تاک
بۆ بێ کەسیت بووم دەردناک
شەرتە هەتا ئەمنێنە خاک
قوربانی تۆی کەم گیانی پاک
بۆ خزمەتت نابم هیلاک
ئەی نیشتمان... ئەی نیشتمان

تەماشایەکی زەمانە و ئەهلی زەمانە

چوارتا ١٩٤١/١٢/١

کردەی زەمانە بردەیی لاوچاکی تیا نییە
دوون پەروەرێکە ڕاست و ڕەوانی لەوا نییە
وەک پایەبەرزی ئێستە بەنووکی قەڵەم نییە
ئیقبال و دەوڵەمەندی بەڕەنج و دوعا نییە
کاکە بەنان و خوانی زەمان دەسخەڕۆ نەبی
نانێکی ئەو قڕانێ ئەکا بێ بەها نییە
وا چاکە تێک نەچیت و هەوات بەرز نەبێ برا
وەختێ سەرت بخاتە سەما بێ تەما نییە
دڵ ڕاگرە خەریکی خراپە و بەدی مەبە
گیان با نەبێ نموونەی ئیشت فەنا نییە
نامرێ ئەو کەسەی کە چاکەی جێهێشت لەسەر زەوی
مردوو کەسێکە کردەوە و ئیشی چا نییە
پەردەی زەمانە سەیرە لە فیکر و لە سینەما
وێنەی شریت و دیمەنی ناو سینەما نییە
دوێنێ (ڕەزا)[1] ڕەزایی چ سووک بوو بەتاجەوە
ئیمرۆش ڕەزای چ قورسە کە دوو ڕۆژە شا نییە
ڕەنگێکی ڕشتووە فەلەک ئەمڕۆ بەعالەما
ناچێتەوە، چ بڵحە، ڕەش و پیسی وا نییە
چاکە نەماوە عەهد و وەفا بووەتە گفتوگۆ
هەرکەس ئەبینی (بێنە) ئەڵێ جارێ (ها) نییە
عالەم ئەبینی هەڵپەیەتی و پارە مۆڵ ئەکا
تێربوون نەماوە، سواڵکەری ئێستە گەدا نییە

زۆرن لەوانە باخەڵی پڕ قەرز ئەکا بەڕۆژ
چاو برسێتی لە چاوی ژن و پیاو جیا نییە
ئای چەند برا و برادەری گیانیت هەیە کە بووت
پارەت نەبێ برادەریی و مەرحەبا نییە
هاوخوێنی خووەتە داوی وەهات بۆ ئەنێتەوە
تیا دەرنەچی بزانە براتە، برا نییە
باوەڕ مەکە بەخزم و کەس و دۆستی دڵفڕێن
تەنگانە بێتە پێشەوە خزمت لەلا نییە
تا شک بەرن بەڕاست و چەپا ماڵەکەت ئەخۆن
کاتێ نەبێ لە دوور و نزیک ئاشنا نییە
باوک منالی خۆی بەکەری سوخرە دائەنێ
ئەولادەکەش لە عاستی ئەوا بێ هەرا نییە
چاکیان ئەناسم ئەهلی زەمانە لە خیلقەتا
هەر چاوەڕوانی چاکەیەکم ڕووبدا، نییە
ئەو پیاوە کوانێ دەستی سەخای عالەمی ئەگرت
ئینسانی ئێستە شەرمی لە خەڵق و لە خوا نییە
هەر فیتنەیی و درۆیە لە بەینی ئەم و ئەوا
دڵسۆز نەماوە، سێبەری عەدل و وەفا نییە
وا چارەنووس کە ئێمەی نووساند بەناسەوە
جارێ چوو، چارەی لە دەسی تۆ و منا نییە
تف لەم ژیانە چونکە وەها دێ و بەسەر ئەچێ
تف لەم جیهانە جێگەی عەیش و سەفا نییە
لەم چەرخی بەدڕەوشتە خودایە هەزار ئەمان
ئەم ڕێیە چەوتە، ڕێگەی ئەهلی هەوا نییە

(فایق) دەخیلە تووشی تەڵەی دەهری دوون نەبی
ڕەحمی بەكەس نەكردووە، بۆ تۆش وەها نییە
چاك بە و ڕەفیقیی ئەهلی زەمانە مەكە و بڕۆ
ڕۆژێكە كەس نەماوە بڵێن بێ خەتا نییە

....

(١) ڕەزا مەبەست لە ڕەزا شای پەهلەوی شای پێشووتری ئێرانە.

چوارینە

چوارتا ١٩٤٢/١/٣

شێوەت كە هەڵی داوە لەسەر چاوی خەیاڵم
یادت لە دەروونمایە و پێی شاه و قەڕاڵم
نامەت لەبری تاجی سەرم زینەتی گیانی
هێشتاكو ئەڵێی نۆكەرم، ئەی هەشت بێ بەماڵم

پیاوەكانمان لە ساڵی ١٩٤٢دا

سلێمانی ١٩٤٢/٣/١

لەم شارەدا گەلێكی بەناوی وەها هەیە
بێجگە لە خانوو، پارەی زۆری لەلا هەیە
هەر مەجلیسێ بچێ بەكەش و فش ئەچێتە ژوور
لەو ژوورەدا بەرامبەری ئەو گیان فیدا هەیە
بۆ باسی واریداتی زەوی و زار و موڵك و دێی
زارێكی گورج و هۆشی ئەرەستۆی لەلا هەیە
باسی وڵات و مەنفەعەتی نیشتمان بكەی
ڕوو گرژ ئەكات و هەندێ قسەیشی لە دوا هەیە
مەئمووریەت مونافەسەیە لای خەیاڵیان
زوو ئەچنە ژێری گەرچی لەوەشدا سزا هەیە
سواڵكەر لەوانە پارەی هیچ وەرنەگرتووە
خۆشیان ئەكەن بەگەورەیی میللەت هەتا هەیە
وەك ماڵی زۆرە فیكری بڵندی لەلا نییە
دەربەست نییە، لە پاشملە، جوێن یا سەنا هەیە
تووتی لەوانە زیاتر ئەزانێ بەگفتوگۆ
چونكە وەڵامی پیاوی گەدای (خوا بدا) هەیە
ئاه! ئەی وڵاتی بێكەس و بێ پیاوی ژیر و چاك
پیاوت نەماوە خزمەتی تۆ ئێستە كوا هەیە!
توخوا مەڵێن ئەمانە لە كوردن لەبەر ئەوەی
كورد پوولەكی نەبوون و، دەسی بۆ سەخا هەیە
ئەم دەستەیە نە چاكە ئەزانن نە پیاوەتی
بۆ خۆی و پارەیان بەخودا ئینتیها هەیە

ئەو پیاو و ناو و دەوڵەتە ئەمرن بەیەک کەڕەت
ئیشێکی وای نەکردووە ببیەم بەجا هەیە
ئەی کاسبی حەبیبی خودا بۆچی غافڵی
نامەرد بزانە دەور و خولت زۆر گەدا هەیە
دەستێ بدە لە باخەڵی پڕ نۆت و پارەکەت
باربووی هەژار بەخێری حەجی ماڵی خوا هەیە
شەو تا بەیانی مەستی هەزار ڕەنگ تەعام ئەخۆی
زۆریش لە خانەیا، نە کولێرە و نە چا هەیە
دەس گرتنێکی بێکەس و هاوسێی نزیکی خۆت
جوان چاکییە و لە لای خوداشت جەزا هەیە
ئیمرۆ ئەگەر موعاوەنەتی قەومەکەت نەکەی
سبحەی کە مردی عالەمێ دڵخۆشە وا هەیە
هەستە مەوەستە چاکە لەگەڵ هاوزوبان بکە
شان و شەرەف لە خزمەتی بێ دەست و پا هەیە
ئەو وەختە پیاوی خزمەتی میللەت بکەی بەماڵ
وەرنە لە ڕێی وتاری زلا چەند خەتا هەیە
ئیشێ بکە کە سوودی هەبێ بۆ وڵاتەکەت
تا خەڵق بڵێن فڵانە کەسیش وەک پەنا هەیە
بەم ماڵ و سەروەتە دڵی بێ دەس بخەیتە دەس
بۆ گۆڕی تەنگ بەچەشنی تەلی کارەبا هەیە
ئەو جێیە بەرزە تۆ هەتە، حەیفە سەخات نەبێ
خۆشت ئەزانی قەدری سەخی چەشنی شا هەیە
ئێستا کە فرسەتە بتەوێ یارمەتی بدەی
میللەت نەخۆشە پارەکەشت وەک دەوا هەیە
هەر چاوەڕوانی ئێوەنە بێدەسەڵاتەکان
توخوا بڵێن دە وەرنەوە ئیمڕۆ عەتا هەیە

کاکە ئەگەر ئەمانە لەلات زەحمەتە وەرە
ڕەحمێ بکە بە میللەتی خۆت وەک غەزا هەیە
بەس ئیحتیکاری گەندم و جۆ و شەکر و چا بکە
بەس نرخی شت بگۆڕە کە شەڕ دوورە تا هەیە
بازاڕی تۆ هەناوی هەموو میللەتی بڕی
لەو خەنجەرەی تیجارەتە سەد ڕەنگ سەدا هەیە
چیت کرد لە چیت و خام و بلووری کە وا نەما
یا خوێنی قەومەکەت ئەمژی تا هەرا هەیە
کووتاڵەکەت بەدەنگی تەلێ نرخی زیاد ئەکەی[١]
خولیای (لۆرت)یت و لەسەرتدا هەوا هەیە
گوێ ناگری لە وەعز و نەسیحەت کە موسلیمن
بێ ڕەحم و خائینی زەرەرت ئاشکرا هەیە
بۆ نەفعی خۆت حەیاتی وڵاتێ ئەخەیتە مەرگ
نرخ دائەنێیت و بانگیش ئەکەی هەی غەلا هەیە
چی بکەم دیارە موستەحەقی لەعنەتی بەشەرع
چاری غەلام لە ڕەحمەتی ئێزەد ڕجا هەیە

(١) دەنگی تەل: مەبەس تەلگراف بۆ کرانە بۆ گرانی و هەرزانی نرخی کەلوپەل.

ساقی نامه

چوارتا ١٩٤٢/٤/١٢

ئەو پیاڵە مەیەی ساقی بۆت هێنام
کاتێ خواردمەوە ئاگری تێ بەردام
ئێستەش هەر سەرم لەوە سوورماوە
بۆ چ ئاو ئاگری لەمن بەرداوە
ساقی فیداتم دەروون سووتاوم
بۆ مەزە ماچێ نەدەی فەوتاوم
زوو دەمت بێنە تێر تێر ماچی کەم
ئەوسا بۆم تێ کە دەم دەم و کەم کەم
ساقی تۆ کەوا شۆخ و شیرینی
کە دێیتە لەنجە ڕێگری دینی
جارێ بەعیشوە جارێ بە بادە
حەسرەتی دڵم هەموو بە با دە
ساقی بەهارە وەک جانی جانان
پیاڵەکەت دانێ و بگرە یەک وچان
نەختێ تەماشای دەشت و چیا کە
دنیا گوڵزارە بەزمێ بەرپا کە
نەغمەش شیرینە بە ئاوازی بەرز
دوو بەستەی کوردی بڵێ لە سەد تەرز
نەک من، دنیایەک دڵی مەحزوونە
با دەرکەین لە دڵ ئەو خەمە دوونە
جارێ ساقی بە، جارێک دلبەر بە
جارێک موغەننی فەرەح ئاوەر بە

ساقی دەمێکە یارم تۆراوە
غەمی فیراقم ئێجگار کێشاوە
ئیمڕۆ تووشت بووم خێرم تووش بووە
هەر بەئەووەڵ پێک فەرقم کردووە
ئەگەر ئەمجارە تازەی کەیتەوە
غەمی دووریی یار دوور ئەخەیتەوە
ساقی ها پارە ئەوە بازاڕە
شەرابێ بێنە بڵێ هی پارە
بێ غەل و غەش و پەمەیی و ساف بێ
مەقبوولی گەنج و پیر و ئەشراف بێ
نەشئە شکێنی شەمپانیا بێ
لابەری غەمی هەردوو دنیا بێ
هێندەم بۆ تێکە سێ ڕۆژ سەرخۆش بم
لارەلار بڕۆم هێندە بێ هۆش بم
ساقی زەمانی شادی کردنە
سبەی دووسبەی نۆرەی مردنە
بۆ ئیمڕۆ خۆشە ژیانی مەستی
چونکە ئەبەخشێ هەوای سەربەستی

چۆلەکە

١٩٤٢/٥/٢

گۆڕینی هەڵبەستی (انا عصفورة الهوى)ی جەمیل صدقی زەهاوییە

من وەکو بێچووە چۆلەکەی خۆشی
هەموو بەیانی بۆ خۆم ئەخوێنم
کە شەو تێ پەڕی دنیا ڕووناک بوو
دڵخۆشم بۆیە واز لە خەو دێنم
چاوت هەڵبڕە خوشکی نازەنین
زەردە و پرشنگی ڕۆژ پڕ دنیایە
سەیری تیشکی ڕۆژ بکە چەند جوانە
دنیای داگیر کرد خۆشی ئێستایە
تەماشای دنیا بکە بەیانە
چاوت تێر نابێ ئەوەندە جوانە
هەموو پارچەیەک لە شاخ و لە دەشت
بەدڵ مەسرووره و بەدەم خەندانە
گوڵ پێ ئەکەنێ بەرامبەر بولبول
لەناو باخانا بەدڵی بێ غەم
شەماڵیش لقی دار دێنی و دەبا
لەسەر شاخ و دەشت، لەناو شیو و چەم
پێش ئەوەی بولبول هەستێ بخوێنێ
بەو دەنگە خۆشە بەبەزمی ڕەنگین
تۆش هەستە لە خەو هەردووکمان ئەچین
لەگەڵیا ئەڵێین یاخود گوێ ئەگرین

تۆپەکەم

١٩٤٥/٥/٣ سلێمانی

گۆڕینی هەڵبەستی (كرتي ما احلاها)ی محەمەد بەهجەت ئەسەرییە

تۆپەکەم شیرینە شکڵی
شەکرە سێوێکە خڕ و جوان
سێوەکە ئەخورێ بەڵام ئەو
بۆ گەمە ئەیهێنمە مەیدان

دائیما بۆ یاری ئەیبەم
بۆ هەوا ئەڕوا کە لێی دەم
دەرئەچێ گەر پێمی لێ خەم
دەنگی وەک تیر دێتە گوێمان

بێنەوە ئەی تیپی لاوان
با بەدەست بیگرین هەموومان
یا فڕێی دەین و بچین بۆی
شەق شەقێنە خۆش و ئاسان

با هەموو بەش بین بەدەستە
دابنێین چاودێر لە خۆمان
هەرکەسێ سەرکەوت بەنازە
زۆر بەدەستە شێری مەیدان

تەتەببوعات

٢٨/٥/١٩٤٢ سلێمانی

چوومە بنچینەی عولوومی (ڕەمل) و(جەفر) و (جەلجەلووت)[١]
تێگەیشتم زەڕڕەیێ نەفعیان نییە هەروەک (سرووت)
(ویفق)ی سێ سووچ و لەگەڵ چوار سووچ و پێنج سووچم کە دی
سووچەکانیان تێ گەیشتم، ئەی برا، لووت و بزووت
چەند کەڕەت نووشتەی ڕەشیم نووسی چ سوودێکی نەبوو
جەلبی دڵدارم ئەکرد ئەمما ڕەقیب بۆ لام بزووت
بۆ (عەزیمەت) خوێندنی جیننی لە وەختی نیوە شەو
(مەستەکی) و (جاوی) ئەسووتان دانە دانە و جووت بەجووت
طەلطەهیش یا (طەیرەهووج) سێ چوار هەزارێکم ئەخوێند
فائیدی چی؟ هیچ نەهات بۆ لام جنۆکەی ڕووت و قووت
تازە وا بام دایەوە و (بادانەوەش عەیبی نییە)
شوێن کڵاوی سەخری جیننی ناکەوم وەک مایە پووت
تۆ مەچۆرە لای قەشە و مالووم و مەللا، گەورە کچ
کردەوەی جوانت ئەبێتە واسیتەی تەعجیلی شووت
(ڕەمڵ) و (فاڵ) نامە و مەلای دین تێکدەری ژن تەفرەدەر
دەستەڵاتم بێ بەجارێ ئەیخەمە ناو چاڵەقووت
دار و بەردی شەخسەکانی کەس نەناس و بێ ئەساس
وا لەجێی خۆی تەخت ئەکەم ئەیکەم بەدەشتی جێگە جووت
لەم پڕوپووچانە ڕزگارم بووە و جارێکی تر
دەست لە ئیشی توڕڕەهات نادەم بەزاتی لایەمووت
خۆزگە وەک من تێ گەییوم کوردەواریش وا ئەبوو
ئەم فڕوفێڵانە بۆ نانە بەتەحقیق و ثوبووت

....

(١) ئەو وشانەی ناو کەوانەکان مەلا نووشتە نووسەکانی سەردەمی پێشوو بۆ خەڵەتاندنی خەڵکی بەکاریان دەهێنان چ لە نووسین چ لە خوێندن و چ لە بەکارهێناندا.

دەنگێکی غەیب

پشتە - هەڵەبجە ١٢/٦/١٩٤٢

لەبن شاخێکەوە دەنگێ بەزاری
ئەهاتە گوێم بەشێوەی هۆزی ئاری
بەسۆزێکی دەروون ئەیوت برا گەل
چ خۆشە یەکیەتی بۆ کوردەواری
چ خۆشە دۆستی بەینی عەشایەر
لوڕ و قەڵخانی، جاف و بەختیاری
نە وەک ئاژاڵی یەک تاڵان بکەن شەو
لە خوێنی یەکترا ببنە تەتاری
وتم هۆ هۆ فریشتەی بن چیاکە
قسەت زۆر جوانە بۆ ئامۆژگاری
بەڵام ئەو تۆوی جەهلەی وا لە کوردا
چرۆی سەوزە لە لادێی و لە شاری
بەسیچکان و بەمازوو تێ شکاوین
عیلاجمان ناکرێ وا زوو بەیاری
ئەگەر خۆمان بزانین هیچ نەزانین
ئومێدی یەکیەتیمان دێتە دیاری
نەقەڵخانی ئەچێ بۆ باوەجانی
نە جاف و تاڵەبانی دێنە لاری
نە شاری دەست و پێی لادێیی ئەبڕێ
نە لادێیی ئەچێتە پێستی شاری
نە ناکۆکی ئەبێتە گونکی سەر دڵ
نە کینەی دڵ ئەمێنێ کاروباری

بڵێم چی خۆبەخۆی یەک زۆر خراپین
بەوێنەی خوێنە خوێن بۆ نالەباری
ئەگینا پیاوی زانا تێ ئەگا زوو
کە (خۆشە یەکیەتی بۆ کوردەواری)

پەپوولە و گوڵ

١٩٤٢/٧/١١ سلێمانی

پەپوولە: ڕۆژباش ئەی خوشکی تازە ساڵ
ئەتبینم وەک بووکی ناو ماڵ
باران هەر لە تۆ ئەبارێ
شەونم ڕووت ئەشوا بەجارێ
ئاوت ئەدا و جوانت ئەکا

گوڵ: ڕۆژباش و ژیانت چا بێ
دوور بی لەوەی دڵ تێک ئەدا
سەرم سوورماوە تێ ناگەم
تۆ تەیری یان گوڵ لێرەدا
جوابێ بدە من تێ بگەم

پەپوولە: ئەبینی من گوڵم ئەفڕم
لە باخانا گوڵێک ئەگرم
ئەو گوڵە تێر تێر ماچ ئەکەم
بۆنی هەڵئەمژم دەم بەدەم
کە خۆشم ویست ئەچم بۆ لای

گوڵ: خۆشی بۆ تۆ وا سووک باڵی
ئەفڕیت بۆ هەرلا عەودالی
بۆ لای گوڵی جوانی بۆن خۆش
سەلامی من بکە پێشکەش
لەپاش ماچ کردن بێرەوە

بەیداخ

وەرگێڕراوی شیعری ئەحمەد شەوقییە

١١-١٩٤٢/٧/٣١ سلێمانی

بۆ بەرزیی وڵات بەیداخ نیشانە
بۆ سەلامی ئەو وەستان زۆر جوانە
منداڵی ساوای ناو نیشتمانە
بوەستن بانگ کەن لە دەشت و لە دەر
خوا بیپارێزێ ئاشتی بێ یا شەڕ
تاجی دەوڵەتی ئێستا و لەمەوبەر
خۆشەویست بووە و بڵند و سەروەر
دەستدار و بێ دەست ئەکا موزەففەر
بوەستن بانگ کەن لە دەشت و لە دەر
خوا بیپارێزێ ئاشتی بێ یا شەڕ

دوو مەیموونی چێشت لێنەر

وەرگێڕراوی شیعری کامیل گەیلانییە

١١-١٩٤٢/٧/٣١ سلێمانی

دوو مەیموونی زرنگ و جوان
باش ڕاهاتبوون بۆ ژیان
خانوویەکیان بۆ خۆیان کرد
چێشت لێنان فێربوون دەستوبرد
لە ژیانا زۆر وریا بوون
بۆ باربۆی یەک وەک برابوون
ئیشی سەختیان ئاسان ئەکرد
ڕێیان بەگشت هیوا ئەبرد
هێندە یەکتریان خۆش ئەویست
یەک لە یەک هەر چاکەی ئەبیست
یەکێتی هی هەردوو لا بوو
لە پێکەنین ئاشکرا بوو
دڵپاک و دڵداری یەک بوون
هەردوو لە یەک یەکجار مەمنوون
لاسایی ئینسانیان ئەکرد
هەر بەقسە ڕێیان نەبرد

ئەی وڵاتم

گۆڕین لە جەمیل صدقی زەهاوییەوە

١١-١٩٤٢/٧/٣١ سلێمانی

ئەی وڵاتم، ئەی وڵاتم
نشتمانێکی چ جوانی
مەستی حوببی تۆم سەراپا
تۆش قوبووڵ کە حوببی جانی

ئەو دەمەی دڵ پڕ زووخاوم
بۆ سروورم تێ ئەکۆشی
خۆ ئەگەر خەو بێتە چاوم
جێگە خەوبینینی خۆشی

گۆشت و ئێسقانم لە تۆیە
خوێنەکەش وا جێی دەمارە
شەوکەت و شانم لە تۆیە
ژینی بەرزیشم کە دیارە

ئێسکی ئەجدادم لە تۆدا
دیارە وا گشتی ڕزیوە
تۆ لەش و گیانت بەمن دا
ژینی خۆم لەم خاکە دیوە

من کوڕێکی گیان فیداتم
تۆش تەواو دایکێکی چاکی
من کە سەربەستە حەیاتم
هەوڵ ئەدەم بۆ تۆ بەپاکی

بۆ ئەوەی تۆ پڕ سەفابی
خۆشە لام سەختی کە چابی
هەر ئەکەم مەدحت کە جوانی
وەختی ئێوارە و بەیانی

من و بولبول

سلێمانی ١٩٤٢/٨/١

وەرە ئەی بولبولی دڵگەرمی بێ تین
ئەوەندە مەفڕە بۆ لای گوڵ بەناڵین
لەسەر ئەو بنچکە نەختێ بوەستە
پشوویەک بە لە ناڵە و گریەو و شین
سکاڵای خۆت مەکە زۆر شارەزاتم
لە عەشقا تۆ کە شای من ئەبمە فەرزین
وەرە با واز لە یار و گوڵ بهێنین
بچین بۆ ناو نزار و شاخی ڕەنگین
تەماشایەکی تاڤگە و شاخی قەندیل
لە دڵدا نەخش ئەکا خۆشیی هەوای ژین
لەوێ دەم تەڕ بکە و نەختێ بخوێنە
کەلاوکەل بۆی ئەچین بۆ دەشتی پێنجوین
سەهەند و قەڵبەزەی ئەم نەختە خاکە
ئەماڵێ حەسرەتی ئینسانی غەمگین
لە خۆشیی ئەم وڵاتە نازەنینە
بە سەد ڕەنگ بۆم بخوێنە بەرز و شیرین
منیش ئەوسا بەبەستەی نیشتمانی
کەژ و دەشت پڕ ئەکەم تا گونبەدی شین
ئەگەر بێ و خوو بدەینە عەشقی وا ڕاست
ئەبینە مایەیی تەقدیر و تەحسین
وەرە بولبول، وەرە بولبول من و تۆ
گوڵ و یار بەربدەین ئەم عەشقە بگرین

بۆ لاوەکانی سەر ئێستگەی ڕادیۆی کوردستان لە یافا

سلێمانی ١٩٤٢/١٢/١٧

دوێ شەو لە دەستی پەستی پەنام بردە ڕادیۆ
ڕوانیمە ئێستگەکانی وڵاتانی سەربەخۆ
هەریەک بەڕەنگێ دەنگی ئەهات پڕ لە جوستوجۆ
(یافا)م کە کردەوە بەهیوای دانس و تیاترۆ
سۆزێکی نیشتمانی لە یافاوە هاتە گوێم
لەرزیم و ڕاپەڕیم لە قسەی ڕۆڵەکەی ئەوێم
بانگمان ئەکەن بەکوردیی پەتی وەک برا بژین
بۆ دوودڵی و خراپە نەچین چونکە تیا ئەچین
ڕێی یەکیەتی بەئێمە ئەڵێن فەرزە گوێ گرین
لەم ڕۆڵە کوردە دڵ بەپەرۆشانە ئافەرین
هەی هەی چ بەرزە سەیر و هەوای ڕۆڵەکەی وڵات
حەیفە بەغەیری ئێستگەیی یافا ببێ لەلات
(ڕەمزێکی) کوردە دەنگی هەموویان شەپۆڵ شەپۆڵ[١]
(چالاک) ئەگاتە شاریی و کوردانی شاخ و چۆڵ[٢]
(گۆران)ە چاوی دوشمنی کورد پڕ بکا لە خۆڵ[٣]
گەر بێ و بچێت و بەستە بڵێ جاربەجار (ڕەشۆل)[٤]
ئەوسا ئەبێتە سەیر و سەفا بۆ هەموو کەسێ
شادی ئەبارێ گەر بەری بۆ ڕادیۆ دەسێ
ئەی (ژین) وەرە بەعەشقی نەسیمی بەیانیان[٥]
پێشکەش بکە سوپاسی من و هۆز و نیشتمان
بۆ لاوەکانی ئێستگەی کوردی بەدڵ، بەگیان
ئەم خزمەتەی ئەوانە کەوا کورد ئەدا نیشان

عەرزیان بکە کە بیری کەسی ئێرەیان نەکەن
ئەو ئیشەیان نموونەیە بۆ بەرزیی وەتەن

....

(١) ڕەمزی: مەبەست لە مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەمزی قەزازە.
(٢) چالاک: مەبەست لە مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەفیق چالاکە.
(٣) گۆران: مەبەست لە مامۆستای خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا گۆرانە.
(٤) ڕەشۆل: مەبەست لە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو ڕەشۆلی حاجی عەبدوڵڵایە.
(٥) ژین: ڕۆژنامەی ژین. (مەحموود)

سەیران

سلێمانی ١٩٤٣/٤/٩

چەند خۆشە زوو هەستی بەری بەیانی
تاریک و لێڵ دەرچی لە ئاوەدانی
ورد ورد بڕۆی لە دەشتەوە بۆ نزار
گوێ بگری لە ئاهەنگی دەنگی باڵدار
یاخۆ ڕووبکەیتە سەر قەراغ ڕووبارێ
ئاوی وەکو مرواری بێتە خوارێ
خۆی پڕ لە ماسی دەوری بێشە و سەوزی
دەنگی کناچەی پۆڕ ببیەی بەبەرزی
یا ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان
وەختێ ناو شار ئەبێ بەشایی و لۆغان
چەند خۆشە دەوری پیرمەسوور لای هەستیار[١]
بێ غەم ئەڕوا زەرد و سوور بەلەنجەولار
یاخۆ بەهاری ساڵانی ڕابردوو
کە ژن و پیاو لە سەیران بوون چوارشەمموو
ژیانێکی خۆش و بەفەنتازی بوو
نە باسی (فاشیستی) و نە هی (نازی) بوو
چەند ساڵە (هیتلەر) لێمان بووەتە شەیتان
بەزوڵم و زۆر ئاگری شەڕی هەڵگیرسان
خۆی ماڵ وێران و قەومی سەرگەردان کرد
گوایا ئیشی چاکی بۆ ئەڵەمان کرد
ویستی دنیا داگیرکا، خۆی پاشا بێ
بابە: لە پاشای وا هەزار حاشا بێ

ئێستە نازی لە برسا سەگ ڕاو ئەنێ
هێتلەر ڕۆژی سەد جار خۆی لە جاو ئەنێ
ئەمەریکا و ئینگلیز و ڕووس سەرکەوتوون
نازی و فاشیستی تووشی گیانەڵا بوون
بەم زووانە خوا بیکا تەسلیم ئەبن
ئەمجا فێری ئەخلاق و تەعلیم ئەبن
ڕۆژی تەسلیمیان جەژنە بۆ کوردستان
لەگەڵ سوێندخواران کورد ئەچێ بۆ سەیران
بەخوا زۆر خۆشە لای کورد مژدەی زەفەر
بۆ سوێندخواران خوایە زوو بچێتە سەر

....

(١) پیرمەسور (پیرمەنصور) مەزارێکە لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە جەژناندا منداڵان لەو ناوچەیەدا بەخۆشی ڕایان دەبوارد.

مەناڵە ئەی دڵ

زمناکۆ ١٩٤٢/٦/١٧

مەناڵە ئەی دڵ ئارامت ببێ شێرانە تا ماوی
لە پێناوی نیگارا کۆتەیەکیان گەر لە پێ ناوی
هەزاران چاو و ڕاوت لێ بکەن قەت سڵ مەکە بۆ عەشق
بەچاوێ ڕاوکراوی تا بمێنی حەپس و گیراوی
بڕۆ هەر هۆگری ئەو شۆخەبە، ئەو چاوە مەستانە
مەترسە هیچ لە تانەی خەڵق و کردەی چەرخ و بەدناوی
وەکو بیری من ئەمڕۆ وردە خاڵی دەوری گۆناکەی
وەکو هەڵبەستەکانم ڕێکوپێکە قەددی لاولاوی
ئەگەر هات و لە یادی لابدەی سەبر و سوباتت کوا؟
لە عەشقی دولبەرا بێت و نەسووتێی دیارە خرفاوی
لە زمناکۆ بەخوڕ فرمێسک بڕێژە ساف وەکو سیروان
بەناڵەش ئەم کەژە پڕکە لە دووریی پەرچەمی خاوی
ئەگەرچی بێ وەفایە ئەو نیگارە دائیما بۆ تۆ
بەڵام تۆ شێوەیی سیدق و وەفا گەر بەرنەدەی پیاوی

بایەکی بەیانی

سلێمانی ١٩٤٣/٦/١١

فیدات بم بایەکەی وەختی بەیانی
لەگەڵ تۆ خۆشە لای من زیندەگانی
کەژ و دەشت و چەمەن ئەبڕی لە ناکاو
لە پیرمام و لە قۆپی و مێرگەپانی
گەهێ قەندیل ئەچی، گەهە دەوری سوورکێو
سەرەو ژوور جار بەجار لای گۆڵی (وان)ی
وڵاتی کوردەواری ڕاگوزەرتە
بەسەربەستانە مەشغوڵی گەڕانی
بەیانیان من خەریکی (گا، مەلاس)م
لە ژوور سەرمی وەکو ئاواتی گیانی
لە سۆزەی فێنکت وا دێتە بیرم
ئەڵێی هەستە ئەگەر پەستی ژیانی
غوباری ناو لەشت دەرمانە بۆ من
پەڕی سیمورغە بۆ نەرم و نیانی
لە کاتێکا خەواڵووم خۆڵی چەند جێ
لە چاوم کە کلێکە ئەسفەهانی
بە بۆنی ئەو وڵاتانەش کە دیوتە
بهەنوە مێشکم ئەی هاوڕێی نیهانی
ئەگەر تۆ ئەم نیازەم جێبەجێ کەی
منیش پەیمان ئەکەم ڕاست و ڕەوانی
بەچاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و خڕخاڵ
ئیتر تەفرە نەخۆم وەک نانی نانی

بەچیهرەی یار و عیشوەی دڵ نەبەستم
بەخەندە پێ بکەنم تۆش پێ بزانی
شەوی وەسڵی بنێمە عاستی پشت گوێ
بەعەشقی یار نەچێژم شادمانی
سەرم تەرخان بکەم بۆ دەردی هۆزم
دڵم جۆش دەم بەعەشقی نیشتمانی
فیدات بم بایەکەی وەختی بەیانی
لە کوێی؟ هەڵکە. وەرە هاوڕێی نیهانی(١)

(١) لێرە بەدواوە، تا کۆتایی هەڵبەستەکە لەلای ئێمە نەبوو، لە دەستنووسەکەی مامۆستا حەمە بۆردا هەبوو بۆ تەواوکردنی هەڵبەستەکە نووسیمانەوە.

پەیامێک بۆ یار

سلێمانی ١٩٤٣/٦/٢٧

بەچاوت سوێند ئەخۆم ئەی یاری نازدار
دڵم لای تۆ بوو، تاکو پار و پێرار
بەڕۆژ هەر هاتوچۆم بوو بۆ تەماشات
بەشەو وەک کۆترێ بووم دەم بەهاوار
وەها جێگیر بوو وێنەی تۆ لە سەرما
خەو و خۆراک نەمابوو لام بەیەکجار
بەڵێ خۆش بوو لەلام ئەو تۆزە ژینە
کە ڕامانبوارد بەکوێریی چاوی ئەغیار
خودا هەڵناگرێ تۆیش دڵنەرم بووی
بەرامبەر من بەگوفتار و بەکردار
بەپەنهانی لە گۆشەی چاوەکانت
دەمم شیرین ئەبوو مانگی هەزار جار
لە تاریکیی شەوا هەروا لەبیرمە
من و تۆ پێکەوە بووین وەک گوڵ و خار
ئەوەندە لوتفی تۆم دیوە ئەگەر بێی
لەتم کەی جومگە جومگە نیمە ئازار
بەڵام ئێستا ئەبێ تۆ لێم ببووری
وەکوو جاران کە نیمە مەیلی دیدار
شەوێ ڕێم کەوتە لای هەندێ برادەر
بەکوردی تێگەیشتووی ئەهلی ناو شار
یەکێکیان پێی وتم وەک سەرزەنشتێ
بەسێتی سەرپەرشتی خاڵ و ڕوخسار

گریمان پەیڕەوی ئێمە نەزانی
بەئەشعار و بەکردار و بەئاسار
لەبەرچی بولبولی خۆش خوانی یاری
لە جیاتی نیشتمان و کوردی غەمبار
لەسەر تۆ فەرزە بۆ بەرزیی وڵاتت
شەو و ڕۆژ هەر بنووسی نەثر و ئەشعار
کەچی تۆ شیعرەکانت بووەتە گاڵتە
بەباسی وردە خاڵ و زوڵفی دڵدار
وتم: یاران بەپارە و عیلم و خزمەت
منیش خۆ نیمە عیلم و زێڕ و دینار
بەڵام شەرت بێ هەتا ماوم لە دنیا
بەکردار و بەئەشعار و بەئەفکار
درێغی قەت نەکەم بۆ نیشتمانم
هەوڵ دەم من بەنووسین و بەگوفتار
لەمن دڵگیر مەبە ئەی یاری گیانی
لە عەشقی نیشتمان کەوتوومە هاوار

چوارینە

لە عەشقی یار و دەس لەملانی تۆیە
لە باسی لێو و چاوی جوانی تۆیە
لە بادەی دەست و خۆبادانی تۆیە
لە شیعری عاشقی و دانانی تۆیە(١)

....

(١) لە بارەی ئەم چوارینەوە حەمەبۆر ئەڵێ: لام وایە تاکە بەیتێکی تری بەدواوەیە کە نەوەختی خۆی لەگەڵ پارچە شیعرەکەدا لە گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە و نە لە دەستنووسەکەی لای منیشدا هەیە.

دلبەرێکی خۆ وڵاتی

سلێمانی ١٩٤٣/٧/١

دلبەرێکی خۆوڵاتی ئێستەکە دڵدارمە
بۆیە دڵ پڕ سۆزم و جار جار بەدەم هاوارمە
من ئەگەر لەو تەلعەتەی ئیلهامی ڕۆحانیم نەبێ
چۆن خەیاڵی فیکری بیکر و کەڵکەڵەی ئەشعارمە
وەی چ عەییارە هەزار مەکری لەژێر سەردا هەیە
گاه دڵ دز گەه بەعیشوە لابەری ئازارمە
چاوی بازی هەر بەچاوبازی خەریکی فیتنەیە
لەعلی لێویشی ئەزانم وەک مەیی سەر شارمە
حەز ئەکەم تێر سەیری چاوی کەم بەڵام مورغی دڵم
دێتە لەرزە و پێم ئەڵێ هاوار ئەوە شمقارِمە
نەوڕەس و نەوپێگەیشتوو، دەم بەخەندە، بێ ڕەقیب
شەرم ئەکا چونکە یەکەم نازدارەکەی ناو شارمە
زۆر دەمێ بوو وێڵی شۆخێکی وەها بووم سەد شوکر
تازە وا دۆزیمەوە من عاشق و ئەو یارمە[١]
بۆ یەکەمجار ئەو بوو دەرگای مەیکەدەی لێ کردمەوە
مەی گوساریی عەشقی هەر لەوساوە پیشە و کارمە
هەر ئەویش بتخانەیی فێرکردم و لای دام لە ڕێ
تاکو ئێستاش جوانپەرستی شوهرەیەکی دیارمە
داخی داخان زوو بەجێی هێشتم بەتەنیا مامەوە
خەڵکی گۆڕ و، من ژیانم جێگە گۆڕەوشارمە
وا بەناچاری و زەبوونی یادی بۆتە دلبەرم
شەرتە کردوومە و خەیاڵی دائیما وادارمە

....

(١) لێرە بەدواوە، تا کۆتایی، هەڵبەستەکە لە لای ئێمە نەبوو، لە دەستنووسەکەی مامۆستا حەمە بۆردا هەبوو بۆ تەواوکردنی هەڵبەستەکە نووسیمانەوە.

ژیانێکی بێ غەم

زێویە ١٩٤٣/٩/١٢

خوا بیدا بتبێ هەندێ دێمەکار
بنەتۆی خۆت جووتەگای بەکار
دوو مانگا و بیست سەر بزن و دە سەر مەڕ
ژنێکی دڵسۆز بۆت بێنێتە بەر
دوو بەڕە و چیغێ لەگەڵ چەرداخێ
لە شارەزوور بی یا پەنا شاخێ
لە تواناشا نەختێ بەخۆ بی
لە دوای هێڵی خۆت مەستی هۆ هۆ بی
بۆ خوێندەواریش هێندە بتوانی
(ژین) بخوێنییەوە و مەعنای بزانی
ئەگەر ئەمانە بۆ تۆ یەکگیر بێ
دەوڵەمەندی، با، ناوت فەقیر بێ
هیچ لازم ناکا خاوەن ئوتێل بی
بەدوای ئاواتا هەمیشە وێڵ بی
ژیانت پڕە لە شادی و خۆشی
لە ڕەنجی شانت، ئەخۆی، ئەنۆشی
نانێکت ئەبێ دەستدار و بێ دەس
دێن لەوێ ئەیخۆن بەکەیف و هەوەس
چونکە ژیانی ئێستەی شارستان
هەرکەس لێی دوور بێ نابینێ زیان
ڕۆژی کاسبی هەر دەس بڕینە
خزم و برایی بۆ ورگە شینە

خــــوێندن بۆ ناو و مــــەئمـــــووریەتە
نەک بۆ خـــزمـــەتی مـــوڵک و مـــیللەتە
پارەداریش بـی ئەبێ مـــــەغـــــروور بی
باشـــتـــر ئەوەیە کـــە لە شـــار دوور بی

خەو ڕەوێنێکە

سلێمانی ١٩٤٣/١٠/٨

هەستە لە خەو کوردی هەژار
ئەی نەونەمامی ڕۆژگار
خۆت گورج کە وەک مەردی بەکار
ڕەنجێک بدە بۆ یادگار
تۆ دەمدەمی
کەمتەرخەمی
کوا مەرهەمی زامی نیهان
با ڕاپەڕین
وەک فیل بەتین
ببیە ئەمین بۆ نیشتمان
بەری بەیان ڕووی پڕ سروور
گزنگی خۆر هات زەرد و سوور
ڕۆژیش هەڵات پڕ شەوق و نوور
هێشتا لە خەودای پرخ و هووڕ
هەستە لە خەو
مەیکە بەشەو
ڕۆژێکی نەو کەوتە جیهان
وەک شێری نەڕ
تۆش بێ خەتەر
ڕێ بگرەبەر ناکەی زیان
بنوارە ڕۆژئاوا بەدڵ
بۆت کەشف ئەکەن ژێر ئاو و گڵ
وڵاتی خۆیان کرد بەگوڵ

تۆش بێ خەبەر، هەر خاو و شل
کوا ڕاپەڕین
وا سەرزەمین
بووەتە کەمین   بۆ ژین و ژان
وریاییە
ئازاییە
ڕیسواییە   بگری وچان
ئەم نیشتمانەی تۆ هەتە
زۆر دڵ لە داخی لەت لەتە
کانگای شتی پڕ قیمەتە
موحتاجی هەوڵ و هیممەتە
ئەی نەونەمام
کوردی برام
بیرێکە خام   ژینی نەزان
بۆ ئەو کەسە
زۆر کەمدەسە
خوێندن بەسە   ئەمما بەجان
بانگ کردنم پڕ حەسرەتە
بەگوێم بکە زۆر فرسەتە
خەوی جەهالەت نەگبەتە
زانین چرای سەعادەتە
شتێکە ڕوون
عیلم و فونوون
کوردی زەبوون   ئەیدا نیشان
سا بێ پشوو
بخوێنن هەموو
تا زووبەزوو   بێنە مەیان

پێشکەشی نیشتمان

١٩٤٣/١٠/٢٢

فیدات بم خاکی کوردستان نموونەی جەننەتی عەدنان
لەسەر تا خوار
گوڵ و گوڵزار
دڵی غەمبار، ئەکا دەرمان، فیدات بم خاکی کوردستان
هەوارگە و دیمەنی جوانت
لە گەرمێن و لە کوێستانت
بەبێگانە
وەکو تانە
ئەڵێن گیانە، منم لوبنان، فیدات بم خاکی کوردستان
بەسەیری تۆ منی میسکێن
فەرەح دێتە دڵم چین چین
لەوێ دابەش
ئەبێ بۆ لەش
وەکو ئاتەش، ئەکا جەولان، فیدات بم خاکی کوردستان
بەڵێ گوڵ خۆی کە ئەنوێنێ
بینای هەستێم ئەلەرزێنێ
بەڵام وەک تۆ
گوڵێکی نۆ
بەڕەنگ و بۆ، نییە قوربان، فیدات بم خاکی کوردستان
لە بیرمە وەک شتێ مەعلووم
مناڵ بووم عاشقی تۆ بووم
کە مامۆستام

له ڕیز دای نام
وتی ئەی خام، بنووسە جوان، فیدات بم خاکی کوردستان
ئەویش نەبوایە باوەڕکە
گڵ و بەردت کە مووفەڕکە
ئەیانکرد کێش
دڵی پڕ ئێش
وەک ئاسنکێش، بەبێ تاوان، فیدات بم خاکی کوردستان
لەسەر من فەرزە تا مردن
له وەسفی تۆ خەیاڵ کردن
بەشیعری جوان
وەیا پەخشان
دڵی ئینسان، بکەم حەیران، فیدات بم خاکی کوردستان
بەڵام بۆ خزمەتت گیانە
ئومێدی من بەپیاوانە
ئەوان زۆرجار
هەزاران کار
ئەکەن ڕزگار، بەبێ دامان، فیدات بم خاکی کوردستان

ئەی پەپوولە(١)

سلێمانی ١٨/١٢/١٩٤٢

ئەی پەپوولەی هەژاری ڕەنگاوڕەنگ
بفڕە بۆ خۆت بەسەر گوڵ و چەمەنا
لە شەقەی باڵ بدە بە سەد ئاهەنگ
لە دەرودەشت و ناو چیا و دەوەنا
چەندە جوانە کە ئەفڕی پێچاو پێچ
هەر هەناسەی لە شوێنێ میوانی
ڕێی فڕینت بڵند و خوار و خێچ
بێ وەی و شادمان و خەندانی
خۆزگە دوو باڵی چەشنی تۆم دەسەکەوت
پێی بچوومایە ناو چەمەن بەبەیان
گوڵ زیارەت بکەم بەڕیز شەش و حەوت
هەڵمژم بۆن و ماچ بکەم پەڕەیان
خۆزگە وەک تۆ بەتاقی تەنیایی
ڕامبواردایە دوور لە خەڵقی زەمین
جێم چەمەنزار ئەبوو بەشەیدایی
بێ غەم و دەرد و دوور لە بوغز و قین
خۆزگە وەک تۆ لە گۆشەی دنیا
تێ بگەیمایە چەندە سەربەستی
بێ غەم و کەڵکەڵەی جیهان و سزا
وەکو تۆ دوور ئەبووم لە دڵپەستی
ئەی پەپوولەی هەژاری ئێسک سووک
تۆ بەسەزمان و هێمن و مەزڵووم

بیری گەورەت هەیە و سەرێکی بچووک
فەلسەفەی ژین لە تۆ بووە مەعلووم
ئەی مەلی بێ هەوا و کیبر و غوروور
بفڕە بۆ خۆت بەعەرد و ئاسمانا
بفڕە بۆ خۆت بەزەمزەمە و بەسروور
کەمە هاوتات لە کردەوەی جوانا

....

(١) مامۆستا کامەران موکریی خوالێخۆشبوو زۆر بەم شیعرە موعجەب بوو، هەرچەند یەکترمان دەدی و باسی شیعر و ئەدەبیات دەکرا چەند پارچەیەکی ئەم چامەیەی کە لەبەربوو بۆ دەخوێندمەوە و ڕێزی خۆی بۆ بەختیار دەردەبڕی. (مەحموود)

خواوەندی جوانی

١٩٤٤/٤/٣

لای خوداوەندی شیرینی جوانی
ملکەچ وەستابووم بەپەرێشانی
بەدڵی پاک و سەری بێ غوروور
ورد ئەبوومەوە لە جوانی پڕ نوور
لەپڕ، شەماڵێ هەڵی کرد لە من
هات دای لە هەستم بردی شنەشن
بۆ ناو ئاسمانی بیری بێ پایان
فڕاندی ساتێ لێی نەگرت وچان
ئێستە لەوێدا کەوتووەتە شادی
مەستی دڵداری و نەشئەی ئازادی

شیوەنی دڵ

سلێمانی ۱۹٤٤/٥/۸

کە تەماشای گوڵ ئەکەم ڕۆژی بەهار
شادمان دیارە بەدەم پێ ئەکەنێ
بۆن ئەبەخشێنێ وەکو پەرچەمی یار
پاڵ بەپەستی و غەمی دنیاوە ئەنێ
وەرە بڕوانە دڵی من (گوڵەکەم)
چەندە تاریکە کە بووەتە شەوەزەنگ
وەختە ڕێ و شوێنی ژیانم هەڵە کەم
سەرزەمین هێندە لە چاوما بووە تەنگ
(دڵەکەم ڕۆییوە، ئای بۆ دڵەکەم)
بەبەهاریش نییەتی نەشئەو و دەنگ
کە تەماشای دڵ ئەکەم پڕ لە جەخار
گەشە ناکا بەتەماشای چەمەنێ
لە هەوارگە و چەم و هاوینەهاوار
تاکو بێ دەردی پەرەی لێ ئەسەنێ
خوایە چی بکەم ئەمە دەرمانی چییە
بچمە کوێ؟ کێ هەیە فریای بکەوێ
گیانە ئەی دڵ ئەمە گریانی چییە
بۆچی ئۆقرەت نییە تا نیوە شەوێ
تێ گەیشتم ئەمە ئەفغانی چییە
دیارە هەر دیدەنی دڵداری ئەوێ
بەسە ئەی دڵ خەفەت و ناڵەیی زار
شتی وەک تۆ ستەمە ڕووی بدەنێ
خۆت مەسووتێنە بەئاواتی نیگار

من مەفەوتێنە لەبۆ گوڵبەدەنێ
ئەچمە کونجێکەوە تا ماوە ژیان
دائەنیشم خەم ئەخۆم مات و حەزین
سەری خۆم کز ئەکەم و سیرڕی نیهان
بێ توانجی ئەم و ئەو گردەنشین
ئەوە خۆشە نەوەکوو ئەهلی زەمان
پێم بڵێن تێک چووە نەیماوە نگین
بەختیاری ئەکەمە پێشکەشی یار
ڕەنجەڕۆییش بەشی من بێ تەمەنێ
بەکوڵ ئەگریم و ئەڵێم دیدە خومار
کوشتمی و کەس نییە تۆڵەم بسەنێ

سکاڵای دڵ بۆ ئەستێرەیەکی هاوڕێم(١)

بەکرەجۆ ١٩٤٤/٦/١

ئەی ئەستێرەی پرشنگدار
ڕێ نیشاندەری ڕێبوار
عالەم نووستوو تۆ بێدار
ئاسمان ئەبڕی بەشەوگار

دوای زەردەپەڕ تا گزنگ
چ جوانی، چەشنی ئاورنگ
ڕشێنەی شەوق و پرشنگ
ئەدەی لەسەرم و سەر سنگ

ئەی گەوهەری ئاسمانی
سەرچاوەی نوور و جوانی
تێ ئەگەم بەپەنهانی
کە ئاواڵێکی گیانی

تۆ ئەڕۆی بەلەنجەولار
جریوەت دێ و بەختیار
ئەزانی منی هەژار
لەناو خەم ناگرم قەرار

ئەی هاوڕێکەی شەوگارم
من پەست و شەو بێدارم
گوێ بگرە لە هاوارم
تێ بگە لە ئازارم

ئەم عەردەی تۆ ئەیبینی
پڕ هەڵڵایە و خودبینی
هەیە بۆ خۆشی ژینی
تالان ئەکا هاودینی

هەر هەژارە قوڕبەسەر
بێ باربۆ، بێ یارمەتدەر
کەچی پیاوی خاوەن زەڕ
بێ بەزەیی، بێ خەبەر

نەماون ئەو پیاوانە
لە نەبوونی و تەنگانە
بۆ دۆست و بۆ بێگانە
خزمەت بکەن مەردانە

ڕاستی بەڵێن و پەیمان
درێغ، چوونەوە ئاسمان
لای خزم و هاوڕێی ژیان
بێ باوە و ناو و نیشان

لای گەلێکی کەم دووربین
ئێستاش خۆشە نەزانین
چونکە باسی تێکۆشین
بکەم لێم ئەکەن نەفرین

نەک شەو ڕۆژیشمان تارە
زۆرمان بێ هۆش و کارە
ڕووناکیی زانین دیارە
ڕوو تێکردنی عارە

لە ژینی وا بێزارم
بۆیە وا گرفتارم
هێندە دڵ پڕ جەخارم
مائیلی کۆچ و بارم

ئەی هاوڕێکەم دڵ پەستم
هیچ لەم عەردە ناوەستم
بۆ ئەوەی لێرە هەستم
زووکە دەس بەرە دەستم

بمبە بۆ ئاسمانی شین
بمگێڕە تا ماوەمە ژین
بام دووربم لەسەر زەمین
بێمە شادی و پێکەنین

خۆ ئەگەر ئەوە نابێ
تۆ شاد، با حاڵم وابێ
دوعای چاکت لای خوا بێ
بەڵکو بۆ من گیرابێ

....

(١) چەند کۆپلەیەک لەم هەڵبەستە لەلایەن هونەرمەند کاک جەلال کۆچەرەوە بەئاوازێکی تایبەتی خۆی لە ئێستگەی کوردی بەگۆرانی تۆمار کراوە.

ئاواتی شەوێک

سلێمانی ١/٩/١٩٤٤

شەوێک ناوجەرگی ئاسمان ڕۆشن بێ
وەک قەڵای مەردی دۆست و دوژمن بێ
ئەستێرەی ئاسمان بەجریوە جریو
پرشنگ بگرنە کەژ و دۆڵ و شیو
بووکی مانگ لە کەل چاو هەڵبهێنێ
تریفە تریف ڕووی خۆی بنوێنێ
جار جار لە ناکاو کزەی بای شەماڵ
ببێتە هاوڕێی سایەقەی ساماڵ
گیانلەبەر لەژێر تارای شەوا بێ
سەرجەم لە گرمە و پرخەی خەوابێ
ئاواتم وایە لەگەڵ نازدارێ
هەردوو یەک بگرین لەناو گوڵزارێ
کام نازدار؟ ئەوەی ئەگەر پێی شادبم
لە بەندی خەم و خەفەت ئازادبم
وەکو دوو دڵسۆز هەتا بەیانی
سکاڵا بکەین بەشادمانی
لەسەر مەخمەڵی گیا و سەوزەڵانی
شەونخون کێش بین بۆ کامەرانی
شەرابمان عەتری پەڕەی گوڵان بێ
ساز و سەمتوورمان دەنگی مەلان بێ
مەزەمان ماچی لێوی نازدار بێ
پەرداخمان پیاڵەی چاوی دڵدار بێ

لەبەردەممانا خورەی رووبار بێ
لە چاوی مەستی هەستیم لێ دیار بێ
ئای چەندە خۆشە لای منی هەژار
ئەو شەوە بۆ خۆم ئەژیم بەختیار
سەرم کەڵکەڵەی ژیانی نابێ
دڵم ئارەزووی جیهانی نابێ
سامانی زۆرم نایەتە بەرچاو
بیرم دوور ئەبێ لە خەیاڵی خاو
سا فەلەک خۆ تۆ خۆشیت هەیە و، ئێش
هەڵێکی وەهام بۆ بێنەرە پێش
با شەوێک لە سای تۆدا وەک شابم
تووشی ئاوات و بەرزی هیوابم
بەڵام سەد ئەفسووس بۆ تۆی نالەبار
ڕەگی پیاوەتیت نابزوێ یەک جار
کەواتە تەنیا ڕێی ڕاست و گوشاد
مردنە بمکا بەو ئاواتە شاد
تا ئەوسا گیانم لە سزادایە
ژینی گیان لەوێ جووتەی هیوایە

لە کوێی ئەی شادمانی

سلێمانی ١٩٤٤/٩/٧

لە کوێی ئەی شادمانی، ئەی هیوای بەرزی ژیانی دڵ!
لە کوێی ئەی تاقە ئەستێرەی بەیانی کامەرانی دڵ!
لە باخێکا هەتا چاو بڕ ئەکا گوڵ چەتری هەڵدابێ
لە ناوەندی گوڵا چەند دلبەری پڕ عیشوە وەستابێ
بەبەزم و ڕەزمەوە زۆر کەس لەوێدا مەست و شەیدا بێ
کە ئەڕوانم دڵم هەر پەستە نەشئەی تیا پەیا نابێ
لە کوێی ئەی شادمانی، ئەی هیوای بەرزی ژیانی من!
لە کوێی ئەی تاقە ئەستێرەی بەیانی کامەرانی من!
گەلێ جار وا ئەکەومە گێژەوە خۆم ڕێ بە خۆم نابەم
ئەڵێم با مەینەتی دنیا بەجامێ مەی لە دڵ لابەم
لە کاتێکا کەوا سەرمەستی نۆشی ئەو مەیی نابەم
کەچی دەردی دڵم زیاتر ئەبێ، بۆ کوێوە، هانا بەم!
لە کوێی ئەی شادمانی، ئەی هیوای بەرزی ژیانی دڵ!
لە کوێی ئەی تاقە ئەستێرەی بەیانی کامەرانی دڵ!
لەلای من وا بووە تا ئێستە واشی تێ ئەگەم جارێ
لە سیمای دڵبەران با چەشنی مانگ بێ شادی ناباری
بەپارەش نایەتە بەرهەم لە دڵ دەرکردنی خارێ
بەڵام گەر بەختیار بیت شادمانیت دێتە ئاقارێ
لە کوێی ئەی بەختیاری، تۆی دەوای دەردی ژیانی من!
لە کوێی ئەی تاقە ئەستێرەی بەیانی کامەرانی من!
لەلای من بەختیاری چووەتە ناو پرشنگی ئازادی
لە هەرجێ دەرکەوێ نامێنێ بەدبەختی و بێدادی

ئەوی بچنێتەوە پرشنگی ئازادی، بڕە شادی
لە دەس پەستی زەمان و زۆری بێگانە نییە دادی
لە کوێی ئەی ڕۆژی ئازادی، ئەتۆی نووری وڵاتی من!
لە کوێی چاوت هەڵێنە بۆ ژیان و بۆ حەیاتی من!
لە کوێی وا چاوەڕوانم ڕوو لە خاکی نیشتمانم کەی
بەتیشکی بەختیاریت چارەی زامی نیهانم کەی
لە قووڵکەی پەستییا ڕام کێشە، دەربەستی ژیانم کەی
هیوای دواڕۆژ و هەستی پڕ لە کەللە و ناخی گیانم کەی
لە کوێی ئەی عیلم و عیرفان چونکە هەرتۆی نوور و هاتی من!
دەسا چاوت هەڵێنە بۆ ژیان و بۆ نەجاتی من!

وابزانم خەوبوو

سلێمانی ١٩٤٤/١١/١

لە بێشەڵانی سەر لووتکەی شاخێ
لە شادی، هەڵمدابوو بەیداخێ
جێیەک بوو، کۆنە ئێلاخی شاهان
ئاوەڵی هەوری بەرزی ئاسمان
ئاوی وەک چاوی قرژاڵ ڕووناک بوو
دەرمانی دڵی تەنگ و غەمناک بوو
بریسک و هوڕڕی هەروەک مرواری
بەنرخ بوو بەڵام کەم بوو کڕیاری
بۆنی کەنێرە و گوڵە بەڕۆنە
هەنگی کێش ئەکرد لە دوور بەو بۆنە
بەیان لە دەنگی مەلی ناو نزار
لە خەو هەڵئەستام گوێم ئەگرت زۆر جار
نە ساز و سەمتوور نە عوود و کەمان
خۆشییەکی وای نەئەدا بەگیان
بای شەماڵ فێنک ئەهات بەرەو ڕووم
زۆر بۆنی خۆشی ئەسوو لە کەپووم[١]
لە دامێنەوە چەم و چغورد بوو
ڕێبازی جاف و گۆران و کورد بوو
جگە لەوانەش کە مانگ هەڵ ئەهات
بەپرشنگی نوور ئەیکردم خەڵات
سەرم بەوێنەی قوتووی وێنەگر
ئەو دیمەنانەی ئەگرت کوتوپڕ

لەناو شۆراوی قوڵکەی چاومدا
ئەیشتنەوانێ تا خۆی دەرئەدا
بەشەو یەک بەیەک ئەیخستە بەر چاو
شەویش بەوانە دڵ ئەکەوتە داو
لەوێ بەتەنیا کە دوورە شار بووم
بۆ خۆم ئاسوودە، زۆر بەختیار بووم
ڕۆژێک کە ڕوانیم کچێک چواردە ساڵ
هاتە لام دانیشت بۆم بوو بەئاواڵ
بەقسەی شیرین، بەعیشوەداری
خستمیە گێژی دەریای دڵداری
دوو هاوڕێی دۆست و دوو یاری گیانی
کەوتینە سەیران بەشادمانی
دڵپاک بێ کینە لە گوڵ ڕەنگین تر
ڕەوشتی لە خۆی زیاتر شیرینتر
بەشۆخوشەنگی بەچاوی بادام
دڵەی هەژار و بێ هۆشی بادام
بەڵێ لەپێشا هەرچەند تەنیا بووم
بەڕاستی خاوەن سەیر و سەفا بووم
کە ئەو هات ئێجگار دڵشادی کردم
لە تەنیایی ژین ئازادی کردم
بەشەو دائەنیشت لە ژوور سەرینم
خوا خوام بوو نەڕوا یاری شیرینم
بەیانێک بێ من ڕووی کردە ناودێ
هەر چاوەڕوان بووم بێتەوە لەوێ
بەڵام ڕۆژ ڕابوورد شەوی سەختم بوو
بەشەو هەر دەنگی پەپووی بەختم بوو

نەگەڕایەوە گیانی شیرینم
سەری خۆم هەڵگرت بچم بیبینم
ئەمە چەند ساڵە بۆی سەرگەردانم
لە کوردستانا وێڵی شارانم
نازانم چووەتە کام دێ، کام هەوار
چۆن منی جێ هێشت بەئێش و ئازار
تۆ بڵێی یاران بۆ جارێکی تر
یەک بگرینەوە هەردوو کوتوپڕ
بەڵام داخەکەم خەتا هی ئەو بوو
نایبینمەوە (وا بزانم خەو بوو)

....

(١) کەپوو: لووت.

جەژنی قوربان

سلێمانی ١٩٤٤/١١/١٤

وا بەرە جەژنانە ئەڕوانم زەمین
بەرگی سەوز و سووری شادیی کردەبەر
کیژ و کوڕ دڵخۆش و دەم پڕ پێکەنین
هەرزەکار بۆ شایی بەستوویە کەمەر
گیانلەبەر گەورە و بچووک هەرچی ئەژین
هەستی خۆشی کردووە و کەوتووەتە فەڕ
جەژنی قوربانە، وڵات سەیرانییە
هەر بەشی من دەرد و سەرگەردانییە
وەک مەلێکی چوست و چالاکی چیا
سەردەمێ ئاسمانی شادی بوو بەجێم
بێ خەفەت ئەفڕیم، لە گەردوون دڵنیا
تا لە پڕ کۆسپێکی مەینەت هاتە ڕێم
شاپەڕی باڵی شکانم جیا جیا
ئێستە نازانم لە کوێ کەوتووم و کێم
ئەی فەلەک تۆ هەر نەوەک بۆ من وەهای
بۆ گەلی بێ دەسەڵات خاوەن سزای
جەژنی قوربانە بەڵام کوردی هەژار
جەژنی هەر نوێژکردن و نان خواردنە
هەرچی خوا فەرموویەتی نایهێننە کار
هەر لە جەژنا دوودڵی و شەڕ کردنە
چۆن دڵم خۆش بێ ئەبینم چەند هەزار
ئێشی هەر ناکۆکیی و ناوبردنە
تا وڵات جەژنی وەهابێ ساڵ بەساڵ
ئەم دڵەم جەژنان ئەبێتە کۆی زوخاڵ

لەبەر ئاوێنە

سلێمانی ١٩٤٤/١٢/٣

سەر لە بەیانی کە لە خەو هەستام
بۆ خۆ ڕێکخستن کوڕێکی وەستام
ئیتر لە بەردەم باڵا ئاوێنە
ئەکەومە گرمە بگرە و بۆم بێنە
تاوێک گیرۆدە بەریش تاشینم
دەمێک خەریکی موو هەڵپاچینم
دوای ئەوە ئەچم سەر و ڕووم ئەشۆم
سەرم دابێنم، چیم هەبێ ئەیخۆم
لەبەر ئاوێنە هێندە بەتینم
ساتێکم ئەوێ بۆ جل گۆڕینم
ئنجا کە وێنەی خۆم دێتە بەرچاو
ئەڵێم بوومەتە لاوێکی تەواو
خۆم بەخۆم ئەڵێم وابووم بەئینسان
ئەتوانم بچم بۆ گەشتی شاران
بەڵام پاش نەختێ کە ئەچمە بازاڕ
هەندێ تووش ئەبم لە ئەهلی ناوشار
هەرچەند بەسوورەت وەک من باڵا نین
بەڵام بەسیرەت دڵسۆز و گیانین
ڕووخۆش و هێمن، زوبانیان شیرین
بۆ فرمانی خەڵک دەم بەپێکەنین
هەر ساتەی ئیشێک ئەگرنە ئەستۆ
کە سوودی هەبێ بۆ بێگانە و خۆ

هێندە لاوچاکن، بۆ بێ دەسەڵات
هەوڵ ئەدەن بۆیان بگەنە ئاوات
کە ئەوانەم دی دڵم دێتە جۆش
ئەچمەوە ماڵێ هەروەکو سەرخۆش
لەبەردەم باڵا ئاوێنەی ناومال
ئەکەومە دەریای بێ بنی خەیاڵ
تێ ئەگەم بەرگی نهێنیم ماوە
وەکو ئەمەیان جوان ڕێک نەخراوە
جا بەدڵ ئەڵێم ئەی مینای گوڵگوون
تۆ بۆ من دەرخە نارێکیی دەروون
بزانم ڕاستم، یاخۆ چەوێڵم
ناشیرین، یاخۆ شیرینی خێڵم؟
وەک سەرم بۆنی ئەڕوا بیست هەنگاو
وڵات پەرستیش ئەزانی تەواو؟
وەک دەم و چاوم بریقەدارە
پرشنگی زانین لەناویا دیارە؟
وەک بەدەم ئێجگار قسەم بەسۆزە
ئامانجەکەشم پاک و پیرۆزە؟
وەک دانم سپی، لێویشم ئاڵە
مژینی خوێنی کورد لایان تاڵە؟
وەک مل هەڵپێچێ سوورە وەک خوێناو
بۆ ڕێی سەربەستیش خۆی ئەخاتە داو
وەک گوڵی یەخەم جوان و بێ گەردە
دڵیشم وایە یاخۆ پڕ دەردە؟
وەک لەپێش ئێشا جگەر خوێنینم
کە چوومە سەرئێش باشی ئەبینم

بەڵام سەد ئەفسووس هەرچەند ئەڕوانم
ئەوانەی وتم نایدا نیشانم
خۆزگە مینایەک ئەبوو پاک و ڕوون
نیشانی ئەدام نارێکیی دەروون
تا وەک خەریکی سەر و ساچاخم
کەمێک خەریک بم لەگەڵ دەماخم
لەبەر ئەو ڕێک خەم کردەی ناشیرین
بەرگێک بپۆشم سەرتاپا ڕەنگین
ئەوسا ئەمبینی هێندە لاوچاکم
لە کوردستانا کوڕێکی تاکم
ئیتر ئاوێنەم بۆ ئەبوو بەدووان
ئەو بۆ ئاشکرا، ئەم لە بۆ نیهان
ئەو وەختە زۆر جوان ئەهاتمە بەرچاو
ئەگینا هێشتا ماومە ببمە لاو

من و شوانێک(١)

سلێمانی ١٩٤٥/٢/٩

هۆ کاکی شوان! گوێم لێیە لەو بن دارە
ئەوی ئەیڵێیت نایڵێیتەوە دووبارە
بەو ئاوازەت مێگەلەکەت سەرخۆشن
سەرمەست ئەڕۆن، ئەلەوەڕێن، بەجۆشن
گۆرانییەکەت دڵداریم ئەجووڵێنێ
لەرەی دەنگت تاسەی دووریم بۆ دێنێ
خۆزگەم بەخۆت کە لە شارستان دووری
سەربەست و دڵپاک و شاد و ڕوو سووری
دیارە، پەنجەی گەردوون لە عاستت کۆڵە
بۆ خۆت جێگات نزار و شاخ و دۆڵە
بەڵام بۆ ئێمە پەنجەی وا درێژە
لەتاو دەردی سەری ئەو سەرمان گێژە
جار جار سەرمان ئەباتە ژووری ئاسمان
کەچی ناکاو ئەمانخاتە ناو زیندان
بەکەیفی خۆی ئەمانگێڕێ بەعەردا
کەس ناتوانێ، نەڕوا و شەقامی بەردا
جیهانی لێ کردووین بەکۆشکی ڕەنگین
ژیانی بۆ کردووین بەشانەی هەنگوین
هەموو لە دوویان وێڵ و سەرگەردانین
تامی تامیان ئەدا و پێ نازانین
منیش هەروا بۆ شوێن ئاواتی گوڵگوون
سەرمی جەنجاڵ کردووە خولیای گەردوون

لە بەدبەختیدا کەوتوومە کۆتەڵکۆ
لە دڵ پەستیمە وا هاتوومە لای تۆ
ئێستاش تکام ئەمەیە برای گیانی
پشوویەک بە لە ئاهەنگی گۆرانی
بەڵام ئینجا شمشاڵەکەت دەربێنە
فووی پیا کە و مامۆستایی خۆت بنوێنە
دەنگی شمشاڵ وەکو وژەی بای گوڵزار
تەفر و توونای ئەکا پەستیی دڵی زار
دەنگی شمشاڵ مۆسیقای کوردستانە
کە گوێی لێ بگرم بۆ دەردم دەرمانە
ئەی کاکی شوان ئێجگار دەروون زوخاڵم
چاوەڕێی دەنگێکی بەرزی شمشاڵم
لەو ئاهەنگەی کە مەل ڕابوەستێنێ
لافاوی شادیش بۆ هەستیم هەستێنێ
بەزمێک لێ دە، پەستیی ژیان و گەردوون
لەناو دڵما ببا، بڕوات سەرنگوون
کاکەی گیانی! توخوا وا چاوەڕوانم
قوربانت بم، زووکە منیش میوانم

....

(١) چەند کۆپلەیەک لەم هەڵبەستە لەلایەن مامۆستای خوالێخۆشبوو عەلی مەردانەوە ئاوازی بۆ دانراوە و بەدەنگی خۆی لە ئێستگەی کوردی تۆمار کراوە. (مەحموود).

بۆ گوڵەکەم

١٩٤٥/٤/١٢

گوڵەکەم، نازەنینەکەم
ئەی گوڵی باخی نیشتمان
وەرە بڕوانە ژینەکەم
چۆن لە دووریت بووە بەژان
برژە برژی برینەکەم
ڕاستگۆییم ئەدا نیشان
هەر منم سینە کون کونم
جەرگ و دڵ ئەنجن ئەنجنم
وا بەرەو ڕۆژی مردنم
وەرە نزیک سەرینەکەم

**

گیانەکەم، یاری مەستە چاو
ئێستە کەوتووم و تل ئەخۆم
خەمی دووریت کە دێت بەتاو
زۆرکەڕەت دەست لە خۆم ئەشۆم
وام لە جێدا و بێ هەناو
خۆم ئەزانم نەخۆشی تۆم
هۆش نەماو، بێ سەروبەرم
دەنگی شین دێ لە ژوور سەرم
دیتنی تۆیە دوختەرم
بۆ نەجاتم لە گیانەلاو

**

شەو هەتاکو بەری بەیان
دڵەکەم پڕ لە زارییە

دەنگەکەم ئێستە بێگومان
پڕ لە سۆزی هەژارییە
بۆ گوڵی ڕووت ئەکەم فوغان
دیەنیت بەختیارییە
وا بەهار هات و سەرزەمین
بووەتە تارای سەوز و شین
هەموو دڵدارێک پێک گەیین
تۆش وەرە بمکە شادمان

گۆرانیی سەرچنار

ڕیشێن ١٩٤٥/٨/٥

ئاوەکەی سەرچنار!
چاوگەکەی نیشتمان!
لای منی دەردەدار
تۆی شیفابەخشی گیان!

یەک دڵۆپ ئاوی تۆ
گەر بگاتە دەمم
لائەبا بێ درۆ
دەستبەجێ گشت غەمم

سەیرئەکەم پڕ بەدەشت
خاوەنی چیمەنی
بۆیە هەروەک بەهەشت
گوڵشەنی دیمەنی

ئاوەکەی سەرچنار
کەوسەری سەرزەمین
تۆ دەسی کردگار
پێتی بەخشیوە ژین

هەڵقوڵە هەر بەجۆش
ڕێڕەوت گەوهەرە
ئاوی پیرۆز و خۆش
لوتفی خوات لەسەرە

تۆم هەبی پاک و ڕوون
جێگە سەیرانی عام
بۆ تەواوی دەروون
ناچمە لوبنان و شام

ئەودەمەی جار بەجار
دێمە سەیران لەلات
بانگ ئەکەم پڕ بەزار
گەییمە ئاوی حەیات

لەناو دۆڵی مێرگەپان

سلێمانی ١٩٤٥/٦/٢٩

لەناو دۆڵی مێرگەپان
کوێستانەکەی کوردستان
ئەڕۆیشتم سەرگەردان
سەرمەستی دیمەنی جوان

لەم بن دار بۆ ئەو بن دار
وەک سەر لێشێواوی یار
سەرەوژوور و سەرەوخوار
ئەمکێلا هەردە و نزار

لەم کانی بۆ ئەو کانی
وەک موغناتیسی گیانی
بەهێزێکی ئاسمانی
ڕائەکێشرام پەنهانی

پیرەمەگروونی شیرین
بەڕەند و بەفری زیوین
بریسک و هووڕی ڕەنگین
ئەیدا لە گەردوونی شین

لەپڕ شەماڵی نازدار
پڕ لە بۆنی گیای نزار
بۆ سوپاسی کردگار
ئەشنایەوە جاروبار

پەپوولەی جوان و ڕەنگین
مەل بەئاوازی شیرین
ڕەمزن لەبۆ خۆشیی ژین
شاد ئەکەن دڵی غەمگین

دیمەنی ئەم وڵاتە
کە کانگای پیت و هاتە
چاوگەی هەوڵ و خەباتە
بەڵگەی نەمری ئاواتە

هەی هەی لە شوانی ڕەبەن
چەند بەجۆشە تەن بەتەن
وەک بگێڕێ زەماوەن
قریوەی دێ لە بەندەن

جار بەجار شمشاڵی جوان
ڕووئەکاتە ئاسمان
مارشی سەربەستیی ژیان
لێ ئەدا بە سەد عینوان

منیش بەنەشئە و خەیاڵ
لێم ڕوابوو پەڕ و باڵ
بۆ ماهی زەرد و سەر یاڵ
فڕکەم ئەکرد بێ ئاواڵ

ناکاو دەنگێکی پەنهان
هەروەک سروشتی یەزدان
بانگی کردم (ئەی جوان)
خاس بڕوانە مێرگەپان

سەیر ئەکەم زۆر هەرزەکار
هەموو چالاک و هوشیار
لەسەر دێبەر، لە شوێن بار
هەڵئەسووڕێن بێ قەرار

ئیشکەر، کاسب، گورج وگۆڵ
لێیان هەڵماڵیوە قۆڵ
بەراو و دێم، شیو و دۆڵ
ئەکێڵن بۆ پارەی مۆڵ

ئەمبینی کاکەی جووتیار
هێند کاسبە و بەدەمار
لەسەر دەستەدووێ هەوجاڕ
چەماوەتەوە بێدار

خۆ دەستە کچی نازدار
کە جوانترن لە هی شار
هێند سەربەستن و بەکار
پۆل پۆل ئەچوون بۆ بژار

نە بەسووراو و نە سپیاو
گۆڕیویانە دەم و چاو
بەکردە و جوانیی تەواو
ئینسان ئەخەنە ناو داو

لە کوێستانی خوار و ژوور
لەگەڵ وەنەوشە و چنوور
هەر لادێیی بێ غروور
ڕائەبوێرن بەسروور

بەهەوڵ و بەڕەنجی شان
پەیا ئەکەن بەرگ و نان
هیچ کول نابن بۆ فرمان
لەش سووکن و بەسەزمان

ئەمویست تا ژینم ماوە
لەو جێ خۆشە و سەرئاوە
گەر مشتێ پارەم داوە
زنجێک بکەم لەو ناوە

زنجێک جوان و سادەکار
خاڵی لە نەخش و نیگار
نەک وەکو کۆشکی زۆردار
بکرێ بەخوێنی هەژار

ئنجا بەزۆری بازوو
خۆم ببوژێنمەوە زوو
لەسەر لەشێکی ماندوو
دەس بەرم بۆ ئارەزوو

ئەوسا بەگیانێکی پاک
ئەمتوانی بژیم بێ باک
ئەمتوانی بڵێم زۆر چاک
(سەربەستم نابم بەخاک)

شێره

شێراوێژه- چوارتا ١٩٤٥/١٠/٢٠

شێره سەگێکە هی دۆستێکی من
تا بڵێی وریا و زیرەک و هێمن
هەروەک یاساوڵ شەو تا بەیانی
لەبەر دەرگایە بۆ پاسەوانی
ئیتر خاوەن ماڵ بێ خەم، بێ حەسحەس
بۆ خۆی لێی ئەنوێ و ناترسێ لە کەس
هێشتا نەمدیوە سەگی وا ئەمین
هیچ هەڵپە ناکا لەبۆ شت دزین
بام سەری تەبەق هەر بەرەڵڵا بێ
دەم بۆ نان نابا لەبەر لووتیا بێ
ئەبێ هاوڕێکەم خۆی بەشی دانێ
چونکە سپڵەیی و مووشە نازانێ
بە دوو نانی جۆ و کەمۆڵەیەک ئاو
قانیعە و هەڵمەت نابا بۆ پڵاو
هێند بەوەفایە کە بوویتە یاری
کە دیتی خۆی دێت بۆ لات بەیاری
هێشتا تووتک بوو کە منی دیبوو
منیش بەخۆشی خۆم پێ ناسیبوو
موددەتێ ڕابوورد کە دیم لێی ترسام
ئەو منی ناسی و هەڕای کرد بۆ لام
قرووسکە قرووسک هەروەک زوبان زان
تێی ئەگەیاندم جەفای لێک بڕان

ئیتر نازانم یاران چۆن حەیوان
ئەبێتە خاوەن ئەخلاقی وا جوان؟
بەڵێ هەندێکی هی مامۆستایە
بەڵام زۆریشی هەر لە خودایە
زۆری وا هەیە بەناو ئینسانە
لێی وردبیتەوە جان کوڕی جانە
ئەگەر ناودەمیان پڕکەی لە هەنگوین
لە تۆ بترازێن ئەکەونە نەفرین
بێ وەفا و سپڵە، خائین، نالەبار
کەموکووڕیی پیاو ئەبەن شاربەشار
ماڵی خزم و دۆست وەک گەزۆ و مازوو
ئەفرێنن ئەیخۆن بەزۆری بازوو
شیرازەی دۆستی لایان پساوە
کەمترین هەڵەی تۆی لەبەر چاوە
بەقسە هیچی نەهێشتووەتەوە
بەڵام بۆ کردە زوو لێبووەتەوە
دیار بێ و دیار نەبێ ئەیەوێ کە پیاو
لە هیچە کەوشی بخاتە سەرچاو
لای تێگەیشتوو سەگێکی هەژار
بەشەڕەفترە لە سەد بەد کردار
هەرچەند ئەوانە وەک پیاو خوڵقاون
بەڵام تا وا بن لای من گڵاون
(شێرە) تاو توو ناکەم بەوانە
هەرچەند حەیوانە کردەوەی جوانە
ئەشێ هەرکەسێ کە وا بێ خێرە
پێی بڵێی (درێغ نابی، بەشێرە)

بۆ بەهاری ٩٤٦

سلێمانی ١٩٤٦/٢/١

ئەرێ لە تەختی بەندەنا
بووە بەمێرغوزار
لە دۆڵ و شیو و چەمەنا
ڕەوانە جۆیبار
لە مێرگ و دەشت و گوڵشەنا
شەماڵی بێ قەرار
چییە چ باسە گوڵ ڕوان
بەدەستە چەشنی ئاهوان
بەڕاز و عیشوە و و دوان
هەموو لە دەوری شار
ئەڕۆن بەکەیف و بێ جەخار

ئەرێ مەلانی زەرد و سوور
لە بۆشیی ئاسمان
هەموو بەدەنگی پڕ سروور
بەشەو یا بەیان
چییە کە دێنەوە لە دوور
بەدەستەی بێ وچان؟
لە بن چیاوە کانیاو
بەڕەنگی شیری تازەساو
جگە لەوەی ئەدا لە چاو
لە وەرد و ناو بەیار
بەپێچ و دەورە دێتە خوار

وەلێ بەهاری نازەنین
ئەکەوتە ناو وڵات
لە ئاسمان هەتا زەمین
ئەگۆڕێ کائینات
مەل و گوڵ و دڵی حەزین
هیوا پەیا ئەکات
لە هاژەهاژی ئاوی چەم
لە پێکەنینی گوڵ بەدەم
ئەبیسترێ و ئەڵێ بەجەم
کە دەستی کردگار
بەڕێکی دەرئەخا نیگار
منیش هەموو دەمێ لەلام
بەهارە فەسڵی خۆش
بەنەشئەی دڵ و غەرام
ئەکەومە عەیش و نۆش
ئەمانە خۆشە بەڵام
لەکن سەری بەهۆش
بەرامبەری جیهان و ژین
لە بۆ ئەوەی کە باش بژین
ئەبێ بەهەوڵ و ڕاپەڕین
بەڕەنج و ئیشوکار
بەهار بکەین بە دوو بەهار

یادی بیست ساڵەی ڕۆژنامەی (ژین)[1]

سلێمانی ١٩٤٦/٢/٧

(پیری ژیر) ئەی خاوەنی (ژین) و (ژیان)
ئەی یەکە دڵسۆزی خاکی نیشتمان
هەوڵ ئەدەی بەم پیرییە کوردی هەژار
سەرکەوێت و دەرکەوێت، بێتە مەیان
تۆ لە ڕێی (زانستی)یا بۆ هۆزەکەت
ناتە ئەستۆی خۆتەوە ئەرکی گران
دانەیەک ڕۆژنامەی کوردی نەبوو
ئەودەمە دەنگی (ژیان) کەوتە جیهان
دەنگ و ڕەنگێکی هەبوو پڕ سۆز و جۆش
وەک جگەر سووتاوی ژێر دەستی زەمان
هێندە دڵ پڕ کوڵ بوو بۆ ڕێی یەکیەتی
بووبووە بەیداخی بەرزی کاریان
ویستیان لەو جێگە بەرزە ڕای گرن
خۆت فڕاندت تا گەیشتە جێی ئەمان
جاری دوایی هاتەوە ئەمما چلۆن
جوان و شیرینتر لە جاران بێگومان
غایەتی هەر ناوی خۆی کردبووە (ژین)
وەرنە ئامانجی وەکو ئەو بێ زیان
پڕ لە ئەشعار، پڕ قسەی کوردایەتی
پڕ لە باسی عەنعەنەی چەرخی بەیان
پڕ لە باسی ڕاستی و دۆستایەتی
پڕ لە باسی کردەوەی شیرین و جوان

سەد سوپاس ئەمڕۆ لە چەرخی بیستەما
خۆی گەیاندە (ساڵی بیستەم) بێ وچان
(پیری ژیر) عەرزت ئەکەم تاقانەکەت
جێگەی شانازییە بۆ کورد زوبان
چاوەکانت ڕوون کە ئەمڕۆ جەژنتە
جەژنی ئەو پیرۆز و کوردیش کامەران

....

(١) ئەم هەڵبەستەی ڕووبەڕووی پیرەمێردی نەمر و گەلێک لە شاعیرانی ئەو سەردەمەی سلێمانی خوێندووەتەوە بەبۆنەی تێپەڕ بوونی بیست ساڵ بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین)دا و، لە ژمارە ٨١٩ی شوباتی ١٩٤٦دا ئەم باسە بەدرێژی نووسراوە لەگەڵ هەڵبەستەکەدا. (مەحموود)

لەسەر لووتکەی پیرەمەگروون

واژە، سنگێ، گردەزبێر، گۆرانگە
٦، ٧، ١٩٤٦/٧/٨

پەرییە شیرینەکەی لە چاوان گوم!!!

لە ژێر پرشنگی گەلاوێژا ئەم چەپکە گوڵە کوێستانییە دەخەمە پێش چاوت، وە بەیادی ڕۆژێک لە ڕۆژانی پێک گەیشتنمان پێشکەشی ئەو گیانە پیرۆزەی دەکەم کە هەمیشە بەئاشکرا و نهێنی، لە دوور و نزیک لە خەو و بێدارییا فریشتەی هەڵقولاندنی سەرچاوەی ئیلهاماتمە.

بەختیار زێوەر

لەسەر لووتکەی بڵندی پیرەمەگروون
کە لای من بووەتە شاخی زیو و ئاڵتوون
شەوێک دیم دوو پەریی پڕ سۆز و مەحزوون
ئەیان وت تێ بگە ئەی چەرخی گەردوون
ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتین و کەساسین
لە ڕۆژئاوایی جوانتر دوڕ شوناسین
ئەزانین یەکێتی شێوەی برایە
دەسیسە و تەفرەدان جورم و سزایە
بەڵێنی هیچ و پووچ داوی بەڵایە
ئەوەی کۆنەپەرستە بێ ڕەزایە
وەکو جاف سینە ساف و شێوە خاسین
لە ورتەی تانە و ئاژاوە کاسین
ئەزانین ئێرە خاکی نیشتمانە
ئەوی تیا دائەنیشێ خانەدانە
درشت و وردی تامەزرۆی ژیانە
هەموو دیلی و کەلەبچەی لا گرانە

بمانناسە (براخاس و هەباس)ین
شەو و ڕۆژ هۆگری هەوجار و داسین
ئەزانین تۆی ناکۆکی چ ڕەنگە
ئەوەی بۆمان ئەچێنێ زۆر دەبەنگە
هیوای تێکچوونی ئێمە و سەر بەجەنگە
بەڕاوێژ ئیش نەکەین لای ئێمە نەنگە
لەگەڵ دۆست و برا دڵ پڕ سوپاسین
لەگەڵ دوژمن لە جەنگا بێ هەراسین
نەزانین هۆزی ئێمە زۆر هەژارە
لە چاو هۆزانی غەربا نادیارە
بەڵام ئەمڕۆ گەلێکی زۆر بەکارە
بەئامانجی بڵندی بەختیارە
بەڕوو سووری وەکو لالە عەباسین
لەسەر بستێ زەوی دڵ گەرمە پاسین
ئەزانین عیلم و فەن هۆی پێکەنینە
هەچی هۆزێ کە نەیبێ بێ نگینە
بناغەی پایە بەرزیی سەرزەمینە
نەوەک هۆی خاک کرین و خوێن مژینە
ئەوەی وابێ لەگەڵیا بێ تەماسین
دەسەو چەک ڕووبەڕوو یان بۆی مەلاسین
ئەزانین مەبدەئی چاکە دیموکرات
بەبێ ئەو مەبدەئە ناگەینە ئاوات
دیموکرات جوانترە بگرە هەزار قات
لە ئیستیعمار و فاشیستی خەرافات
بەڵێ بۆ هەر شتێ خاوەن ئەساسین
لەبەر بووکی وڵاتیشا کراسین

بەڕاستی ئەم قسانە دڵمی جووڵان
کە ڕوانیم لای نەدیوی پشتی ئەکوان
بەشێکی زۆر فریشتەی پاکی یەزدان
بەئاڵایەکەوە هاتن بەگریان
بەوانیشیان ئەوت زۆر بێ قیاسین
مەترسن پشتی ئێوە و ئێوە ناسین
بەدڵ هەستام بچم بۆ لای ئەوانە
بەڵام خەو، ئەو قولی ئێسک گرانە
وەهای بادام کە سەیرم کرد بەیانە
منیش هێندەم لە گوفتاریان ڕەوانە
لە ناپاک وایە کوردی بێ حەواسین
بەڵام لای پاک جەوان مەرد و بەباسین

بەهەشتێکی گوم بوو

سلێمانی ١٩٤٦/٨/١٩

گیانەکەم: هاوڕێی ژیانم! نازەنین
کوا لە کوێی؟ دڵ بووەتە کانی ئاگرین
بێرەوە، وا لەشکری دەرد و جەخار
جێی بەمن لێژ کردووە ئەمڕۆ بەقین
بێرەوە، وا کۆشکی شادیم دەم بەدەم
وردە وردە ڕووئەچێ بۆ ژێر زەمین
بێرەوە، هەرچەند ئەزانم دیدەنیت
ئەم دڵە ناخاتەوە سەر پێکەنین
وا زەمان ئەمڕۆ بەپەنجەی نەگبەتی
جەرگی کون کردم وەکو دێوی لەعین
ئەو بەهەشتەی کیژ و کوڕ ڕووی تێ ئەکرد
بۆ ئەوەی هاوین بەخۆشی تیا بژین
دڵ ئەڵێ یادێکی ڕابووردووی بکەین
یادی پێنجوین دڵ ئەخاتە سەر فڕین
دێتەوە یادت چ خۆش بوو دیمەنی
بەرز و شیرین هەروەکو خولدی بەرین
دێتەوە یادت هەوای (چوارباخ)ەکەی
چۆن دەوایەک بوو لەبۆ قەلبی حەزین
دێتەوە یادت چ خۆش بوو ئاوەکەی
سارد و شیرین هەروەکو ئەسکەنجەبین
دێتەوە یادت نزار و شیوەڵی
پڕ لە مەل بوو، پڕ گوڵاڵە و یاسەمین
دێتەوە یادت بەشەو لەو خاکەدا

چۆن لەگەڵ شادی ئەچووینە ناو کەمین
دێتەوە یادت بەڕۆژ هەر کوێ ئەچووین
چەپڵەڕێزان بوو، زەماوەن، هەڵپەڕین
چەندە خۆش بوو لەو کەلانە دەنگی مەل
ڕووی ئەکردە سەر زەوی و ئاسمانی شین
ئای چ خۆشمان ڕابوارد ئەو موددەتەی
شاری پێنجوینمان ئەکردە جێنشین
هەر پەنا شاخێک ئەچووین دەنگی ژیان
گوێی دڵی سەرمەست ئەکردین چین بەچین
هەر مرۆڤێکمان ئەدی هەستێکی پاک
کوردپەرستی زیاد ئەکردین زۆر بەتین
هەر سەراوێکی ئەچووین نەشئەی وڵات
ئەم دڵەی ئێمەی ئەخستە ڕاچەنین
هەر گوڵستانێکی ڕوومان تێ ئەکرد
کەڵکەڵەی عەشقی ئەخستینە فڕین
نازەنین، دەستی شکاوم داخەکەم
ئێستە (پێنجوین) دڵ ئەخاتە سەر گرین
ئەو تەلارانەی کە ئەت دی بەرز و خۆش
ڕۆچووە و بووەتە کەلاوەی نائەمین
ئەو چەمەنزارەی هەوارگەی ئێمە بوو
وا پەپوو تیایا ئەخوێنی پڕ بەبین
ئەو سروور و شادییەی لەو جێیە بوو
ئێستە بووەتە باوکەڕۆ و هاوار و شین
ئەو مرۆڤانەی لەوێ بوون شادمان
ئاوەکی کەوتوون و بێ بەخت و نگین

بەم بەرە جەژنانە، ماڵوێران، هەژار
نا بەدڵ، ناچار، هەموویان دەرپەڕین
بوومەلەرزە وای سەرەوژێر کردووە
بگرە قەت نابێتەوە مەڵبەندی ژین
بابچین توخوا بەرامبەر جێگەکەی
تێروپڕ بگرین بەجەرگی پڕ برین
بابچین چونکە بەهەشتی ئێمە بوو
شیوەنێکی بۆ بگێڕین ماتەمین
بابچین بۆ دڵنەوایی ئەهلەکەی
ڕووبکەینە کوردی پڕ عەزم و بەقین
یەک بەیەک پێیان بڵێین: دڵسۆزەکان
ئەم برایانە بەناموسن بەدین
وا فەلەک دووچاری کردن قەت نەکەن
زوو فەرامۆشیان بکەن، بێگانە نین
ئەم برایانە هەموو دەستی قەدەر
ناو دڵی توێ کردن و جەرگی بڕین
بێنەوە بۆ کۆمەکی و باربۆی ئەوان
ناو تەلار و ناودەوار و زنج بچین
بۆ هەموویان یارمەتێکی وا بدەین
جەرگیان سارێژ بکا وەک پەنسلین
سا بەقوربانی هەمووتان بم بەدڵ
ڕۆژی باربۆیانە با ڕوو سوور ببین


پێنجوێن
پێنجوێن
بەهەشـــتێکی وون بو
بەهەشتێکی وون بو
بەختیار زیور
بەختیار زیور
٢-٩-١٩٤٦
٢-٩-١٩٤٦
چ - بلدیە
چ - بلدیە

دەربارەی ئەم هەڵبەستە چەند وشەیەک:

لە ساڵی ١٩٤٥و١٩٤٦دا شاری پێنجوین دووچاری بوومەلەرزەیەکی زۆر هات، ناچار زۆربەی دانیشتوانی بەجێیان هێشت و ئاوارەکەوتن. لە هەموو لایەکەوە دەستی یارمەتی و باربۆیان بۆ درێژ دەکرا.

لاوانی ئەوسای شاری سلێمانی هەستان بەپێشکەشکردنی چیرۆکی شانۆیی

(گوڵی خوێناوی) لە نووسینی شاعیری نەمری کورد مامۆستا گۆران کە لە حەوشەی قوتابخانەی گۆیژەی سەرەتایی کوڕان پێشکەش کرا و سوودەکەی بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەی پێنجوین بوو. بەختیاریش بەم هەڵبەستە هاوبەشیی کرد کە بوو بەوتەی پێشەکی. مامۆستا ڕەفیق چالاک بۆی گێڕامەوە دەیوت بەجۆرێک هەڵبەستەکەم دەخوێندەوە هەموو دانیشتوانم دەهێنایە جۆش.

هەروەها دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوولیش بۆی گێڕامەوە و وتی شەوێک لەکاتی خوێندنەوەی هەڵبەستەکەی بەختیاردا کە خۆی لەوێ دانیشتبوو، ئەوەندە کاری کرد، مامۆستای شاعیر ئەخۆل ناچار لێی پرسی بەختیار ئەمە هی خۆتە یان هی وەستاتە؟ مانای باوکتە، ئەویش لە وەڵامدا وتی هی خۆمە و لە دواییدا بەنامیلکەش چاپ کرا و سوودەکەی هەر بۆ لێقەوماوان بوو.

مەحموود

***

شەوگاری دڵداری

سلێمانی ٢/١١/١٩٤٦

دیسانەوە شەو هاتەوە بۆ عاشقی غەمبار
بتلێتەوە تا ڕۆژ بەجەخاری دڵی زامار
بێچارە بناڵێنێ وەکو بولبولی گوڵزار
پڕ سۆز و بەئازار، ناکام و بەبێ یار

هەرچەندە وەک ئەستێرە شوناسێکی جیهانی
ئەڕوانمە ئاسمانی هیوای پڕ لە نیهانی
لێم دیار نییە بەختی منی بیمار
هەی هەی کە منی زار، بەدبەختم و بێدار

شەوگار دە بڕۆ ڕەش لادە لە چاوم
من خۆم بەگەلێ دەردەوە باش تێوە گلاوم
تۆش هەروەکو مێمڵ مەبەرە ڕێگری دیدار
بەس بمخەرە هاوار، دڵ پەستم و دووچار

گوێم لێیە نزیک دەنگی نەی و عوود و سەمایە
بەزم و چەقەنە و بستە و بەستەی لەگەڵایە
ئەو شادییە لای من بووەتە شیوەنی شەوگار
بێ دیدەنی دڵدار شادی نییە یەکجار

ئەی دڵ کەمەکێ ئۆقرە ئەگەر بگری بەیانە
ڕۆژ بێتەوە گوڵزاری هیوای پڕ لە ژیانە
لەم تاسە و ناکامییەی ئەمشەو ئەبی ڕزگار
دەروازەیی ئەسرار، ئەکرێتەوە ئەوجار

پایزی زستانی

سلێمانی ٢١/١٢/١٩٤٦

١

وا گەڵاڕێزانە گیانە! بۆ چەمەنزار
هاژە هاژی بای خەزانە ڕووبەڕووی شار
ئەو درەختانەی کە سەریان زۆر بڵندە
ئەو گوڵانەی ڕەنگ و بۆیان زۆر پەسەندە
ئەو مەلانەی جێگەیان کا و سەهەندە
هاتنی پایز لەبەر دڵیان گرانە
چونکە توندی و گرژ و مۆنی پڕ جیهانە

٢

بایەکەی پایز بەجارێ دێتە سەرمان
خۆڵ و پووش دێنێتە خوارێ بۆ گوزەرمان
پۆتەڵاکی دار ئەژاکێنێ بەیەکجار
ڕووی گوڵان زەرد هەڵئەگێڕێ وەک ستەمکار
شادمانیی مەل ئەخاتە ناو دڵی غار
چنگ لە هەرچی گیر بکا مانی نەمانە
بەم کزە ساردەی نیازی پڕ زیانە

٣

هەر کە پایز بێ سەروشوێن ڕۆی لەبەر چاو
لەشکری زستانی پڕ قین دێن بەپڕتاو
هێزی وەیشوومەی لەژوور سەرمان ئەوەستێ
هاتوچۆی پێدەشت و سەربەندەن ئەبەستێ
چین بەچین ئەم ناوە بەفری تێ ئەپەستێ

تیشکی ڕۆژ ئەشکێتەوە گەرمی نیهانە
ڕۆژی گورجی و ڕێ بڕین و پێ لێ نانە

٤

بەفری زستان تۆفی پایز   توند و پڕ هێز
بۆ وڵاتی کوردی ئازیز   ئەچنە پارێز
شاخەکانمان ئەبنە کۆگای بەفری ئەستوور
ناوی ڕووبارمان کە دێت وەک ئەرخەوان سوور
نیشتمانی کوردەواری، خوار هەتا ژوور
تۆف و بەفر و با، لەلامان خۆش و جوانە
چونکە کوێستانین و ڕەمزی نیشتمانە

٥

پایزی زەرد با بەعینوان   کاری وا بێ
بگرە لامان خۆشە زستان   بەفر و با بێ
ئەو کەسەی سەرسامە لێمان   دڵنیا بێ
جەستە خۆشەی مەینەت و دڵ هەڵکزاوین
بەم کەژ و کێوانە سەربەرزی تەواوین
بۆ سەر و ژوور کەی هیوا خێچکە بەتاوین
بەفر و با ڕێی ئێمە ناگرێ تاکو ماوین
چونکە هەوڵی ئێمە بۆ بەرزیی ژیانە
چوست و خوێن گەرمین و دڵمان شادمانە
تیر ببارێ کردوکۆشمان بێ وچانە

مامۆستای دڵسۆز

سلێمانی ١٩٤٧/٢/٢٦

مامۆستا خۆشەویستەکەم!! مامۆستای شاعیرم

لەگەڵ پۆستەی گەلاوێژا بەیادی ئەو دەرسە بەنرخانەی کە ٢٢ ساڵ لەمەوبەر لە کونجێکدا بەنهێنی پێت دەوتم، ئەم شیعرانەت پێشکەش دەکەم. ئێستاش وەنەبێ من شانازی پێوە بکەم و بڵێم دیارییەکی بێ وێنەیە، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوە بەخۆم هەست دەکەم کە تا چ ڕادەیەک بۆنی ئەو چەپکە گوڵانەی لێ دێت کە تۆ ئەوسا لە دەمت دەکەوتە خوارێ لەلام، ئەو دەمەش خۆم بە بەختیار دەزانم چاو لە هەڵەکانم بپۆشی و پێ بزانی ئەمە دیارییە و گوڵاوی نییە لە کن من.

مامۆستا گیان تۆ لای من زۆر پیرۆزی
تۆ، لە باوکم زیاتر بۆ من دڵسۆزی
جوان هەست ئەکەم بەزوبانێکی شیرین
پێم ئەبەخشی زانستی خۆت چین بەچین
هێزی دڵ و دەماغت هێندە بەرزە
وتارەکەت هەستیم دێنێتە لەرزە
تۆ بەبیری ڕووناک ڕێگەی ژیانم
ڕۆشن ئەکەی، چەوتیم ئەدەی نیشانم
ئاگام لێیە بەباسی کرداری جوان
ئەمخەیتە سەر شەقامی ڕاست و ڕەوان
زۆر حەز ئەکەی وەک دانیشتووی ڕۆژئاوا
خۆم و هۆزم بەرزبینەوە بێ داوا
لە مەیدانی ژیانا سەربەخۆبین
زانا و هوشیار، لەگەڵ یەک بێ درۆبین

مامۆستا گیان تۆ پێشەوای جوانانی
چرای ڕووناکیی خاکی کوردستانی
لە نیشتمانا سەرکردەی زانستیت
بنچینە دانەری قەڵای سەربەستیت
بەڵام سەد ئاخ، ئەوەمان ناتەواوە
لای کورد هێشتا قەدرت باش نەزانراوە
ئەمجا تۆش گەورەم چونکە ئێجگار ژیری
لام وایە لەم حاڵە کەمێ دڵگیری
باوەڕ ناکەم ئەوەش عەزمت بشکێنێ
دانا هیچ کاتێک عەزمی نانەوێنێ
ڕۆژێک ئەبێ قەدرت بگرن بەچاوان
لەبەر دەمتا بوەستن تیپی لاوان
هەیکەلێکت بۆ بکەن گشتی ئاڵتوون
گوڵبارانی بکەن بەشەوقی دەروون
هیوای من و تۆ ئەوسا دێتە مەیدان
کوڕنووش بەرن بۆ هەیکەلت پیر و جوان[١]

(١) لەگەڵ ئەم هەموو ڕێز و سەنایەدا بۆ مامۆستا و زانست کە باوەڕ ناکەم تا ئەو سەردەمەی ئەم هەڵبەستەی تیا وتراوە و بەڵکو تا ئێستاش هیچ شاعیرێک ڕێزی بەم جۆرە لە مامۆستا گرتبێ، هێشتا بەختیار زێوەر قوتابخانەیەکی بەناوەوە نییە؟ (مەحموود)

وتاری کوردێک

١٩٤٧/٨/٢١

بام ڕۆژانەکەم یەک دوو قڕان بێ
خواردنم وەکو سەپان و شوان بێ
با لەشم ڕووت و دەردم گران بێ
بەڵام تا مردن بێ درۆ کردن
عەشقی نیشتمان، دەرناکەم لە گیان
بام بۆ زۆرداران بچەوسێمەوە
با لە بێگاریان نەحەسێمەوە
شپرزە نابم هەڵ ئەسێمەوە
چونکە تا مردن، بێ درۆ کردن
بەرزیی وڵاتم، بۆتە ئاواتم
هەرچەند جێگەی خەڵق کۆشک و تەلار بێ
جێی منیش قوختە و زنج و دەوار بێ
بەڵام پێویستە کە شوێنم دیار بێ
بەبوون و نەبوون، بەپەستیی گەردوون
لە خزمەت کردن نابم تا مردن
بەقسە و نووسین، بەدەست و زوبان
هەوڵ ئەدەم کوردی نەبەردی زەمان
بخەمە سەر ڕێی بڵندی ژیان
هەتا کورد زوبان، لە خۆشیی ژیان
بێ بەهرە نەبن، چ پیاو و چ ژن
ئەمەوێ عالەم تێ بگەیێنم
بیری نوێ لەناو کوردا ئەچێنم
ڕەگی بیری کۆن لەبن دەردێنم

دەسیسەی ناپاک، ئەنێمە ژێر خاک
ئاواتی دوژمن، دەردێنم لەبن
نامەوێ بژی کۆنەپەرستی
ئاو ئەدەم بەخوێن گوڵی سەربەستی
پێم قووت نادرێ دیلی و ژێر دەستی
بەدەنگی دلێر وەکو بێچووە شێر
هاوار ئەکەم من، بڕووخێ دوژمن
بەڵام پێویستە ئاوەڵەکانم
بەکۆڵ ئەوانیش شان بەنە شانم
بۆ بەرزیی کورد و بۆ کوردستانم
هەتا پیر و جوان، یەکدڵ، یەکزوبان
بەختی نەکەین خۆ، نابین سەربەخۆ

بەستەی جووتیار

سلێمانی ٩/١٢/١٩٤٧

ئەم زنجەی خۆم ناگۆڕمەوە بەتەلار
نان و دۆی خۆم نادەم بەخوانی زۆردار
داسی خۆم نانێم لە گەردنی هەژار
هێزی شان و قۆڵم نادەم بەبێگار
من سەربەستم، ئیش بەدەستم، زۆر بەکار
من جووتیارم، من جووتیارم، من جووتیار
کێڵگەی وڵات بۆ میر و بەگ ناکێڵم
بشمکوژن زەویی خۆم جێ ناهێڵم
تۆ ئەوەشێنم، ئاڵتوونە شوێن هێڵم
زۆردار واز دێنێ و بسکەی دێ سمێڵم
گەنم و جۆی خۆم نادەم بیکەن بەعەمار
گرانی پێ ساز بکەن سەرمایەدار
بێ خەم ئەبم لەو خاوەنی سامانە
بووژانەوەی ئێمەی لەلا گرانە
لەسەر ڕەنجی ئێمەش خاوەن دیوانە
حەقی ئەو نەوعە کوشتن و زیندانە
چونکە چاوبرسی و خوێنمژە و نالەبار
لەسەر شانی گەلی هەژار بووتە بار
ئەو ڕۆژە ڕوونەی گشت گەلی کوردستان
بۆ هەقی خوراو سەرجەم دێنە هەستان
لەبن دێتە دەر فێڵی پوول پەرستان
کلکە قنگەی بێگانەش دێتە وەستان
کورد پێ ئەگا بۆ خۆی ئەبێتە سەردار
لە چەرمەسەری ژیان ئەبێ ڕزگار

میللەتێک

سلێمانی ١٩٤٨/٢/٩

میللەتێک هیوای بەرزیی ژیان بێ
تینووی ئازادی و دیلی زەمان بێ
بەندی و هەژاریی زۆر لا گران بێ
هێزی مەردانەی کە هاتە گەردش
وەک ئەتۆم زەمین دێنێتە جونبوش
میللەتێک زۆربەی نەخوێندەوار بێ
چەوساوەی دەستی سەرمایەدار بێ
جەرگ هەڵکزاوی ئاگری زۆردار بێ
کە جووڵایەوە وا خۆی ئەنوێنێ
کە تۆڵەی ڕۆژی ڕەشی بستێنێ
میللەتێک مێژووی ڕووناک و جوان بێ
ئەولای ئەردەڵان ئەم لای بۆتان بێ
کانگای ئاڵتوون و نەوت و سامان بێ
هیچ هێزێک نییە ڕێی بباتە بەست
بەزانست و فەنن خۆی ئەکا سەربەست
میللەتێک چاوی لە خەو هەڵهێنێ
ببینێ دوژمن زۆری بۆ دێنێ
ستەمە سەری بۆ دانەوێنێ
بێگومان ژیان لە خۆی تاڵ ئەکا
تا لاشەی دوژمن لەناو چاڵ ئەکا
میللەتێک نەوەی کاوەی ئازا بێ

بۆ سەرکەوتنی خۆی دڵنیا بێ
بۆ ژیانیشی دڵ پڕ هیوا بێ
زۆری پێ ناچێ ئەگاتە ئاوات
ئالای سەربەستی بەخوێن هەڵ ئەکات

نەورۆزی ١٩٤٨

سلێمانی ٢١/٣/١٩٤٨

بڕوانە ئاسمانی شین
بڕوانە دەشتی ڕەنگین
بڕوانە گوڵ و نەسرین
بەهەشتێکی زۆر شیرین
ئەڵێن ئەمڕۆ بەهارە
ولات بووکی نازدارە
ڕازاوەی کوردگارە
دڵخۆشیمان لێ دیارە
بڕوانە لاوانی ژیر
یەکدڵ وەک حەلقەی زنجیر
ڕۆڵەی نیشتمانی پیر
بەبەرزیی ولات هاوبیر
ڕوو لە دەشت و سەیرانن
دڵخۆش و شادمانن
چونکە گەنجی مەیدانن
ئەمڕۆ بەجەژن ئەزانن
کیژۆڵەکانی نازدار
خانمۆڵەی شیرین کردار
چاوەڕوان بوون کە بەهار
لەسەر بەندەن بێنە خوار
بەڵام سوپاس بۆ یەزدان
نەورۆزی دیسان ڕەخسان
ئێمەش ئەیکەین بەسەیران
بۆ کورد و بۆ کوردستان

بۆ بارزانییەکان

١

ئەو جێیە خۆشە ناوی بەرزانە
مەڵبەندی کورد و جێی سەر بەرزانە
قەڵای کورد زوبان
چاوی نیشتمان
بۆ کورد پشتیوان
خوێنی بێگانەی تێدا هەرزانە

٢

ئەو دڵپاکانە فەخری وڵاتن
بۆ بەرزیی ئێمە زۆر بەئاواتن
بەماڵ و بەسەر
بەخوێنی جگەر
گشت بوونە سەنگەر
بۆ سەربەستیی کورد زۆر بەثەباتن

٣

چەند جار هەستاون بەرامبەر دوژمن
شەڕیان کردووە تێکڕا پیاو و ژن
لە شەڕا پسپۆڕ
کوردی سلاحشۆڕ
دوژمنیان چاو شۆڕ
کۆڵیان نەداوە بۆ ڕێی سەرکەوتن

٤

ئەی خوێن پاکانی خاکی کوردستان
درێغی مەکەن بۆ خێڵی بارزان
لە هەر کوێیە بن
لە ڕقی دوژمن
قەدریان بگرن
چونکە بۆ ئێمە بوونە پشتیوان

گریمان

سلێمانی ١٩٤٨/٤/١٧

گریمان پارەت هەزار کلوور بێ
شەو لە ژوور سەرت ساز و سەمتوور بێ
بەڕۆژ دیوانت پڕ زەرد و سوور بێ
هاوڕێی ژیانت بەگ و مەئموور بێ
گیانەکەم ئەگەر خۆت بێ قیمەت بی
نرخێکی نییە خاوەن سەروەت بی
گریمان ئەمڕۆ مەردی مەیدان بی
خاوەنی نان و خوانی دیوان بی
پیاوێکی بۆشناخ زۆر قسەزان بی
شارەزای قانوون، شیرین زوبان بی
ئەگەر دەروونت پاک نەبێ تەواو
ئەمانە هەستیت ناگۆڕن تەواو
گریمان هەموو ئەوروپا چووبی
گەلێک ڕەوشت و زانین فێربووبی
بەوردبوونەوە وەک ئەرەستوو بی
بەدەم بۆ وڵات پڕ ئارەزوو بی
کە قازانجی خۆت پێش خست لە هی گەل
ئەزانرێ دزی و ئەگەڕێی بۆ هەل
گریمان کاسب یا دووکاندار بی
خەریکی سەودا و جوابی کڕیار بی
بەدیمەن چاک و پاک و هەژار بی
بۆ نوێژ و ڕۆژوو ئێجگار بەکار بی

ئەگەر کەوتیتە فێڵ و دەس بڕین
لە تۆ چاکترە ڕێگری بێ دین
گیانەکەم هەرکەس ڕاست و ڕەوان بێ
بەکردار دەرخا نیازی جوان بێ
دڵسۆزی من و تۆ و نیشتمان بێ
حەز ئەکا کوڕی سەپان و شوان بێ
ئەو کەسە ڕۆڵەی کوردی هەژارە
با تۆش نەیناسی وەکو ڕۆژ دیارە

بۆ قەرائەتی کوردیی منداڵان

سلێمانی ١٩٤٨/٩/٣

تا پێ ئەگەم ئەخوێنم
واز لە خوێندن ناهێنم
خوێندنە چرای ژینم
بۆ خۆ و دوژمن ناسینم
بۆ دوا ڕۆژی ڕووناکم
ئەبێتە هاوڕێی چاکم
خوێندەواران بەڕێزن
گورج و تێر و بەهێزن
بەرامبەر چەرخی گەردوون
هەیانە بازنی ئاڵتوون
هۆزێکی نەخوێندەوار
هەرگیز ناژی بەختیار
چونکە بێگانەی زۆرزان
لەپڕ لێی دێتە مەیدان
هەر بەبێگار ئەیکوژێ
خوێنی لەشی ئەمژێ
دەغڵودانی ئەفڕێنێ
ئەیبا خۆی پێ ئەژێنێ
بام ئەو هۆزەش ڕیسوا بێ
هیچ بەتەنگەوە نابێ
ئینجا هەتا بمێنم
تێ ئەکۆشم ئەخوێنم

دوا ڕۆژ وەک ڕۆڵەی دڵسۆز
ئەبمە پشتیوانی هۆز
بۆ سەربەستیی کوردستان
بەختی ئەکەم ماڵ و گیان

گوڵی سەربەستی[١]

سلێمانی ١٩٤٨/١٠/٣٠

گوڵێک شیرینتر لە خونچەی بەهار
نازکتر، جوانتر، لە شەوبۆی نازدار
گەشتر لە دیدەی وەنەوشەی نزار
گوڵێکە ناوی گوڵی سەربەستی
مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی
گوڵی سەربەستی ئەی هێزی گیانم
ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی ژیانم
تۆم نەبێ! من خۆم بەهیچ نازانم
تۆم نەبی هەرگیز ناحەسێمەوە
بێ بۆنی خۆشت نابووژێمەوە
بام تەنیا هەر تۆ شاگوڵی من بی
سەرچاوەی سۆزی بەکوڵی من بی
تۆ، تاقە یاری پڕ دڵی من بی
شیعرت پیا هەڵدەم بەزوبانی خۆم
بڵێم دەمێکە بەدڵ شەیدای تۆم
بۆچی؟ ڕەنگی تۆ وەکو خوێن سوورە
هەر هۆزێ کە تۆی تیابێ جەسوورە
وڵات بەبۆنت زۆر پشت ئەستوورە
دیارە تەلیسمی بەرزی ژیانی
گەلێک کێش ئەکەی بۆ کامەرانی
بەڵام نرخی تۆ ئێجگار گرانە
کڕیارت کوشتە و جێگەی زیندانە
بۆ تۆ من خوێنی خۆم لا هەرزانە

سەرم بەخت ئەکەم تۆی پێ ئەسێنم
کە تۆم دەسکەوتی سەربەرز ئەنوێنم
یاران ببینن ئەم کەژ و دەشتە
ئەم لالەزارە کە وەک بەهەشتە
حەیفە ولاتمان کە جێگەی گەشتە
ئەو گوڵە خونچەی تیا نەکاتەوە
کوردیش گرەوی خۆی ناباتەوە[٢]

....

(١) ئەم هەڵبەستە مامۆستای خوالێخۆشبوو هونەرمەند تایەر تۆفیق لە ئێستگەی کوردی بەغا تۆماری کردووە. ناوبراو هەروەها هەموو هەڵبەستی گۆرانییەکانی خۆی کۆکردووەتەوە و لەژێر ناوی گوڵی سەربەستیدا لە چاپی داوە.

(٢) هونەرمەند و دەنگخۆشی خەڵکی سلێمانی عەبدولقادر حوسێن کە ناسراوە بەکاک قادری حاجی حوسێنی نانەوا لە ئاهەنگەکانی نەورۆزی شاری سلێمانی ساڵانی ١٩٥٨دا بەگۆرانی ئەم هەڵبەستەی ئەوت لە شوێنە گشتییەکان. (مەحموود)

بەشوێن سامان

١٩٥٠/٩/٢

ئەی درهەم و ئەی دینار
تاقانەی کۆشک و تەلار
هێزی بەردڵی هەژار
شەمامەی یار و ئەغیار
هەڵسووڕانی ئیش و کار
لە خۆتان دێ بێ ئازار
شیرینیی ئێوەی نازدار
کێوی دێنێتە ژێر بار
من ناڵێم دووسەد هەزار
بەڵام دیناری شینکار
کە ڕووی تێ کردی یەکجار
ئەتبا دیارە و دیار
ئینسانێکی نالەبار
هیچ نەزان و بێ دەمار
هەروەک ئەفەندیی ناوشار
بۆت ئەکا بەخوێندەوار
هەر پارەیە بێ شومار
ئەیبەخشن میر و توجار
بۆ ژیانی بێ غوبار
قەڵایەکە پڕ نیگار
دوژمنێکی هەرزەکار
کە ژینت لێ بکا تار

بۆی بەرە وەکو سەردار
ئیتر ئەژیت بەختیار
ئەی دەوڵەمەندی ناودار
پێی ڕابوێرە بەویقار
بەڵام وریابە جار جار
لای خوا نەتکا شەرمەزار
ئەی گەنجی لە گیان بێزار
ژیر بە و بەهۆش و بەکار
پارەی خزم و کەسوکار
نەتبا بۆ کۆڕی قومار
ئەی (بەختیار)ی لاسار
لای زۆربەی خاوەن ئەفکار
ئەمڕۆ پاوەن و دۆلار
بوونە سەرچاوەی ئەسرار

ئەی فیداکارانی میللەت[١]

ئەی فیداکارانی میللەت، شێر مەردانی وڵات
ئەی ڕەئیسانی دیانەت، ساحێبی سەوم و سەڵات
بۆ نیساری بێ وجوودە لیرەو و ڕوپیە و مەنات
(ڕوو لە خواکەین بۆ [مەلیک] داویە لەدەس زیللەت نەجات)[٢]
(کەس نەبێ چاوی لە ڕوتبەی، خزمەتی کەین بێ خەڵات)

**

تاکو دوێنێ بوو لە مەیدانا ئەتانوت ئێمە جووین
سەیری ئەمڕۆ کەن هەموو سەربەست و ساحێب ئابڕووین
وا لە بادەی یەکیەتی سەرمەستی فیکری هاتوهووین
(گشت فیداکاری [ئەو]ە ئێستاکە وا سەربەست کە بووین)
(ناوی تەئریخی لەجێی ڕوتبەی فەریقی بێ لەلات)

**

گەر نەکەین ئیسپاتی مەوجوودییەت ئەمڕۆ ئێمە چین
پشتیوانێکمان هەیە وەک کێوی ئاسن وا مەتین
من کە فەردێکم لە کورد بڕوا بکەن ئەی موسلمین
(خزمەتی میللەت لەلام فەرزە بەتەسدیق و یەقین)
(نەک بەدەم، یاخۆ زوبان، بیللاهی وامە تا مەمات)

**

خاکی کوردستان مەحەلی عیلم و دارولفەن ئەبێ
مەوقیعی ئەهلی کەمال و بۆ هونەر مەسکەن ئەبێ
هەرچی وێرانێکی تیایە هەروەکو گوڵشەن ئەبێ
(سەد شوکر شوعلەی چراخان ڕۆژ بەڕۆژ ڕەوشەن ئەبێ)
(بەرقەرار و پایەدار بێ ساحێبی شەوق و حەیات)

**

عیبرەت و دەرسە لەلای ئەهلی نەزەر وەزعی زەمەن
دەرنەچن بۆ عەسری کۆن، لەم وەختەدا هەوڵێ بدەن
دەست لە مل یەکتر بکەن بۆ حیفزی گوڵزاری وەتەن
(دیم نموونەی میللەتی غەیرە کە چۆن خزمەت ئەکەن)
(زابتان و کاپیتان هەروەک نەفەر پۆل پۆل ئەهات)

**

ئیتتیحادێکمان ئەبێ بێ شوبهەیە بێ ڕەیب و شەک
میر و ئاغا فەرقی نامێنێ لەگەڵ خەڕڕات و لەک
سەیری کەن چۆن ئەجنەبی حوکمی گەیاندە سەر فەلەک
(بۆ تەرەققی موڵک و میللەت جانفیدا بوون یەک بەیەک)
(ئیتتیحادە، یەکیەتی ئینسان ئەباتە ڕۆژهەڵات)

**

(فایق) ئەمڕۆ گەرچی عالەم پڕ لە ئاشووبە و فیتەن
حەزئەکەم دایم لە ڕێی خاک و وەتەندا جان و تەن
کوللی یەکیان پەنجەبازی کا لەگەڵ موڵکی خوتەن
(مەقسەدی زاتیم نییە غەیری وەتەن ئیللا وەتەن)
(چون فیدایی میللەتە (وافی) بەتەحقیق و سەبات)

....

(١) ئەم پێنج خشتەکیی بەختیارە لەسەر پارچە شیعرێکی مستەفا ئەفەندی کوڕی مەلا عەلی عیرفان کە سەردەمێ کاتبی دایرەی (ڕێژی) بووە و نازناوی شیعری (وافی)یە، لە ژمارە ١١ی ڕۆژی ١٩٢٣/١١/٢٩ی ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقیلالدا بەناوی فایقەوە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام مامۆستا نەجمەدین مەلا لە لاپەڕە ٢٤٠-٢٤١ی کەشکۆڵی ژمارە ٣ی (مینای شکستە)دا بەناوی زێوەرەوە نووسیویەتەوە. من خۆم لە بەختیارم بیستووە کە هی خۆیەتی و ئەم قسەیەم لەلاپەڕە ١٦٢-١٦٣ لە کەشکۆڵی (شەنگ -ژمارە ٢)دا تۆمار کردووە، پاشانیش کە نەجمەدین مەلا دیوانێکی زێوەری لەچاپ داوە ئەم پارچە شیعرەی تیا بڵاو نەکردووەتەوە.

(٢) ئەم نیوە بەیتە لە ڕۆژنامەکەدا بەم جۆرەیە: (ڕۆح فیداکەن بۆ وەتەن، بۆ حوکمڕانی زی سەبات). مەبەست لە (مەلیک) شێخ مەحموودی حەفیدە.

فڕۆکە(١)

سلێمانی، بەهاری ١٩٢٤

دێوێکە گیانی تیا نییە ئەکشێ بەچەشنی مار
بێ دەست و قاچ و خوێنە، بەبێ گۆشت و بێ دەمار
ناو جەرگی پڕ لە ئاگرە، هەردەم کە دێتە ئیش
خۆراکی ئاوە، بێ دەم و دان، بێ سمێڵ و ڕیش
هەرچەندە بێ پەڕە کە لەگەڵ کەوتە ئاسمان
شەش ڕۆژە ڕێگە زوو ئەبڕێ، ناگرێ وچان
ناڵین و گرمەگرمی لە هەستان و ڕۆینا
هەورە برووسکەیەکە بەسەر گیانی دوژمنا
ئەم دێوە گەورە بەچکەیی زانینە ئەی هەژار
زانینە دێو لە ئاسن ئەکا، باڵەکەی لە دار
زانینە گیان ئەخاتە لەشی دار و بەردەوە
زانینە زێڕ و زیو کە دەرێنێ لە هەردەوە
زانینە شاخی گەورە وەکوو لۆکە شڕ دەکا
زانینە جەرگی شەو کە بەڕووناکی پڕ ئەکا
دەریا کە بوو بەڕێگەیی ڕۆژ و شەوی هەموو
زانین نەبێ کە هێزی ئەوەی بێ، مەگەر چ بوو؟!
زانستییە چرایە، وەکو زێڕی باخەڵە
گیانی وڵاتە بۆ سەر و گوێی دوژمنی پەڵە

....

(١) کاک حەمەبۆر لە دەسنووسەکەی لای خۆیا لەسەر ئەم پارچە شیعرەی نووسیوە: ئەم هەڵبەستە کە لە لاپەڕە ٢٦١ی کەشکۆڵی (مینای شکستە)ی نەجمەدین مەلادا نووسراوەتەوە و ئەویش لە ژمارە ٤٦ی ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٦ی ڕۆژنامەی (ژیان)ی وەرگرتووە، مامۆستا نەجمەدین مەلا لەبارەیەوە نووسیویە: «زێوەر ئەفەندی بەناوی محەمەد فایقی کوڕییەوە قەیدی کردووە»، بەڵام من لە خودی بەختیارم بیستووە کە هی خۆیەتی و بەهەڵە دراوەتە پاڵ باوکی.

مام هۆمەری چەرچی

مام هۆمەر کە چەرچێتی ئیشی بوو، وردەواڵای دەفرۆشت. لەپاش چەند ساڵێ دەوڵەمەند بوو، ڕێگای کاسبیی گرت. بەفیکری خۆی لەو شتانەی کە قازانجی لێ دەکا، چەند بارێکی ڕێک خست و ڕووی کردە شار. لەناو شارا تووشی بەقاڵێک بوو پێی وت:

بەقاڵ (ب): ئەرێ هۆمەر تەشریفت لە کوێ بوو؟ دمێکە دیارنیت؟!

هۆمەر (هـ): چیت عەرز بکەم، چەند وەقتێکە بۆ کاسبی چوومە ناو وڵاتی خۆم بۆ کڕینی بەعزێ ئەشیای نایاب.

ب: عەجەبەن ئەو شتە نایابانە چین؟ بزانم لەسەر مۆدەن؟

هـ: ئەوانەی کە باون چین و ناویان چییە؟

ب: ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا دەسەسڕی گوڵ گوڵی، عەینەکی دومانلی، باستۆنی ڕەوغەنلی، لاپچین و قۆندەرەی فەرەنسە و ئەنواعی شتی تر باون.

هـ: بەخوا من لە منداڵیما ئەمانەم نەبیستووە، عادەتی ئێمە نەبووە، ئەوانەی بڵێیت کوردەوارییە هانیومە.

ب: ئەوانە چین؟

هـ: تەپڵە و کڵاش و فەرەنجیی هەورامان، پەستەکی بانە، شاڵی جزیرە و بۆتان، ڕانک و چۆغەی خۆشناو، زرکاڵی ڕەواندز و هەندێ جاوی ئەو ڕیسە.

ب: مام هۆمەر عەقڵت بێ ئێستاکە فێست و چاکەت و پانتۆڵ، قۆندەرەی بیلاد، قاپووتی تریکۆ، عەبای شان سورمە، سەڵتەی چۆغە، کەوای تاقەی سهولی، گوروونی کلەهارە – باون!

ب: ئەی لە خواردەمەنیدا چیت هانیوە؟

هـ: مێوژە مام برایمە، گوێزی هەورامان، باسووق و سجووقی شارباژێڕ، ناسکە هەرمێی وەراز و گردەزبێر، سێ چوار جاغ تووتنی بێشمە و شاور و ئەبینی دوو سێ مەشکاڵە گەزۆشم هانیوە.

ب: تۆ ئەڵێی دنیات نەدیوە، ئێستاکە تا چیقۆڵانە، فندق و بستە، نوقڵی بۆمبا، حەلەویاتی ئەوروپا، سیگارەی بلاک کات ڕاوەستابێ کێ ئەمانە لە تۆ دەکڕێ، بۆ دۆستایەتی پێت ئەڵێم لە کوێ هێناوتە بیبەرەوە ئەو جێیە، هەتا مناڵان شوێنت نەکەوتوون بڵێن مام هۆمەر شێت بووە!

مام هۆمەر کە ئەم قسانەی بیست و لە ئەحواڵی مەملەکەت گەیشت بەدڵێکی مەحزوونەوە وتی:

ڕوودەکەمە ناو دێهات و عەشائیر، چونکە شار وەک جاران نەماوە، بەڵکو لەوێدا ساغی بکەمەوە. بەقاڵەکە وتی: قوربەسەر عەقڵت، هەر ماڵە کوێخایەک بچی، لەهەر سەرکۆمارێ دابەزیت، زیرەی سەماوەرەکەی، ئاڵووالای خێزانەکەی سەرسامت دەکات. مام هۆمەر کە وای زانی وتی (کل شیء یرجع الیٰ أصله) ئەوا من دەڕۆمەوە بۆ جێگای خۆم، ئێوەش لەپاش ئیفلاس چاک دەبن، ئەوسا شتەکانی من قیمەت دەکا.

فایق زێوەر

ڕۆژنامەی ژیان ژمارە ٤٧ ساڵی ١٩٢٦

شەرەف

بێکەس و بەختیار زێوەر – کردوویانە بەکوردی

وشەیەکە گەلێ تیرە لە ئادەمیزاد هاواری پێوە دەکا، بەڵام گەلێکیان لە مانا ڕاستەقینەکەی ئاگادارنین، دەستەیەکیان لایان وایە شەرەف ئەوەتا لە دروستکردنی کۆشک، بڵند کردنەوەی خانوو، ڕازاندنەوەی دیوار، ژووری نۆکەری و دەسوپێوەند، پەیاکردنی ئەسپ و سواربوونی گالیسکەیە.

دەستەیەکی تریان لایان وایە شەرەف ئەوەتا لە لەبەرکردنی جلی نایاب و خۆڕازاندنەوە بەخشڵ و زێڕە، کە داڕژابێ بەبەردی وەکو ئەڵماس و یاقووت و زەمرووت و وێنەی ئەمانە. دەستەیەکیان وا دێت بەبیریانا کە شەرەف ئەوەتا لە دەستکەوتنی هەندێ لەقەب وەکو بەگ و پاشا یاخو لەو مەدالیانەدا کە پێی ئەڵێن نیشان و بەو ناوە زل زلانەوە کە هەیانە وەکو یەکەم لە فلان پۆل، دووەم لە فلان پلە جا چاوت پێ دەکەوێ گەلێ پیاوماڵی هاوڕێی خۆی تالان دەکا، یا ماڵی خزم و نەتەوەی یا هی هۆزەکەی و هاولاتییەکانی دەدزێ، بۆ ئەوەی بەم ماڵە حەرامە کە چنگی کەوتووە کۆشکێک دروست بکا، یا خانوویەک بڵند بکاتەوە یا ماڵێک بڕازێنێتەوە کە دەوروپشتی بەنۆکەر وە پاسەوانی بۆ دابنێ لە خزمەتکار و وا تێ دەگات بەوە گەورەیی و شانازی پێوەبکا بەسەر هاوڕێکانیدا، و وا دێت بەبیریا کە گەیشتووەتە پایەیەک کەس نایگاتێ، خۆی بەم ئەحواڵەی خۆی دەڵێت (شەرەفدار)، وەلای وایە گەیشتووەتە مانا ڕاستییەکەی. هەندێکی تریش هەیە شەونوخنی دەکێشێ و ڕۆژگار دەبڕێت بۆ دۆزینەوەی هۆیەک بۆ ئەوەی لقێک لەو لقانەی دەس بکەوێ، یا مەدالیایەکی چنگ بکەوێ، یا بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ، ئیتر ئەو هۆیانەی هەموو بەلاوە پەسەندە هەرچییەک دەبێ ببێ، با نیشتمانەکەشی پێ وێران بێ، یا هۆزەکەی پێ زەبوون ببێ، یا هاوولاتییەکانی پێ پارچە پارچە ببێ، لای وایە ئیتر گەیشتووەتە (هەرە چڵی بەرزی شەرەف).

ئێمە دەبینین ئەم خەیالاتانە هەمووی لەجێی ڕاستی جێگیربووە لە مێشکی گەلێ

کەسدا، بەڵام لامان وایە چاوی ڕاستی کوێر نەبووە لە عاستیان، ئەوان خۆیان کوێر کردووە بۆ بەجێهێنانی ئامانجیان و لەڕێی ڕاستی لایان داوە.

چی پێ دەگات و بەچی دەبێ ئەوەی شانازی بەکۆشک و نۆکەر و کارەکەرەکانییەوە دەکا؟ ئایا پێ نازانێ ئەگەر بێت و زیاتریش لەوەی چنگ بکەوێ کە بەبیریا دێت خۆی هیچ سوودێکی لە کەمال وەرنەگرتووە، وە ئەو هەموو شتانە کە پەیای کردووە، بەخوێش و بێگانەوە دوورە لێی و هیچی پێ نابڕێت لەو دەردەسەرییە زیاتر کە بۆی کێشاوە، ئایا نابینێ ئەوانەی گەیشتوونە ئەو پایە و بڵندتر بوونەوە، چەپگەرد هەمووی لە چنگ دەرهێناون، هەر ئەوەیان بۆ ماوەتەوە بەو خووڕەوشت و سەروسیمایەوە کە بوویان، ئەگەر لە کەماڵی ئینسانی بێ بەهرەبووبن چوونەتە ڕیزی دەستەی بێ ڕێزەوە لە هیچ دڵ و دەروونێکدا جێگایان نەماوەتەوە.

چی پێ دەبڕێ ئەو کەسەی شانازی بەخشڵ و جلەکەیەوە دەکات، ئەگەر ئەوانەی لەبەر دابکەنیت و بەڕووتی بمێنێتەوە ئەگەر خۆی خاوەنی کردەوەی بەرزی بەنرخ و خاوەنی جوانیی پێگەیشتن نەبێ، ئاخۆ سواڵکەرە ڕووت و قووتەکان لە ڕێز یەکانین؟ ئایا پێ نازانێ ئەو کەسەی دڵخۆشیی خۆی دەداتەوە بەخۆهەڵکێشان، هەمیشە لەگەڵ تیاترۆ و ئافرەتی خراپا لە کۆڕێکا دێن و دەچن؟ چی پێ دەبڕێت ئەوەی بەڕوتبەکەی دەنازێ و بەمەدالیاکەی بایی بووە، ئەگەر لەپێش ئەوەدا بگاتە ئەو مەدالیایە و، بڵند بێتەوە بۆ ئەو ڕوتبەیە، لەسەر ئەحواڵێک نەبووبێ، بەگەورە زانرابێ، یا پێگەیشتێکی نەبووبێ بەگەورە ژمێررابێ، ڕەنگە لێی دابکەنرێت دەچێتەوە دۆخی ڕیسوایی جارانی؟ گریمان بەو لەقەب و نشانەی کە هەیەتی لای هەندێ نادان حورمەتی بگیرێ، ئایا ئەو حورمەتە لەبەر لەقەبەکەیە یا لەبەر خودی خۆیەتی؟ کەوابوو دیارە ئەمە وێنەیەکی ئاشکرایە کە هیچ دەخلێکی بەسەر نەفسی خۆیەوە نییە.

بەڵێ ئەو لەقەبە بەنرخانە ئەوەندە هەیە بەڕادەیەک سەری پیاو بڵند بکاتەوە، کاتێ لەپێشەوە ئیشێکی کردبێ کە هەموو کەس گەواهیی بۆ بدا کە بە ئەو ئیشەی شەرەفدارە. وە ئەو لەقەبە بەڵگەی ئەو ئیشە بەشەرەفە بێت، بەپێچەوانەی ئەوەش تووشی شکاندن و بەدناوی دەبێ ئەگەر پێشەکی ئیشێکی کردبێ، خەڵکی

بەناشرینی بژمێرن، جا ئەو مەدالیایەیە یا ئەو لەقەبە دەبێتە سەر ڕوشتە بۆ ئەوەی خاوەنەکەی چی دەس کەوتووە یا دەبێتە نیشان بۆ ئەوەی چ خراپەیەکی لێ ڕووداوە.

سەرنج دە و وردبەرەوە ئەو عوسمانی غازییەی کە دوشمنەکانی ناویان نا بەشێری شەڕکەر گەیشتە ڕوتبەی لەقەبی پێ بەخشراو چووە پایەیەکی بڵند لەناو دەستەی پیاوە گەورەکانی حکوومەتەکە، پاش ئەوەی گیانی خۆی هاویشتە گێژاوی مردنەوە بۆ پاسی هۆزەکەی و هەوڵی دا بۆ بڵندکردنەوەی ئاینی خۆی، بەڕەنگێک کە دۆست و دوژمنی خۆی دانیان پیانا (هەندێکیش لە پیاوە گەورەکان لەناو ئیسلاما لەقەبی بەرز و نایابیان پێ بەخشراوە، لەبری ئەو ئیشانە کە کردوویانە بۆ پێشڕەویی سوپای دوژمنەکانیان، تاکو ئەو حکوومەتە بێگانەیان لە وڵاتەکەیانا جێگیر کردووە، ئێستاش زۆری موسڵمانان هەوڵ دەدەن و کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی شتێک بدۆزنەوە و دەریان پەڕێنن و لەو حاڵە ڕزگاربن.

جا ئەو جێ نیشانە لە کوێ کە بەسنگی عوسمان پاشای غازییەوە بوو لەگەڵ ئەو جێ نیشانەی کە بەسنگی ئەو تەفرە دراوانەوەیە، وا ئەزانم بەتەماشاکردنێکی ئەم دوو جێیە لێت ئاشکرا دەبێ کە نیشانی شەرەفدار دەبێ بەو فرمانە بەرزەوە کە بەڵگەیە بۆ ئەو و بێ نرخیش دەبێ بەبێ نرخیی ئەو فرمانە، چە شتێک ئەو گومڕایانەی لەخۆبایی کردووە؟ ئایا نازانن ئەو بەرگانەی خەت خەت و خاڵ خاڵ کراون بەخوێن و ڕەنگاوڕەنگ کراون بەجەوانمەردی، ئەوەیە ناوی چاکی پاراستووە بۆ خاوەنەکەی و نابڕێتەوە، و شوێنێکی گەورەی دروست کردووە کە لەناو ناچێ؟ ئەوانەی لە ڕێی هەوڵ و کۆششێ کە بۆ بڵندیی هۆزەکەیان داوە لە خوێنی خۆیانا تلاونەتەوە، ئەوانەن کە باسیان کرا بەترس و سەماوە گوێیان لێ دەگیرێ. وە لە هەموو دڵێکا پایە بڵندییان جێگیربووە، ئایا نەیان بیستووە ئەوانەی مردوون لە کون و قوژبنی زیندانا وە ژیانیان کۆتایی هاتووە لە تاریکی بەندیخانەدا لە پێناوی حەقێکی داگیرکراو، یا بۆ پاراستنی گەورەییەک بووبێت ئەوانەن ناویان بڵند بووەتەوە و گەیشتوونەتە ئاسمان و ناویان بەسەر گشت ناوێکدا بەرزبووەتەوە.

وا دەزانم ئەوانەی کە لە ژووری کۆشکی بڵندیانا بوون و تەماشای باخ و بێستانەکانیان دەکرد و دەیانڕوانییە خەڵکی لەسەربانی کۆشکە بەرزەکانیانەوە،

ژیانی خۆیان ڕادەبوارد بەخۆشی دەستکەوتنیانەوە باسیان کۆتایی هات، وە لە ژیانیانا هیچیان دەس نەکەوت تەنیا ئەوە نەبێ کە لە چوار دیواری ماڵەکەیانا بوویانە. هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەواندا، ئەوانەش کە جلەوی ناز و نیعمەتیان ڕادەکێشا و جلی ئاوریشم و دیبایان پەیا دەکرد هەموو ڕۆیشتن بەخۆیان و جلیانەوە، پاشەوپاش چوونەوە بۆ ئەو جێیەی کە لێی هاتبوون. نازانرێت کەی هاتوونە سەر ئەم زەمینە و کەی کۆچیان لێ کردووە.

ئایا بیستراوە کەسێک ناو ببرێت لەناو خەڵقا و بڵێن ئەمە نیشانێکی وای وەرگرتووە و گەیشتووەتە پلەیەکی بەرز؟ نا: بەڵام دەڵێن تێگەیی و ئیشی کرد، بەخشی و لەناوی برد، بڵندی کردەوە وا دای نا، تێ کۆشا و بەرهەڵستی کرد، لەناوی برد و هێشتییەوە لەگەڵ ئەو ئیشانەی کە هاوتای ئەمانە بکات و شوێنی بمێنێ، ئەگەر باسی ئەسکەندەری گەورە بکرێت ئاخۆ بەدڵا دێت کە کۆشکی بووە یا نا؟ چە شتێک هەیە بگەڕێت بۆ کردەوەی ناپلیۆنی یەکەم لە شوێنی ئەو کۆشکەی کە تیا دادەنیشێت یا لەو جلە شڕوشیتاڵانەدا کە لەبەری دەکرد، ئایا گەورەکانی دنیا بەخانووکردن و خۆڕازاندنەوە و ناز و نیعمەت گەیشتوونەتە پایەی بڵندی شەرەف یاخو بەگەورەییی وڵات داگیرکردن و سەرکەوتن و زەبر و زەنگ چنگیان کەوتووە؟ هەندێک بەخەوی خۆش تەفرەی خواردووە و بایی بوون بەخەیاڵات، و دەستدرێژییان کردووە لە ئیشی نیشتمانەکەیانا، ئەو شەرەف و گەورەییە بڵندەی کە بوویەتی فرۆشتوویانە بەو ناو و ناتۆرانەی کە بۆ هیچ دانەنراون و وا تێ گەیشتوون ئەگەرچی دڵیان باوەڕی پێ نەکردووە کە گەیشتوونەتە شەرەف و گەورەیی لەپاش ئەمە کە زانیویانە ئەو ڕوتبە و نیشانانە لە سنووری خۆی تێ پەڕیوە وە چنگ ناکەس کەوتووە. ئەگەر ئەوانە بێن و گوێ بگرن لەوەی کە بەدڵیانا دێت و لەو سەرزەنشتانەی دڵیان پێیان ئەکات و چاو بگێڕن و بەچواردەوری خۆیاندا و تەماشای ئەوانە بکەن کە دەوری داون، ئەوسا دەزانن لەپێشترین جێ سووکترین شوێنی بەدناویان و خۆیان هەست دەکەن کە لە مەعنای شەرەف بەهەڵەچوون، و تێ دەگەن لە ڕێی ڕاست لایان داوە و دوورکەوتوونەتەوە ئەگەر پێ بزانن وڵاتەکەیان تووشی چە چورتمێکی گەورەبووە، وە چە بەندگی و شورەییەک ئالاوەتە نەتەوەکانیانەوە، بەرگە ڕەنگاوڕەنگ و مەدالیاکانیان. تووڕ دەدا و بەرگی ڕەشیان

دەپۆشی و بەکۆمەک لەسەرخۆ دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی شەرەفی ڕاستەقینە.

شەرەف ڕاستییەکە ئاشکرا و دیارە کە ئاین نشانی داوە و بیری زانایانی زەمین سنووریان بۆ داناوە، ڕەوانییە هیچ کەس لە ئادەمیزاد دوودڵ بێ لە تێگەیشتن (مەگەر ئەوە نەبێ کە یەزدان دڵی ڕەش کردبێ و پەردەی تاریکیی بەسەر چاویا کێشابێ).

شەرەف جوانیی پیاوە، هەموو لێی ورد دەبێتەوە، بیر و خواهشی دڵان ڕووی تێ دەکا، جوانییەکە وێنەی لەبەر چاو و دڵان خۆشەویستە، ڕووناکیی ئەو جوانییەش ئیشێکە کە خاوەنەکەی بیکا و شوێنێکی جوانی بێ لەناو هۆزەکەیدا، یا لەناو نەتەوەی هۆزەکەیدا، یا تێکڕا لەناو گشت ئادەمیزاددا وەکو ڕزگارکردن لە چورتم، یا دەرخستن و لابردنی نەزانی، یا وریاکردنەوە بۆ داواکردنی حەقێکی داگیر کرابێ، یا وریا کردنەوە لە هەڵئەنگوتن، یا بێدارکردنەوە لە بێ هۆشی، یا ڕێ نیشاندان بۆ چاکەیەکی گشتی، یا پاراستن لە خراپەیەک دڵتەنگی لەدوا بێ، یا لەناوبردنی کردەوەی ناشرین یا بیر ڕووناک کردنەوە، یا هێنانە بەرهەمی یەک قسەیی و تازەکردنەوەی دۆستایەتی، یا سەندنەوەی هێزێک و ڕزگارکردنی لە بێ دەستەڵاتی، یا هاندان بۆ ئازاییەک. کەوابوو کەسێک ئەگەر ئیشێکی کرد و شوێنێکی بوو لەوانەی کە وتمان ئەوە (شەریف)ە بام لەناو زنج و ژێر گەڵادارا دانیشتبێ و جلەکۆن و خەرقە شڕی لەبەرا بێ و سەوزایی دەشت و خواردەمەنی بێت و شەو لەسەر گڵی هەژاری ڕۆژ بکاتەوە و بەرد بکا بەسەرین و سەر بەهەموو دۆڵێکا بکا و هاتوچۆ بکا لە بەرزایی و نشێویدا، ئەمە خشڵێکی هەیە لە کردەی خۆی، جوانییەکی هەیە لە پێگەیشتن، ڕەونەقێکی هەیە لە کەمالی، ڕووناکییەکی هەیە لە تێکۆشینی، ئەوانەی هۆشیان لێ گوم بوبێ و دڵیان پەرێشان بی ڕووی تێ دەکەن، خاوەنی بیری ورد دەیناسن و ڕوویان لێ وەرناگێڕن کۆمەڵێ دڵانی پاک و ئاوارە دەورەیان لێ دەدەن و لێیان جیا نابنەوە، لەو گیانەی کۆشکی بڵند و ژووری ڕەنگاوڕەنگ دیمەنی جوان جوان و جوانیی پڕ لە ڕووناکی و پرشنگی درەخشانی هەیە، وشەی پیرۆزی ڕوو لەو دەکا ئیشی جوانیشی بڵندی دەکاتەوە بۆ بەرزترین بەرزی، ژیانێکی پیرۆزی هەیە لە وڵاتا و شکۆهێکی درەخشانی هەیە لە چاوی گەردوونا (ئەوانەی کە تێ دەکۆشن با بۆ شتی وا تێ بکۆشن).

بەڵێ زۆر جار قسەی ناشرین و سەرزەنشت ڕووی تێ دەکا لەلایەن ئەوانەی کە دڵ و دەروونیان پیسە، پلار و توانجی تێ دەگرن و لۆمەی دەکەن، خونچەی کردار و گۆپکەی درەختی باخەکەی لەبەر چاویان جوان نانوێنێ، چونکە لە تێگەیشتنی ئەوانەی دوورە و عەجائبە لەلایان لەبەر ئەوەی هێندە بەسەر ئەو شتە ناشرینانەدا کەوتوون کە خۆیان بەشەرەفی دەژمێرن و بەگەورەیی دەزانن، ئێمەش باسمان کرد کە چۆن ئاین ئاشکرای کردووە لەگەڵ بیری تێگەیشتووان، ئەوانە وەکو قاڵۆنچە وانە کە لە بۆنی گوڵ ڕادەکا و دەچێتە ناو شتی بۆگەنەوە، هیچ بەدووری مەزانە ئەوانەی کە کرداریان جوان نییە گاڵتە بکەن بەزانای ئیشکەر، یا بیەوێت زیانی پێ بگەیێنێ ئەوەی کە هیچ کەس نایناسێ، بەڵام گاڵتە بەخۆیان دەکەن و زیان لە سوودی خۆیان دەدەن گەردوون ئەوەندە ماوەیان نادات لەو کوێرەوەرییەدا کە تێی کەوتوون بگرە خۆشیان خۆیان ناگرن ئەگەر میوەی کرداری هاتەبەر بەکۆمەڵ ڕادەکەن بۆ چنینی و بەشی ئەوەشی لێ دەدەن کە زیانی پێ گەیاندووە، ئیتر هیچمان لە بارا نامێنێ مەگەر هەر سوپاسی ئەوە بکەن کە ئەو درەختەی ناشتووە و چاودێری بەرەکەی کردووە، هەرچەندە لەوان خوارتر بێ لەو شتە پڕوپووچانەدا کە نرخی نییە لای پیاوی تێگەیشتوو جا لە تۆڵەی ئەو ئیشە خراپانەدا کە کردوویانە هیچیمان بۆ نامێنێتەوە تەنیا ئەوەنەبێ کە لە کردەی خۆیان پەشیمان ببنەوە و خەمی خراپی خۆیان بخۆن و دڵتەنگ بن بەدڵ کاتێ بەخراپی خۆیان بزانن وە بەتەواوی لە کەموکورتی خۆیان بگەن.

ئە ئەوها چاودێریی یەزدانی پاک ئەم گەورەییە دەبەخشێ بەخاوەنی ئیشی پیرۆز هەتا زیندوو بێ، کاتێ کە ڕۆژی ژیانی لە ئاسۆی ئەم گێتییەوە گوم بوو، ئەو پرشنگی ڕووناکییەی ناشارێتەوە کە سارێژی کردووە بەسەر ئەستێرەی ڕێ نیشاندەر و مانگی شەوی چواردەدا، بەڵێ دەمرێت و دەچێتە ژێر پەردەی نەمانەوە بە لەش، بەڵام هەمیشە لە دڵانا دەمێنێ وە بەزمان باسی دەکرێ زیندووە لای خوا خواردەمەنی دەدرێتێ ژیانی ئەو شیرینترین ژیانە (وە دەبێ ئادەمیزاد بۆ ئەم جۆرە فرمانانە هەوڵ بدا و تێ بکۆشێ).

* لە گۆڤاری (عروە الوثاق)ی جەمالەددینی ئەفغانی و شێخ عەبدەوە وەرگێڕراوە.

کورته چیرۆک

شەوێک لەسەر لوتکەی ئەڤەرست

شەوە تۆفەکەی ١٩٤٤/١٢/١٥ز لە ماڵەوە بۆ خۆم بەتەنیا دانشتبووم قۆرییەکەم دەم کردبوو، پەیتا پەیتا چام دەخواردەوە، پاش چا خواردنەوە، دەستم دایە کتێبێک و لەبەر چراکە دەستم کرد بەخوێندنەوە، لە خوێندنەوەش تاقەتم چوو، کتێبەکەم داناو کەوتمە بیرکردنەوە. زۆری نەخایاند گوێم لێ بوو یەکێک لەسەرخۆ دای لە دەرگا، بەدەم دەنگی دەرگاوە ڕۆیشتم کە دەڕوانم ئەفەندییەکی پۆشتە و پەرداخ، هەرزەکار، نەدیو نەناسیو وەستاوە، شەوباشی لێ کردم و دەستمی گوشی، وەڵامم دایەوە وتم: فەرمانت چییە؟ وتی: جەنابی (فلان کەس) ئیمشەو نەختێ ئیشی تایبەتیم پێتان هەیە تکا دەکەم وەرە لەگەڵم پێت دەڵێم، (منیش لەو وەختەدا لە دڵی خۆما وتم میوان ئازیزە با ڕووی لێ نێم بەڵکو بێتە ژوورەوە، بەڵام هەرچەند تکام لێ کرد سوودی نەبوو، با بڕۆین لەگەڕانەوە قسەت بۆ دەکەم) ئیتر لەبەر ئەوە نەوەک شەو درەنگ بێمەوە، چووم ماڵەوەم ئاگادار کرد و پێم وتن کەوا هاتوون بەدواما دەرۆم، ئنجا زوو گەڕامەوە بۆ لای میوانەکە و. لەسەرخۆ دەستمان کرد بەڕۆیشتن، جارێ لەپێش ئەوەدا کە ناوی خۆی و ئیشەکەیم پێ بلێت دەستی کرد بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی وە دەیوت: لە تورکیا سێ ساڵ مەئموور بووم، لە بەغدا چوار ساڵ مووزەف بووم، لە ئێران دوو ساڵ بازرگان بووم، لە سووریە ساڵێک کاسب بووم، تا بەدەم ئەم قسانەوە گەیشتینە نزیک گردی سەیوان، لەوێ ڕاوەستا و ڕووی تێ کردم و فەرمووی (فلان کەس) چ بی لە تۆ نهێنی من خدری زیندووم، ناردوویانم بۆ لای تۆ. دەبێ لەگەڵما بێیت بۆ هەر کوێیەکت دەبەم، لەو دەمەدا ترسم لی نیشت و وتم: بەم شەوە ساردە، بەم شەوەزەنگە کە هەموو کەس لە خانووی خۆیانا لەبەر ئاگردان کزۆڵە دانیشتوون، ئێمە بۆ کوێ بچین؟ بەم شەوە من هەر لە سەرما ڕەق دەبمەوە، وتی: تۆ هیچ ترست نەبێ نە لەمن و نە لەسەرما، چونکە دوعایەکم خوێند بەسەر و

ڕووتا هیچ هەست بەسەرما ناکەی، ئیتر دوعایەکی خوێند بەسەر و چاوما بەڕاستی سەرمام لەبیر چووەوە، وتم: فەرموو با بڕۆین بۆ کوێ ئەفەرموویت، پێشم کەوت و ڕۆیشتین، وردە وردە بەگردی سەیوانا هەڵگەڕاین و بەناو گۆڕستانەکەدا چووین بەو دیوا، لەوێ ڕاوەستا و ڕووی تێ کردم وتی: (فلان کەس) وەکو مەشقی منالانی قوتابخانە کە دەس دەکەن بەڕۆیشتن لەپێشانا قاچی چەپ فڕێ دەدەن، دەستی ڕاستت بدەرە دەستم و چاوت بقوچێنە کە لەگەڵ وتم: (لەسەرخۆ هەنگاوێک بۆ پێشەوە بڕۆ) قاچی چەپت فڕێ بدە و قاچی ڕاستت بەرە لای قاچی چەپ، چاوم نووقان، فەرمانەیی کردم، قاچی چەپم فڕێ دا و قاچی ڕاستم بردە لای. کە چاوم هەڵبڕی، سەیر دەکەم وام بەسەر شاخێکی زۆر بەرزەوە و هەناسەم سواربووە، وتم: لە ڕایی خودا ئێرە کوێیە؟

وتی: ئەمە شاخی هیمالایەیە و ئەچین بۆ (لووتکەی ئەڤەرست)، زۆر سەرم سووڕما وتم: گوایە لە زەمیندا جێ بڕاوە ئێرە نەبێ؟ فەرمووی لەسەر زەمیندا ئێرە جێیەکە ئادەمیزاد دری پێ نەبردووە، هەرچی پیاوچاک هەیە شەوی هەینووان لێرە کۆدەبنەوە، خۆ ئەگەر ئێرەشیان کرد ڕێی بانە، ئەوسا ناچار لێرەش دەگۆزینەوە، و جێیەکی پەنا دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی کەس نەیەت بەسەرمانا، ئەو ماوەیەی کە مابوو بۆ سەر لووتکەکە ئەوەشمان بڕی و گەیشتینە سەرێ کە تەماشا دەکەم ئەو جێیە بەرز و جوان و خۆش کراوە مێز ڕازاوەتەوە و چراخانە و پڕە لە پیاوچاک، هەموو بەڕێزەوە لەسەر کورسی دانیشتوون و قسە دەکەن لەگەڵ یەکتری، لەولاشەوە خێوەتێکی گەورەی سپی هەڵدراوە، بەڵام کەسی تیا دانەنیشتووە، لێیان نزیک بووینەوە و حەزرەتی خدر سڵاوی کرد، هەموو بەجارێ وەڵامیان دایەوە و لەبەرمان هەستان و بەیەکەوە دانیشتنەوە، یەکەیەکە خۆش هاتنیان لێ کردین و منی پێشکەش کردن، ئیتر بەشەرمێکەوە لەسەر کورسییەک دانیشتم و نقەم لەخۆم بڕی و گوێم لە قسەکانیان دەگرت کە دەیانکرد، دیمەنێکی سەیر لە هەموو هۆزێکی تیابوو، هەر تیرەیەک بەبەرگی وڵاتی خۆیەوە، هەرکەس بەجلی ڕۆژەوە، کە چاک وردبوومەوە و گوێم لە قسەیان باش گرت، زۆریانم ناسی و کەمێکیان کە نەمدەناسین ناوم بیستبوون، زۆریان لەو ئەفەندییانە بوون کە زۆر کەس بەبێ دین و زەندیقیان دەزانن،

و گەلێکیان لەوانە بوون کە مەلا فەتوای دابوو هەرکەس بیانکوژی دەستی سەوز دەبێ زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەوانەم دی لە ڕیزی پیاوچاکا بوون، ئینجا هات بەدڵما وتم: (هەر خوا بەندە ناسە) ئێستا ئەمانە کێ بڕوایان پێ دەکات کە پیاوچاکن، خەڵق هەموویان بەنوێژ نەکەر و عارەق خۆر و قومارکەر و کافر و پیاوخراپ دادەنێن کەچی ئەوەتا لە شەوی هەینووا بەخۆیان و باستونەکەی دەستیانەوە لەناو پیاوچاکانا لەسەر پۆپەی شاخی هیمالایە کۆڕیان گرتووە دوعای چاک بۆ هەموو هۆزێک دەکەن و لە بارەگای یەزدانی پاکدا دەپاڕێنەوە و دەلاڵێنەوە کە ئاسایش و هەرزانی بچێتەوە دۆخی جاران.

لەو وەختەدا سەیرم کرد لە ئاسمانەوە دوو فریشتە هاتنە خوارێ و سڵاویان کرد، هەموو لەبەریان هەستان و وەڵامی سڵاوەکەیان دانەوە، هەردووکیان ڕاوەستان و ئەمانیش دانیشتنەوە (کە گوێم گرت لەو دیو خێوەتەکەوە، دەنگی کرووزانەوە و خڕەخڕی زنجیر و پێوەند دەهات، بەبیانووی گەڕانەوە چووم و لێی نزیک بوومەوە، کە تەماشا دەکەم سەرقژنێکی ڕووت و قووت و چڵکن و پیسە، زنجیر و پێوەند کراوە، سەری زنجیرەکەش لە خاک توند کراوە، سەرەڕای ئەوەش چوار کەس بەچەکێکی تایبەتیەوە بۆ چاودێری وەستاون، لێم پرسین ئەمە کێیە؟ کەچی یەکێکیان وتی: (بو عريف شيطاندر)، لەو وەختەدا حەزرەتی خدر هات بەشوێنما فەرمووی ئەوە بۆ کوێ چووی؟ وتم: قوربان گوێم لە دەنگی ئەم کابرایە بوو زۆر بەسەیرم زانی و هاتم تەماشای بکەم و بزانم کێیە، فەرمووی وەرە دانیشە چیتە بەسەریەوە، وتم: دەمەوێ بزانم ئەوە کێیە؟ فەرمووی ئەوە ئەهرەمەنە، وتم: ئەی بۆچی بەسراوەتەوە؟ فەرمووی: کوڕە لەسەر زەمیندا هێندە پیاوی ساختەچی و فند و در و دوو زبان و بێ دین پەیا بووە مەگەر خوا بزانێ چەند زۆرن، هی وا هەیە بەساتێک دڵی هەزار دۆستت بۆ لەیەک دەکا، هی وا هەیە بەهەناسەیەک دوو عەشیرەتت بۆ دەکا بەدوژمن لە یەکتری، هی وا هەیە ڕۆژی ٨-٩ کەست بۆ لە ئایین وەردەگێڕێ، هی وا هەیە ٦-٧ هۆزت بۆ دەکا بەگژ یەکا و هەزاران خوێن دەڕژێن، هی وا هەیە برات بۆ لە برا دەکا، ئەم چەرخە ئادەمیزاد پێویستی بەئەهرەمەن نەماوە وا ئێمەش هێناومانە لێرە زنجیرمان کردووە و یاساوڵمان بەدیارەوە داناوە و هەرساتە نەساتی دەناڵێنێ و

دەکرووزێتەوە و دەڵێ دەچم بۆ لای جگەرگۆشەکانم، ئێمەش وامان فەرمان پێ کراوە کە جارێ بەرەڵڵای نەکەین، چووینەوە دانیشتین.

فریشتەکان بەزبانێکی خۆش سەلامی یەزدانیان گەیاند بەو کۆمەڵە و وتیان یەزدان دەفەرمووێ لە نوور و ناوچەوانی ئێوەوە سەرزەمین ڕووناکە، تکا لە گەورە و بچووکتان ئەکا ئیشی سەرزەمین چی پێویستە جێبەجێی بکەن هەتا لە بیری خۆشەویستانە خۆمانی بگەین، لەو وەختەدا یەکێک لە پیاوچاکەکان قەیدێکی گەورەی هێنا و دەستی کرد بەناو خوێندنەوە، گەلێ ناوی پیاوی گەورەی هەڵدا، هەموو بەجارێ دەیانوت: (بژی) و قەڵەمی ژیان بەسەر ناویان دەکێشرا، پرسیم بۆچی ئەمانە وا قەڵەمی ژیان بەسەر ناویان دەکێشن؟ وتیان ئەمانە لەوانەن کە گیانی خۆیان بەخت کردووە بۆ ئامانجی پیرۆز، بەڕەنگێکی وا کە مێژوونووسەکان لە لاپەڕەی دێرێکا بەگەورە و جوانمەردو ناویان دەبەن، خۆ ئەگەر لەو پیاوانە نەبن بەمردوو دەژمێردرێن. دوای ئەوانە گەیشتە سەر چەند ناوێک، کابرا تێک چوو، ڕەنگی هەڵبزڕکا ئینجا ناوەکانی درکان. بەکۆمەڵ وتیان (نەژی) کە ئەهرەمەن گوێی لەمە بوو لەو دیوەوە هاڕاندی وتی هایل هایل(١) گورج یاساوڵەکان هاتنە وێزەی تێروپڕیان لێ دا، بەڵام بێ سوود بوو، ئەو لەسەر عەشقی خۆی بوو.

کە دەیوت (هایل هایل) و فروهۆڕی پێوەندەکەی دەدا بەزەویدا، شاخەکە دەنگی دەدایەوە، لەو وەختەدا یەکێک لە پیاوچاکەکان وتی: لێدان بێ کەڵکە ئەم ئەهریمەنە پیسە سەرمان لێ دەشێوێنێ و لە هیچ ناترسێ لە ورچی سپی نەبێ، یەکێکیان بانگ بکەن، ورچێک بێت و بەرامبەری دانیشێ تەواو بێدەنگ دەبێ، لەپڕ یەکێکیان بانگی کرد (یا دب الأبيض يا دب الأبيض) ئەوەندەمان زانی ورچێکی قەڵەوی چوار شانەی سپی بەبۆڵەبۆڵ هات.

تێیان گەیاند، ورچە ڕای کرد تاوێرێکی زلی خستە سەر سەری و چوو بۆ لای، ئەهرەمەن چاوی پێ کەوت لە ترسی خۆی و تاوێرەکەی ورتەی لە خۆی بڕی، ئیتر لەسەرخۆ خەتێکی ڕەشیان بەناوەکانیشدا هێنا. کابرا لە دوای ئەوە دەستی کرد بەخوێندنەوەی ناوی تر، بەڵام لە بەرامبەری گەلێک ناوا دەیاننووسی (مەرگی کتوپڕ)، زۆر سەرم سووڕما، لە حەزرەتی خدرم پرسی بۆچی ئەوەندە مەرگی کتوپڕ

زۆر کرا؟ فەرمووی ئینسانی ئێستا ئەوەندە چاو برسییە، هی وا هەیە نەخۆشی دەگرێت کەچی لە جێدا بۆی ناکەوێ، بەو نەخۆشییەوە بەلەقەلەق و نکەنک دەڕوا بۆ بازاڕ، بۆ وڵاتان، بۆ دەرودەشت هەر بۆ پارە پەیاکردن و شت پێکەوەنان ئەوەندە بێ باکن، وە لەلایەکی تریشەوە کە سووکە تایەکیان گرت هەزار داو و دەرمان دەدۆزنەوە و خۆیان چار دەکەن و نەخۆشیی مەرگیش دەڕەوێننەوە، لێرەدا وەختە بڵێم فریشتەی گیان کێشان نازانێ چۆن و لە کوێ گیانیان بکێشێ، ئێمەش ئەم مەرگەمان بەباشی داناوە، بەکاری بهێنین، ئەوسا فریای ئەوە ناکەون کە دەرمانیان بگاتێ، ئەوانیش لە گەرمەی کاری خۆیان دەبن کە کۆتایی بەژیانیان دەهێنرێت، دیسان ئاگام لێ بوو بۆ گەلێ هەرزەکار دسەیاننووسی (جوانەمەرگ) و بۆ گەلێ پیاوی پیر دەیاننووسی (بابەعەمرە) لەمەش سەرم سووڕما و لە حەزرەتی خدرم پرسی؟ فەرمووی ئەم پیرانەی ئێستا ماون بۆ کردەوە و ڕەوشتی جوان و ئیش ڕاپەڕاندنیان لە زۆر گەنجی تەمەڵی خۆ پەرستی بێ سوود چاکترن، ئەوان بمێنن باشە، ئەو گەنجانەی کە تۆ گوێت لەناویان بوو هیچیان کەلکێکی هاودین و هاوڕێ و هۆزەکە و نیشتمانەکەیان ناگرن و کە گەیشتنە تەمەنی ٢٥ ساڵی یان دەبن بەمیچی قومارخانە یان دەبن بەپیری موغان کەواتە مردنیان چاکترە لە زیانیان، ئیتر دوایی ناو هات و هەموو مۆریان کرد و پێشکەشی فریشتەی گیان کێشانیان کرد.

ئینجا پیاوچاکێکی تر هەستا و قەیدێکی هێنا و دەستی کرد بەناو خوێندنەوە، لەمانە زۆریان خەڵقی ڕۆژئاوا بوون، بەڵام تێ نەگەیشتم بۆچییە.

لە حەزرەتی خدرم پرسی فەرمووی ئەمە قەیدی کەم و زۆری پارەیە ئەوانەی کە بۆ خۆیان و کە خزم و دۆست و برا و وڵاتەکەیان چاک بن گەورەی ئەم پیاوچاکانە دوعای باشیان بۆ دەکا و ئەوانیش بەکۆمەڵ دەڵێن خوایە گیرابێ، لە وڵاتی ئێمەدا هاتە سەر چەند کەسێ دەمناسین کە ناویان خوێندنەوە، وتیان (ئیتر بەس بۆیان زیاد ناکرێ) پرسم کرد لە هاوڕێکەم نەچووی ئەوانە لێیان بووەتە ماخۆڵان کە پارەیان زۆر بوو لە بری ئەوەی کە بیدەن بەهەژار و دەسەپاچەی وڵاتەکە و خزمی لات و برسی، کەچی لە پڕێکدا خۆیان کۆدەکەنەوە و دەچنەوە ماڵی خودا هی وایان هەیە چوار حەجی یەدەکی هەیە وا ئیتر ئەو هیوایەیان پچڕا، بشچن بۆیان بەخێر نانووسرێ یاخود هی وایان هەیە کە بۆی زۆرکرا لەباتی ئەوەی بی بەشێتەوە کەچی

دەیکات بەکۆشک و ئوتێل و گەراج و خۆی بەنانی گاڵ و شۆربای ماشین ڕادەبوێرێت.

هەمیسان چەند ناوێک خوێندرایەوە زۆر کەمدەس بوون کەچی سامانیان بۆ نووسین لەمەش سەرم سووڕما، کە پرسم کرد وەڵامیان دامەوە، وتیان ئەمانە هەرچەندە بێ پول و پارەن، هەرچەند بەڕەنجی شان و ئەملاو ئەولا پارە پەیدا دەکەن، هیچ بەرگەیان ناگرێت، لەپڕێکا دەیکەن بەقاوەڵتی بۆ دۆست و برادەر، یا دەیکەن بەچێشت و گۆشت دەرخواردی هەژاری دەدەن یا دەستی لێقەوماوی پێ دەگرن ئیتر هەرچی پەیدا بکەن، بەڕێگەیەکی جوان کە خودا و بەندە پێی خۆش بێ لە ناوی دەبەن. توخوا پارە بۆ ئەوانە چاک نییە؟ بەرێ وەڵڵا.

ئینجا نۆرە هاتە سەر پۆلێک دەوڵەمەند کە ناویان خوێندنەوە زۆریان بۆ نووسین، پیاوچاکێک هەستایە سەرپێ وتی: ئەمانە دەوڵەمەندن بۆچی هی تریان بۆ دەنووسن؟ پیاوچاکێکی تر ڕووبەڕووی هەستا وتی: بەڵێ جوان دەفەرمووی وایە، ئێمە تاقییان دەکەینەوە بزانین کە زۆرتر بوو چی لێ دەکەن. ئەگەر هاتوو هەر دەیانشاردەوە و سوودێکی نەبوو، بۆ هەژار و بێ دەسەڵات. ئێمەش لە کۆبوونەوەیەکی ترا لەوانی دەشارینەوە. ئەگەر نەشمان شاردەوە لە پەردەی غەیبا بانگی چرووکی و بەدناوییان بۆ دەدەین کە هەموو کەس نەفرینیان لێ بکا.

دیسان قەید بەدەستێک، دەستی کرد بەناوخوێندنەوە و چەند ناوێک بوو دوایی ناوی منیشی خوێندەوە. کە ناوم خوێندرایەوە، هەموو بەجارێ ڕوویان تێ کردم و گەورەکەیان فەرمووی وا خۆت لێرەی چۆنت بۆ بنووسم؟ چیت بۆ بنووسم؟ وتم: قوربان بڵێم چی. وتی: نا ڕاست بڵێ. وتم: خۆتان ئاگادارن ئیتر چی لەمن دەپرسن، وتی: کوڕم تۆ خوێندنێکی بەرزت نییە و ئەشزانی ئیمڕۆژە ڕۆژی شەهادات و دیپلۆمایە. ئێستە ئەگەر من شتێک بنووسم سەر ناگرێت، ئینسان جاران نەختێ لە قوتابخانەی لاکۆلان دەیخوێند پێ دەگەیشت. بەڵام ئێستە ئەوە نەماوە. تۆ تەماشای ئێمە دەکەی وا دەزانی ئێمە لە پڕێ بووین بەکوڕێ، ئینجا ڕووی کردە هاوڕێکانی و فەرمووی. ئا شەهادەتنامەکانتان دەربێنن. هەر کەسە دەسی کرد بەباخەڵیدا و شەهادەی دەرهێنا کە ڕوانیم یەکێک شەهادەتی جامعە، یەکێک شەهادەتی محامی،

یەکێک شەهادەی دوکتۆری، یەکێک شەهادەتی دوکتۆرا، یەکێک شەهادەتی پرۆفسۆری... هتد پێیە، ئیتر بەجارێ حەپەسام، وتی: چاوت پێ کەوت؟ وتم: بەڵێ، وتی: ئێمە کە پیاوچاکین و پیاوچاکیش ئیشەکەی دنیایی نییە، کاتێ کە هەڵیان بژاردین بۆ ئەم کاروبارە، هەتا شەهادەتی عالی و تەقریری تبی و شەهادەتی حوسنی سلووک و گەلێ شتی ترمان پێ نەبێ، لێرەشدا دانامەزرێین، دنیا نموونەی قیامەتە ئەم فەرمانە وەکو بۆ ئێرە هەیە بۆ دنیاش هەر وایە، چونکە لێرەوە دنیا تێ دەگەینرێت، جا کە وابوو تۆ بەتەمای (توظیف) مەبە و بزانە نەختێ پارە پەیا بکە لای یەکێک یا کۆی بکەرەوە و دەس بکە بەکاسبی، ئەوسا ئێمە بەڵێنت پێ دەدەین بەئاشکرا خۆمان ئەم و ئەوت بۆ هان دەدەین و بێن شتت لێ بکڕن و کڕیارت بۆ زۆر دەکەین، وتم: قوربان فەرمایشتەکەت جوانە و، دەزانم کاسب خۆشەویستی خوایە، بەڵام تاقەتی کاسبیم نییە، و لەم ئیشە زیاتر نازانم، لەسەر ئیشی خۆم دەمێنمەوە، قیڕوسیا با مووچەکەم زیاد نەکرێ، قیڕوسیا با کە پیربووم تەقاویتم نەدەنێ، فەرمووی: (فایق) تۆ لەو پیاوانە نیت کە ڕێت بکەوێتە ئێرە، بەڵام دایکت خوا لێی خۆش بێ ئەوەتی مردووە گیانی هەموو ڕۆژی هەینووان لە بارەگای یەزدانا دەس دەکا بەپاڕانەوە و دەڵێ خوایە کوڕەکەم لات و بێ پول نەکەی، خوایە کوڕەکەم بکەی بەپیاوێک لات و هەژار و بێ دەسەڵات نانی بخوا، خوایە کوڕەکەم بکەی بەپیاوێک هەموو کەسێ خۆزگە بەکردەوە و ڕەوشتی بخوازن، و هەرساتە نەساتێ لەپڕ خۆی دەکا بەخانووی من و هاوڕێکانمدا و شانمان ماچ دەکا و دەڵێت: توخوا چاودێریی فایق بکەن، توخوا دوعای بۆ بکەن ببێ بەمەئموور (مأمور) ئێمەش وە نەبێ لەبەر خۆشەویستیە تۆ و نوێژ و ڕۆژوو تۆمان بانگ کردبێ تەنانەت لەبەر ئەو هەموو تەشەبوسە و ئەو هەموو کرووزانەوەیەی گیانی ئەو دایکە پیرەتە کە بۆت دەکا، و دەمانەوێ زۆر زۆر یارمەتیت بدەین، ئێستەش وەرە ڕۆڵەی چاک بە، گوێمان لێ بگرە سێ ئیشت بۆ دادەنێین (لەپاڵ ئەم ئیشەی کە ئێستا هەتە) یەکێکیان بکە ئیتر نانت دەکەوێتە ڕۆنەوە، وتم: فەرموو، وتی: یەکەم دەس بکە بەدوعا نووسین و کتێب گرتنەوە ئێمە پەیمانت لەگەڵا دەکەین دوعا بۆ هەرچی شتێ بنووسی گیرابێ و کتێب بۆ هەرچی شتێ بگریتەوە ڕاست دەرچێ، تۆش بۆ خۆت سەرقەڵەمانەیەکی باشیان

لێ بسێنە، بەوە پارەی باشت چنگ دەکەوێ، وتم: گەورەم ئەوە هیچ بەمن ناکرێت دەسی پڕوپیرێژن ببڕم بۆ ئەوەی شتێکم چنک بکەوێ و دڵم نایێنێت دوعا بنووسمەوە پولێک سەرقەڵەمانە بسێنم و تاقەتی ئەوەشم نییە لە شانەمەڕ و ئێسقانی گا و پێستی پشیلە شت بنووسم، بێجگە لەوانە سەریشم ببڕن کتێب ناگرمەوە بۆ ئەوەی پارەم لێی دەس بکەوێ، فەرمووی دووەم: ئێمە دوعایەک بەسەرتا دەخوێنین کە لەبەر دڵ و چاوی هەموو کەسێک خۆشەویست بی، تۆش بچۆ هاتوچۆی هەموو کەس بکە و ڕوو بکەرە ماڵە حاجی و دیوەخانی ئاغا و بەگ، بەڵام لە ناوەندی قسەدا ئەوەندە دەمت هەڵبێنەوە، بڵێ جەنابی حاجی برنجی ئەمساڵمان لەسەرتۆ، یاخو جەنابی ئاغا گەنمی ساڵێمان بۆ دابنێ، یا جەنابی بەگ لە ورداتی ئەمساڵا چاوێکتان لێمان بێت، ئەوسا دەبی بەلۆرت، وتم: قوربان ئەو شت خواستن و خوازەلۆکییە بۆ من دەس نادا، ئەگەر هەزارەها لیرەشم لێ چنگ بکەوێ و لە ڕووم هەڵنایەتەوە ئەو ئیشە بگرمە ئەستۆی خۆم، وتی: سێیەم – ئێمە دەتوانین هەموو شەوی دووشەمموانی لە پەردەی غەیبەوە کائنات نیشان بدەین و چاوت بەهەست و نەستی هەموو کەسێک بکەوێ، تۆش ئەوانەی کە دیوتە لە کردەوە و قسەی دراوسێ و ناسیاو و هاوڕێ لەو شەوەدا بەیانی بچۆ بڵێ شتێکم بیستووە تا ئەوەندە پارەم نەدەنێ پێتان ناڵێم، کە شتێکت لێ سەندن ئەوسا بەناوی خەوەوە یاخود بەناوی بیستنەوە بۆیان بگێڕەوە ئەوسا پارەت زۆر دەبێ و ماڵێک پێکەوە دەنێیت وەکو گەلێ کەس کە دەیانناسی. وتم: گەورەم ئەم پەردەی غەیبە باسی دەفەرمووی چییە؟ جاری نشانم بدە ئەوسا وەڵامتان دەدەمەوە. فەرمووی هەستە، هەستام پەلی گرتم و هەموو شوێنمان کەوتن و ڕوومان کردە خێوەتەکە کە چووینە ژوورێ، تەماشا دەکەم پەردەیەکی سپی بەرامبەری ڕۆژئاوا هەڵواسراوە لە پانی و درێژی چوار گەز ئەبێ لەسەرەوە تا خوار دیاربوو بەهەموو زمانێک نووسرابوو (ئەمە پەردەی غەیبە) فەرمووی چاوت لەم پەردەیەیە؟ وتم: بەڵێ، ئینجا بەناوی خواوە پەردەکەی لادا (خوایە گەورەیی بۆ تۆ دەشێ) کە تەماشا دەکەم چاوم لە هەموو ئاسیا، ئەوروپا، ئەمریکا، ئوستralیا و زەریاکان هەمووی هەیە جگە لەوەش کە چاوم لێ بوو گوێشم سووک بووبوو، لە کۆڵانەکانی لەندەنا دووکەس قسەیان دەکرد گوێم لێ بوو، دڵیشم هۆشێکی وای پەی

کردبوو، هەرچەندە لە قسەکانیان باش تێ نەدەگەیشم بەدڵ لە نیازەکانیان ئەگەیشم و دەمزانی قسە لە چی دەکەن، چاوم لێ بوو لە ئەمریکا فابریقەکان چی دروست دەکەن، چاوم لێ بوو، لە دەریاکاندا کەشتییەکان چییان پێیە و ڕووەو کوێ دەچن، چاوم لێ بوو لە چ ماڵێکدا کۆڕ بەستراوە، چاوم لێ بوو لە چ وڵاتێکدا ئەستێرەی بەختیاری دەدرەوشێتەوە، وە لە چ وڵاتێکدا پەپووی نەگبەتی دەخوێنێ، کە تەماشای گۆڕستانەکانیشم کرد بەهەشتی و دۆزەخیم لێک جوێ دەکردەوە، ئیتر لەناو کۆشک و قوخ و خانوودا هەرچی دانیشتن و نووستن چاوم لێ بوو و کە گوێم لێ دەگرتن دەمزانی باسی چی دەکەن، وڕێنەی چی دێت بەدەمیاندا، بەتایبەتی سەیری زۆر جێم کردووە لە زۆر ماڵ وردبوومەوە، بەڵام ئەوەی زۆر لام سەیر بوو ئەمانە بوون.

١- لە چینا، کوڕێکی هەرزەکار کچێکیان بۆ کردبووە پەردەوە، کوڕەکە هەرچەندە لە دەرگای دا بووکێ لێی نەکردەوە، کوڕەکە هاتە زوبان وتی: چوار ئەنگوستیلەی سەر بەگەوهەرت بۆ دەکەم، هەر لێی نەکردەوە دووەم جار وتی: دوو کۆشک و ئوتێلت پێشکەش دەکەم، هەر لێی نەکردەوە، سێیەم جار وتی: شەش کارەکەر و حەوت نۆکەرت بۆ ڕادەگرم لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا هەر لێم بکەرەوە کەچی هەر لێی نەکردەوە، ئینجا کوڕە وتی: تکا دەکەم پێم بڵێ بۆچی لێم ناکەیتەوە؟ چیت دەوێ بۆت پەیدا بکەم، چ فەرمایشتت هەیە سەرم لەڕێدایە، ئینجا کچەکە بەگریانەوە بەدەنگی بەرز وتی: لەم شەوەدا کە ژاپۆنییەکان خۆیان دەکوتن بۆ خاکی نیشتمانەکەت، لەم شەوەدا کە دوشمنی وڵاتەکەت پێ بەجەرگت دەنێن، لەم شەوەدا کە خاکی پیرۆزی چین لەژێر تانک و تۆپ و بۆمبای ژاپۆنییەکاندا دەناڵێنی، لەم شەوەدا کە دوشمن خەریکە جەرگمان ببڕێت، تۆ ئارەزووی یاری کردنت هەستاوە، تۆ ئەگەر لەو گەنجانە بی لەم شەوی تەنگوچەلەمەیەدا نیشتمانەکەت لەبیر چووبێتەوە تۆ بەکەڵکی من نایەیت. وا من لێرە دانیشتووم و ڕاناکەم برۆ بۆ ڕیزی (دیوان) برۆ بۆ خوێن ڕشتنی دوژمن، برۆ فریای وڵاتەکەت بکەوە و لە دەسی بێگانە دەری بێنە، ئەوسا وەرەوە لای من، ئیتر کوڕەکە دایە هاڕەی گریان و ڕای کرد، ئاگام لێ بوو هەر بەو شەوە سواری ئۆتۆمۆبیل بوو چوو بۆ مەیدانی جەنگ.

٢- لە ئێران چاوم لێ بوو دوو کەس لە ژوورێکدا دانیشتبوون، یەکەم وتی: خوایە دنیا بکەی بەبۆڵشەویک. دووەم وتی: بۆچی. یەکەم وتی: چونکە لە بۆڵشەویکدا گەورە و بچووک نییە، هەموو وەکو یەک دەخۆن دەپۆشن، ژنان سەربەستن، هەژار و بێ دەسەڵات نییە ئیتر بەڕاستی دینێکی بێ وێنەیە، دووەم وتی: ئەی خوا عەقڵ بەئەولادت بدا، ئەی ئاینەکەی خۆمان خراپیی چییە، چونکە ئەوەی تۆ دەتەوێ لە ڕێی چاکە و دەسگرتن و برایەتی و دۆستایەتی و...، و... خوا هەمووی لە ئاینی ئیسلامدا دایناون. بەڵام ئەوەتا خەڵکی وڵاتەکە گوێی نادەنێ و بەجێی ناهێنن، وایان لێ هاتووە ئەگەر پێیان بڵێن بۆ پەیڕەوی ئاینەکەتان ناکەن، دەڵێن ئەم دینە هەر باسی سەرفترە و زەکات و حەج و نوێژە، قورئان چییە؟ خۆ ئەگەر پێیان بڵێن باشە وا باوەڕتان بەقورئان و فەرموودەی ڕەوانەکراوی خوا نییە دەڵێن ئێمە تێگەیشتوو و پێگەیشتووین بەقانوونی ئینسانییەت و جوانی بەشەریەت بۆ یارمەتیی هەژار و بێ دەسەڵات نادەن و ڕووگرژ دەکەن و پولێکیان لە دەس نابێتەوە، دەڵێن ئێمە ئەهلی ئیحسان نین، ئێمە زەکاتمان لەسەر واجب نییە و هەر خەریکی پارە پێکەوە نانن، مەسئەلەی ئەمانە وەکو وشترمرغ وایە کە پێیان وت بارهەڵبگرە وتی: من پەلەوەرم، کە پێیان وت بفڕە وتی: من وشترم، بەڵێ دەزانم لە وڵاتەکەماندا تاق و تۆق پیاوی جوانمەرد هەیە، بەڵام بەگوڵێک بەهار نایەت ئەوە حاڵی وڵاتەکەمانە ئەی برا، ئیتر بۆچ هاواری نەزاندراو دەکەی (یاخود حەز بە ئاغایەکی نوێ دەکەی) و چۆن تۆ دڵت ڕێ دەدا کە من و تۆ فەرقمان نەبێ لەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەندی تێگەیشتووی خانەدانا، بەڕاستی ئەی برادەر ئەم ئاواتی بۆ نەزاندراویەت زۆرتر ئاواتی پیاوی لات و برسییە و من وای لێ دەزانم، ئیتر تۆ هەر ئاخ هەڵکێشە.

٣- لە گۆڕستانێکدا چاوم لێ بوو گەنجێک لە گۆڕێکدا ڕاکشابوو، شەش فریشتە بەخوار و ژووریا دەهاتن و خزمەتیان دەکرد کە وردبوومەوە سەیر دەکەم کفنەکەی خوێناوییە، تێ گەیشتم کە ئەمە بێ تاوان کوژراوە و شەهیدە لە ناکاو دەیانبرد بۆ ئاسمان و لە غەیبەوە بانگیان دەکرد ئەی فلان کوڕی فلان چیت دەوێ لە ئێمە لە باتی ئەوەی بێ تاوان کوژراوی تا پێشکەشت بکەین، کەچی

ڕووی دەکردە بارەگای یەزدان و دەیوت: ئەی یەزدانی پاک، بەگەورەیی و تاک و تەنیاییی تۆ سوێند دەخۆم وەکو هاوڕێکانم نیم کە بەباخچەی جوان و حۆریی ئاڵووالآ و کۆشک و ڕووباری بەهەشت دڵخۆش بم، بەحەقی ئەم کفنە خوێناوییەم کە لە بارەگای تۆدا زۆر پیرۆزە، دەبێ لەم گۆڕەوە چاوم لێ بێ کە (وڵاتەکەم بەختیار و سەربەخۆ بووبێ) ئەوسا داوای شتی ترت لێ ئەکەم، دەیانهێنایەوە ناو گۆڕەکە، لەپاش نەختێ بانگیان دەکردەوە هەروەکو جاران وەڵامی دەدایەوە هەتا چوار جار سەیرم کرد ئینجا کەوتمە تەماشای جێی تر، ئیتر لە پەردەی غەیبدا بێجگە لەوانەش لە سلێمانی و هەولێر و سنە و سابڵاخ و وان گەلێ شتم دی و هەمووی یەک یەک لەبیرمە و دەزانم چین؟ بەڵام لەو دەمەدا گەورەیی پیاوچاکەکان پەردەی خستەوە جێی خۆی و ئەو دیمەنانەم لەبەرچاو گوم بوو و ڕووی تێ کردم، وتی: ها ئینجا دەڵێی چی، وتم: قوربان زۆر جوانە و هەمووی ڕاستە و وەکو تۆ دەفەرمووی بۆ ژیان پارە پەیاکەرێکی بێ وێنەیە، بەڵام من لام شوورەییە ئەو شتانەی کە چاوم پێ کەوت لە نهێنی ئەم و ئەو لەم پەردە پیرۆزەدا بچم ئاشکرای بکەم. دووەم بەناوی خەوەوە بیگێڕمەوە ئەمە خەو نییە و ئاشکرایە لام وایە دەبێتە درۆ، سێیەم بەڵکو من وتم: فڵان خەوم دیوە و فڵان شتم بیستووە، یاخو وا بوو وا کراوە، ئەوان لە شەرمی خۆیان پێیان لێ نا ئەوسا من تەریق دەبمەوە، سەرەڕای ئەوانەش کە وتم، خەڵق پێم دەڵێن بووە بەجووکی و جنۆکەی هەیە و ئەمەش ناوێکی سووکە، ئیتر دەستی گرتم و هاتینەوە دانیشتین و وتی ئێستا بڵێم چی خۆت شتێک بڵێ وتم: گەورەم بنووسن (مامناوەندی) زۆریان پێ خۆش بوو، دەسبەجێ نووسییان و هەموو مۆریان کرد و پێشکەشی فریشتەی ڕۆژیان کرد ئیتر هەردوو فریشتەکە بەیەکەوە چوونەوە بۆ ئاسمان، لەو وەختەدا یەکێک لە پیاوچاکەکان وتی: (ئەها کەڵەشێری عەرش قوقاندی) پیاوچاکێک هەستا و ڕووی تێ کردم وتی: ئەگەر ئەمانەی ئەمشەو دیوتە لای ئەم و ئەو ڕاستی بڵێیت و بیگێڕیتەوە جارێکی تر بانگت ناکەین بۆ لای خۆمان، بەڵام ئەگەر ناومان نەبەیت و باسمان نەکەیت زۆر جاری تر بانگت دەکەین، ئەوانی تریش هەستانە سەرپێ و گەلێک لە خوا پاڕانەوە، لەو وەختەدا فریشتەکان

خێوەتیان پێچایەوە و کورسی و مێز و چرایان کۆکردەوە و بردیان، مام ورچ بەردی فڕێ دا و ڕۆی، یاساوڵی تازە هات بۆ ئاگاداری ئەهرەمەن، پیاوچاکەکان ڕۆیشتن منیش لەگەڵ هاوڕێکەمدا لە گفتوگۆی هاتنەوەدا بووین، کەچی لە ناکاو گوێم لە شەقەیەکی قایم بوو، ڕاچڵەکیم و وریا بوومەوە کە دەڕوانم تەوژمی با پەنجەرەی ژوورەکەمی خستووەتە سەرپشت و من هەر لە شوێنی خۆمم، گورج چووم پەنجەرەکەم داخستەوە، ئینجا تێ گەیشتم کە ئەمە دەریای خەیاڵات بوو تێی کەوتبووم، سەفەرەکەشم خەیاڵی بوو، ئەگینا من لە کوێ و چاوپێکەوتنی حەزرەتی خدر و پیاوچاک و چوونە لووتکەی ئەڤەرست لە کوێ؟.

لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)وە وەرگیراوە لە ژمارەکانی ١ تا ٧ ساڵی سێیەم ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا بڵاوکراوەتەوە.

---

(١) هایل هایل: بەئەڵمانی یەعنی بژی.

بۆ ئیدارەخانەی ژیان تەقدیم

لە مەسایلی ئەخلاق و ئیجتیماعیاتدا، لە پاش ئایەت و حەدیس، دەتوانم بڵێم، ئەقوالی حوکەما و ئودەبا، لازمە بکرێ بەدەستوورلعەمەل، هەموو کەس ئیتاعەی بکا، ئێمە ئەقوامی شەرق هەروەکو دەستی چەپمان گۆج کردووە هەموو ئیشێکمان بەدەستی ڕاستە، لە جیسمی بەشەردا، عوزوێکی لەتیفی ژنمان لە ئەکسەری حقووق، مەحرووممان کردوون، با وجوود خەتابی ئیلاهی و ئەوامر و حەدیس ڕووناکاتە پیاوان بۆ عیلم و عەمەل سەعی و تاعەت و سائرە، هەردوولا موکەلەفن، کەچی لە مەیدانی موبارەزەدا، تەنیا پیاو وجوودی بووەتە نیشانەی تیری بەڵا و موحیبەت. ئەم مەوزووعە، ئەگەرچی بەچەند جەلد تەواو نابێ، ئەمما لە تەریق فەیلەسووفی عێراق زەهاوییەوە، بەشیعرێکی عەرەبی خزمەتی ژنیشی بۆ وەتەن چەند لازمە، وەهای بەیان فەرمووە. وەکو نەخشی

بەرد لە هەموو دڵێکدا جێگیرە. ئەو شیعرە جوانە ئەمتوانی بەعەرەبی تەخمیسی بکەم. ناچار بە کوردی تەخمیسم کرد، هەتا ئەو قەولە حەکیمانەیە بخەمە بەرچاوی تێگەیشتووانی وڵات و بکرێ بە دەستوور و لعەمەل.

بۆ وەتەن غیرەتی ژاندار کە لە دنیا مەشهوور
ڕێگەیی هەق ئەگرێ رابیعە یا مەنسوور
خزمەتی جەننەت ئەکەن هەردوو چ غلمان یاحور
یرفع الشعب فریقان اناث و ذکور
وهل الطائر الا بجناحیه لطیر

فایق زێوەر

ژیان ژمارە ٦٧ ساڵی ٢

٢٤ی مایسی ١٩٢٧

باخۆمان دەردی خۆمان دەرمان بکەین

فائق زێوەر

مەعلوومە هەر دەردێ بێ، ئینسان خۆی لە پێش حەکیمدا، ئازارەکەی فەرق دەکا، بەڵکە ئەکسەری حەکیم ئیستیفادە لە جەوابی نەخۆش دەکا. کوێت دێشی، کوێت نایەشێ، تەبیعەتت چی دەبا، چی نابا، لەم سوئال و جوابانە تەشخیس و تەداوی عیللەت دەکا، ئێمە ئەم قەومی کوردە، ئەم هەموو بەڵا و موسیبەت و فەلاکەتەمان بەسەردا هاتووە، هەمووی دەزانین ئەسەری جەهالەت و تەرکی دیانەتە، کەچی بۆ موعالەجەی تێ ناکۆشین، بەعمووم سەعی ناکەین، ئەم مارە کە لە ملمان ئاڵاوە بە تەدبیرێ دەفعی دەکەین.

زۆر لە منەوەران و ئەدیبان بە غەزەتە و بەخیتابەت هاوار دەکەن کە تورەقی ئێمە بەستراوە بە موعاریفەوە، مەعاریف واسیتەی ژیانی میللەتە، زۆر کەس لە مەعنای مەعاریف واتێ دەگەن، کە هەر مەکتەبی منالانە، لەبەو ئەوە، لازمم زانی، نەختێک مەعنای مەعاریف، ئاشکرای بکەم. ئیمڕۆ مەملەکەتانی مەدەنی بەمەعاریف تەرەقییان کردووە، تەنیا مەکتەبی منالان نییە، بەڵکو تەحسیلیان بەچواردەور تەقسیم کردوو، مەکتەبی ئەوەڵی، مەکتەبی ئیبتیدایی، مەکتەبی سانەوی، مەکتەبی عالی، جگە لەمانە، مەکتەبی دارولفنوون کە هەموو مەکتەبە عالییەکان لە شوعەباتی دارولفنوون هەیانە. ئێمە لە هەموو کوردستاندا ئوسوولی خوێندنمان، قوتابخانەکان لە جێی ئیبتیداییـن و مزگەوتەکان دارولفنوونن. تەڵەبەی علووم لەم دارولفنوونەدا بیست ساڵ تەحسیل دەکا. خەت و ئیملای کاغەزنووسینی نییە. کاغەزێکی عەرەبی نازانێ بنووسێ کە هەر عەرەبیشی خوێندووە. مەتلووبێکی ببێ، بەزمانەکەی خۆی عاری لێ دێ بینووسێ، دەست دەکا بە لەقلەقیاتی فارسی و دەگەڕێ بۆ شیعری سەعدی یا حافیز، کاغەزەکەی پێ جوان بکا.

لەمیشیان سەرفی نەزەر، ئەو بیست ساڵەی کە عومری سەرف کردووە، هەموو

عیلمەکانی کە (صرف)، و (نحو)، (منطق)، (بیان) و کەلامە، ئالەتی علوومی دینن، کەچی مەسایلی دینییەکەش مەهارەت مەلەکەی تێدا پەیدا نەکردووە. خسووسەن، مەلاکانی دوور لە شار بەئەحادیسی مەوزووعە و بەفتوای عەقڵی، ئەساسی ئیسلامی کردووە، ئەمما قوتابخانەکان، مامۆستاکان بۆ نەفعی خۆیان بەسێ ساڵ قورئانی مەجید بەمنداڵێک تەواو دەکەن. ئەو منداڵە سمێڵی بۆردەبێ، لە سەنعەتی تر مەحرووم دەمێنێ، ئەوەندە فێر دەبێ کاغەزێکی نوقسانی فارسی بنووسێ. توخوا ئەمە مەعاریفە، ئەمە عیلمە، ئەمە فەننە، لە دەرسە فارسییەکان، کوللیاتی سەعدی و گوڵستان و بووستان و هەموو دیوانی حافیز و ئەمساڵیان سەراپا مەنافیی عیلم و ئەخلاق و بەڵایە بۆ تەربیەی ئەتفال، خەرافات... درۆی... وسائر لە مناڵییەوە قەرارگیری دڵیان دەبێ. بەناء عەلەیهە، من... عیلاجی ئەم نەوعە خوێندنانە دەکەم کە تەبدیل بکرێت و ئاسانیشە، جەمعیەتێکی خەیریە، تەشەکول بکا، جارێ لە سلێمانیدا مەکتەبێکی ئیبتیدایی بۆ منداڵان و مەدرەسەیەکی عیلمی بۆ تەلەبەی علووم بکەنەوە. بۆ مەعاریف ئەم (مەدرەسە عیلمیە) تەکلیف لە حکوومەت نەکرێ، مەگەر بەواسیتەی حکوومەتەوە جەلبی ئالات و ئەدەوات کە بۆ تەتبیقات لازم بێ و یا کتاب و سائرە بکەن، مەعاریف لە کیسەی جەمعیەتی ئەهالی دەرچێ. لەم جێگەیەدا سوئالێ واریدە، دەبێ کە گوایا ئەهالی دەتوانێ مەساریفی ئەم دەرسە عیلمیە بکێشێ؟ جواب. سلێمانی دائیما نزیک ١٥٠ تەڵەبەی عیلمی تێدایە، عەجەبا ئیدارەی ئەمانە لە تەرەف ئەهالییەوە، تەئمین نەکراوە، راتو، (دەقنە) پارەی ماست، پارەی شەکر و چایی، هەرکەسێ بە تەڵەبەی مزگەوتی خۆی چیی داوە، هەر ئەوەندە بدا، غایەتی مانگ یا ساڵ تەسلیمی سندووقی (جەمعییەتی خێریە)ی بکا. ئیحسان و زەکات و سەرفیترە، هەمووی یا قسمێکی بە جەمعییەت بدرێ، ئەو مەدرەسەیەش سنف و پروغرامیان هەیئەتی عولەما و بەعزێ لە موفەکرانی مەملەکەت تەرتیبی بکەن، مەوافیقی ئوسووڵی تازە تەحسیل بکەن، ئەوسا میللەت و مەملەکەت لەو عالمانەی لە مەدرەسەی عیلمیەدا بوون ئیسفادە دەکا، ئەساسی ئیسلامییەت و قەومییەت مەحکەم دەبێ، من ئەوەندەی لێ دەزانم، ئەمما ئەگەر قسەی لێ بکرێ، ئەو... موتالایە فیکر و ڕێگای چاکتر دەدۆزنەوە، حکوومەتێکی وەکو ژاپۆن لە تەرەف

حکوومەتەوە ٣ مەکتەبی ئیبتیدایی هەیە. هەزار و سەد مێقدارێکلە تەرەف ئەهالی و ١٥٠ زیاتر لە تەرەف ئەهالییەوە، مەکتەبی ئیبتیدایییان هەیە، قیاسی لە ئیبتیدایی سائر (مکا بدانە) وایە، مەقسەد ئەوەیە ترقیاتی مەعاریفی ژاپۆن بە واسیتەی غیرەتی میللەتەوە کە وابێ، بام خۆمان دەردی خۆمان دەرمان بکەین.

ژیانەوە
ژمارە ٢٣ ساڵی ١
٣ نیسانی ١٩٢٥

له پاشی ئینقلاب ئینتیخاب

بەڵێ منداڵ کە «صرف» دەخوێنن، لە پاش بابی «انفعال»، «انقطع»، «ینطع» دەست دەکەن بەباڵی «افتعال»، «اجتمع»، "یجتمع" خوا ئەم ئیجتیماعەلەم ئینتیخابە موبارەک بکات. ئەمما ئەم سوئالە واریدی خاتیری دەبێ، عەجابا ئینتیخابی مەبعووس باشیی دەبێ یاخۆ نابێ و ئەهالی تەماشای قیافەت، سەروەت و شوهرەت دەکەن یا نایکەن، کەوابێ ئەم چند کەلیماتە لازمە نەخشی گۆشی هەموومان بێ، مەسەلەتی کوردییە (بەئیشە نە ڕیشە) مەبعووس کە موقەدەراتی میللەتێ حەواڵەتی دین و ویجدانی ئەوە، دەبێ ئێمە بیدۆزینەوە. ئەگەر وەکو محەمەدی مەهدی خۆی شاردبێتەوە، بگەڕین پەیدای بکەین، دەست بدەینە پەلی، بیهێنینە دەرێ، مەعبووس دەبێ جامیع ئەم سیفەتانەی بێ، لەگەڵ عێزەت ئیستیقامەت، دیانەت، مەتانەت و وەتەن پەروەر و میللەت دۆست بێ، مەنافیعی عموومی، با جوزئی بێ، تەرجیحی بدا بەسەر مەنافعی شەخسیدا با کوللی بێ و لە ئەحواڵی تەئریجی و ئیجتماعی و سیاسی و جوغرافیی کوردستان موعارەفەی هەبێ، ئەقەلەن تەحسیلی مەکتەبی سانەویی دیبێ، مورەخەسی تورک لە مەجلیسی جەنەوادا وتی ئینتیهای عەرزی ٣٤، عاید بە مووسڵە، لە مەعنای قسەیەکی وا تێ بگا و ئەحواڵی ئیقتیسادی و مەعاریفی عێراق لە پێشدا چوون بووە، بیزانێ بەڵکو لە مەسەلەی فیکر و ڕای مەبعووسان، تەمەدونی قەدیم سەروەتی ئەلجزیرە، عیلم و مەعاریفی عەباسییان لە عێراقدا، ئەحیا بکرێتەوە، خولاسە مەسەلەێ نازکە، فیکری نازکی لازمە، ئەگەر ئەهلی ئینتیخاب نەکەین، مەسئوولیەتی مەملەکەت عائید بەخۆمانە. وە نییە هەرچی منەوەر بێ بڵێم، باشە و هەرچی لە مەجلیسا ناتیقە پەروازی دەکا، ئەهلە، (لكل مقام مقال)

یەکێ لە منەوەران ژنەکەی ژان دەیگرێ و بەکەماڵی حیجابەوە دەڵێ ئەفەندی، لازمە مامانێ بێنی، موحتاجم بەیەکێ لە لام بێ، منەوەر دەڵێ، حەیواناتی وەحشی و ئەهلی بێ مامان زک و زا دەکەن، ژن بۆچی داوای مامان دەکا، بەعەقڵی خۆی کەسی بۆ بانگ ناکا، زەعیفە بە وەزعی حەملەوە، وەفات دەکا، کەوابێ، هەرچی

ڕیشی سوور بێ، مام هەمزە نییە. منەوەران پیاوی واشیان هەیە (ماكل سوداء ثمرة نەهرکە سەرتراشد قلندری داند.

مەملەکەتمان وێرانە، بێ شەوقە، بێ تیجارەتە، بێ زەراعەتە، بێ مەعاریفە، بۆ دەرمانی ئەم دەردە بام بەهەمووممان حەکیمێکی حازق بنێرین، بۆ مەعبووس، فاعتبروا یا اولی الابصار.

ژیانەوە، ژمارە، ٢٥ ساڵی ١
٣٠ی نیسانی ١٩٢٥

عەجاییباتی حەقایقی موفەسەلە

* عەجاییبم لەو بەقاڵانە نایەت کە بەلەدیە نرخی رزقێکمان بۆ مەعلووم دەکا، ئەوانیش دەیشارنەوە، عەجاییبم لەوانە دێت بەخیلافی نرخی بەلەدیە، بەدزییەوە لە بەقاڵەکەی دەکڕن.

* عەجاییبم لەوانە نایەت کە عەرەق دەخۆنەوە، عەجاییبم لەوانە دێت کە ڕەفیقی دەکەن و جوێن و بۆنی قەبووڵ دەکەن.

* عەجاییبم لەوانە نایەت لە چایخانەدا کاغەز یاری دەکەن، لەسەر چایی، عەجاییبم لەوانە دێت کە دەورەیان دەگرن و چایەکانیان دەخۆنەوە.

* عەجاییبم لە موحتەکر نایەت، بۆ قازانج زەخیرەی ئەنبار کردووە، عەجاییبم لەوانە دێت کە نانی ساڵیان داناوە نایەڵن کولێرە و ئارد بەر فەقیر و غەریبە بکەوێ.

* عەجاییبم لەوانە نایەت کە مەسلەکێکیان گرتووە بەری نادەن، عەجاییبم لەوانە دێت هەر ڕۆژە مەسلەکێ دەگرن.

* عەجاییبم لە کتێبی عەرەبی نایەت، لوغەی گرانی تیابێ، عەجاییبم لە عیبارەتێکی کوردی دێت کە کەلیمەی وای تێدابێ بەقاموس نەزانرێ.

* عەجاییبم لە موعەللیمانە نایەت کە لە بەردەم مناڵاندا هەتا ئێوارە ڕاوەستن و تەقریر بکەن، عەجاییبم لەو شاگردانە دێت کە گوێی لێ ناگرن و وەقت خەسار دەکەن.

* عەجاییبم لەوانە نایەت کە پارەیان هەیە و خەرجی دەکەن، عەجاییبم لەوانە دێت کە پارەیان نییە و بێ لزووم قەرزدەکەن.

* عەجاییبم لەوانە نایەت شتێ مودە (باو) بێ، بیکات، عەجاییبم لەوانە دێت شتێ باوی نەماوە، دەیکات.

* عەجاییبم بە نەخۆشێک نایەت کە مراجیعەت بە حەکیم ناکا، عەجاییبم لە حەکیمێ

دێ هەتا خەرجی ڕێ وەرنەگرێ، بەهاواری نەخۆشەکان ناکات.

* عەجاییبم لە ساحێب نایەت کە قازانجێکی بێ ئەزییەتی هەیە، عەجاییبم لە مشتەرییەکانی دێت کە وەقت و پارەکەشیان لێ خەسار دەکەن.

* عەجاییبم لە ئەربابی مراجیعەت نایەت تەعجیزی مەئموووران دەکەن، عەجاییبم لەوانە دێت کە بێ ئیشن و مەئموووران مەشغوول دەکەن.

لە شاگردانی سانەوی فایق زێوەر

ژیان ژمارە ٤٤ ساڵی ١

٣ کانوونی یەکەم ١٩٢٦

پێڕست

چەند وتەیەک 7
لە عەشقی حوسنی 11
دڵـم 12
بێ شەوقە قەمەر 13
مــوتریب 14
بۆ لاوانی کـورد 15
مـەڕ 16
گفتوگۆ لەگەڵ شاخی سوورکێو 17
جوابی سوورکێو 18
چەند شیرینە لام 19
گۆرانی برایینە لە خەو هەستن 20
گۆرانی پیرەمەگروون 21
گۆرانی تانجەڕۆ 22
گۆرانی گـۆیژە 23
تەخمیسی غەزەلێکی حافظ 24
لە حەسرەتی قەدەمی بەهار 26
مەتەڵ 27
هەڵهێنانی مەتەڵ 28
ئەم کوردە 29
کوردینە 30
وەتەن 31
موعەللیم 32
کاغەزێک بۆ باوکم لە بەغداوە 33
فـایق زێوەر 34
گفتوگۆ لەگەڵ سیروان 35
سیروان 36
بەیادی ئەسیرییەوە 37
بۆ ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولی ١٩٣٠ 38
خەوبینینی کوردەواری 39
باسی دونیا 41

ڕێگەی ژیانم 43
باوەڕ مەکە 44
تەرجیع بەند 47
تەرکیب بەند 51
بۆ جل خوارەکان 55
ئەحواڵی شەربەکەم 57
وەڵامی شەربەکە 59
لەسەر سەگرمە 60
هاوار 62
لە قەڵای شیروانە (کفری) 64
نامەیەک بۆ هاوڕێیەک 65
فەیەزانێکی ئاوی زێ 67
شارەکەم 69
هەوای قەندیل 71
پەیامێک بۆ یار 72
کە سەیری کورد ئەکەم 73
بۆ مناڵان 74
تەماشایەکی زەمانە و ئەهلی زەمانە 75
چوارینە 77
پیاوەکانمان لە ساڵی ١٩٤٢دا 78
ساقی نامە 81
چۆلەکە 83
تۆپەکەم 84
تەتەببوعات 85
دەنگێکی غەیب 86
پەپوولە و گوڵ 88
بەیداخ 89
دوو مەیموونی چێشت لێنەر 90
ئەی وڵاتم 91
من و بولبول 93
بۆ لاوەکانی سەر ئێستگەی ڕادیۆی کوردستان لە یافا 94

سەیران 96
مەناڵە ئەی دڵ 98
بایەکی بەیانی 99
پەیامێک بۆ یار 101
چوارینە 102
دولبەرێکی خۆ ولاتی 103
ژیانێکی بێ غەم 104
خەو ڕەوێنێکە 106
پێشکەشی نیشتمان 108
ئەی پەپوولە 110
خواوەندی جوانی 112
شیوەنی دڵ 113
سکاڵای دڵ بۆ ئەستێرەیەکی هاورێم 115
ئاواتی شەوێک 118
لە کوێی ئەی شادمانی 120
وابزانم خەوبوو 122
جەژنی قوربان 125
لەبەر ئاوێنە 126
من و شوانێک 129
بۆ گوڵەکەم 131
گۆرانی سەرچنار 133
لەناو دۆڵی مێرگەپان 135
شێرە 139
بۆ بەهاری ٩٤٦ 141
یادی بیست ساڵەی ڕۆژنامەی (ژین) 143
لەسەر لووتکەی پیرەمەگروون 145
بەهەشتێکی گوم بوو 148
دەربارەی ئەم هەڵبەستە چەند وشەیەک 151
شەوگاری دڵداری 153
پایزی زستانی 154
مامۆستای دڵسۆز 156

وتاری کوردێک 158
بەستەی جووتیار 160
میللەتێک 161
نەورۆزی ١٩٤٨ 163
بۆ بارزانییەکان 164
گریمان 166
بۆ قەرائەتی کوردیی منداڵان 168
گوڵی سەربەستی 170
بەشوێن سامان 172
ئەی فیداکارانی میللەت 174
فڕۆکە 176
مام هۆمەری چەرچی 177
شەرەف 179
شەوێک لەسەر لوتکەی ئەڤەرست 185
بۆ ئیدارەخانەی ژیان تەقدیم 197
باخۆمان دەردی خۆمان دەرمان بکەین 198
لە پاشی ئینقلاب ئینتیخاب 201
عەجایباتی حەقایقی موفەسەلە 203